ده‌زگای رۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی
سه‌رنووسه‌ر
اسماعیل رسول

سه‌قامی الجمهوریه
مه‌یدانی الخلانی
ت ٥/٨٨٧٥٧٩٥ خه‌ت
ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری

رۆژنامه‌یه‌کی هه‌فته‌نامه‌یه
٨ لاپه‌ڕه
٢٥ فلسه

پەیامەکانی ئاسمان ، وله پێش هەموویانـــەوه دینی مسڵمانەتی خاوێن ، ڕەفزی به کارهێنانێکـــی چەوتی سامانو دەسەڵات دەکەن » .

سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

● دووشەممه ٢٨ی کانونی دووەم ١٩٨٠ ژماره ٥١٠ ●

التضامـــن

● الاثنین ٢٨ کانون الثانـی ١٩٨٠ العدد ٥١٠ ●

بەچاودێری سەرۆکی فەرمانده

دەست پێ کرانی کۆڕی بەغدا بۆ وتوێژی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب و ئەوروپا

بەڕێز سەرۆك لەجیاتی خۆی بەڕێز عزة ابراهیم دەنێرێت بۆ کردنەوەی کۆڕەکە

ئەوڕێبازە سەربەخۆخوازی یەکی عیراق بەسەرکردایەتی حزب گرتوویەتی خواستی نەتەوەی عەرەب دێنێتەدی لەژێانێکی ئازادوسەربەخۆدا

له جیاتی بەڕێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین بەڕێزعزة ابراهیم جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتـــی شۆڕش له وتاری کردنـــەوەی کۆڕەکەدا سڵاوی بەڕێـــز سەرۆکی فەرمانـــــده صدام حسین‌ی گەیانـــدووه بەکۆڕەکە لەگەڵ ئاواتیدا بـــۆ سەرکەوتنی کۆنگرەکـــــەو وەدی‌هێنانی ئامانجەکانـــی‌و بەتین کردنی پەیوەندی نێـــوان ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکـــان‌و ئەوروپایەکاندا . وە ئـــەوەی ڕووپات‌کردۆتەوە کە کۆڕە کە هوێەکی بایەخدارو هەڵێکـــی گەورەیە بۆ ئەوەی پێنووس‌ـ بەدەستانی نەتەوەی عەرەبمان‌و دەوڵەتانی کیشوەری ئەوروپـــا بووارێ نوێ بدۆزنەوە بـــۆ لێکنزیـــك بوونـــەوەو هاوکاری‌یەکی بەردەوام بـــۆ خزمەتی بەرژەوەندیەکـــی هاوبەشی گەلەکانمان کـــه جاوەڕوانی سبەینێ‌یەکی پڕ له بەختیاری‌و دوارۆژێکـــی زۆرتـــر پرشنگـــدارو دەئاسایشن .

بەڕێز عزة ابراهیم وتی .. ئەو ڕێبازە سەربەخۆخوازی‌یە نیشتمانی‌یەی عیراق لەژێـــر سایەی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی‌دا گرتوویەتـــی ئاواتەکانی نەتەوەی عـــەرەبی دەهێنێتەدی له ژیانێکـــی سەربەخۆی دوور لـــه زۆرلێکردنی دەوڵەتـــان‌و هەوڵدان بۆ گرتنەخـــۆی . دەروەك ئەوەی دووپـــات ـکردەوە کە وێنەی هاوکاری عەرەبی‌و ئەوروپا بەگوێـــرەی خواستمان تەواوانێت تەنیـــا مەگەر له سەر بنچینـــەی بەرینی‌و تەواوبوون لەپێناوی ئەوەدا ئەم هاوکاریە هەمـــوو مەیدانەکان بگرێتـــــەوە . بەڕێز جێگری سەرۆکـــی ئەنجومەنی سەرکردایەتـــی شۆڕش ئەوەشـــــی روون‌کردۆتەوە کە یەکێك لەو بنچینانەی گفتوگۆ هاوبەشەکە دەبێت پشتی پێ‌ببەستـــێ ئەوەیە کە هاوکاری‌یەکـــــه دەبێت سیاسی‌و ئابـــووری‌و ڕاگەیاندن بێ ، وە لەهەمـــوو مەیدانێکدا بێ کە توانـــــای ئەوەمان هەبێ سەرکەوتنـــی هاوبەشی تێادا وەچنـــگ ـ بهێنین . چونکە ئەوە پەسەند نی‌یە کە بتوانین له مەیدانـــی هاوکاری ئابووریدا ڕێك‌بکەوین بۆ نموونە . له کاتێکدا بـــاری سەرنجمان له بـــــارەی گبروگرفتە سیاســـێکان‌و ڕووداوەکانی جیهانـــەوە زۆر لەیـــــەك دووربـــن . گفتوگۆو هاوکاری ئـــەوروپـــی دەبێت یەك پارچەی تـــەواوی لەیەك‌چووبێت له جیاکردنـــەوە نەیەت .

سەربەخۆی دوور لـــه زۆرلێکردنی دەوڵەتـــان‌و هەوڵدان بۆ گرتنەخـــۆی . دەروەك ئەوەی دووپـــات ـکردەوە کە وێنەی هاوکاری عەرەبی‌و ئەوروپا بەگوێـــرەی خواستمان تەواوانێت تەنیـــا مەگەر له سەر بنچینـــەی بەرینی‌و تەواوبوون لەپێناوی ئەوەدا ئەم هاوکاریە هەمـــوو مەیدانەکان بگرێتـــــەوە . بەڕێز جێگری سەرۆکـــی ئەنجومەنی سەرکردایەتـــی شۆڕش ئەوەشـــــی روون‌کردۆتەوە کە یەکێك لەو بنچینانەی گفتوگۆ هاوبەشەکە دەبێت پشتی پێ‌ببەستـــێ ئەوەیە کە هاوکاری‌یەکـــــه دەبێت سیاسی‌و ئابـــووری‌و ڕاگەیاندن بێ ، وە لەهەمـــوو مەیدانێکدا بێ کە توانـــــای ئەوەمان هەبێ سەرکەوتنـــی هاوبەشی تێادا وەچنـــگ ـ بهێنین . چونکە ئەوە پەسەند نی‌یە کە بتوانین له مەیدانـــی هاوکاری ئابووریدا ڕێك‌بکەوین بۆ نموونە . له کاتێکدا بـــاری سەرنجمان له بـــــارەی گبروگرفتە سیاســـێکان‌و ڕووداوەکانی جیهانـــەوە زۆر لەیـــــەك دووربـــن . گفتوگۆو هاوکاری ئـــەوروپـــی دەبێت یەك پارچەی تـــەواوی لەیەك‌چووبێت له جیاکردنـــەوە نەیەت .

بەڕێز عزة ابراهیم ئەوەشی دەستنیشان کردووە کـــه بەتەوەی عەرەبمان زۆر دەردی بەدەست نیســـتیعمارەوە چەشتووە هەروەك ئێستاشـــ نیشانەی ئیستیعماری کۆن‌و تازەی پێوە دیارە .. لەدابەش نیشـــتمانەکـــــەی‌و دابەش‌کردنی هەندێ پارچەی دابەش‌کردنی کردنی بە جێگا دەسەڵاتی خۆی‌و تاڵان‌کردنـــی خێروسامانی‌و هەژارکردنـــی‌و هێشتنەوەی بە دواکەوتوویی .

هەروەها وتی .. لەبـــەر ئەوە تێگەیشتن له واقیعـــی ئێستای عەرەب بە تـــەواوی‌و هاندانی خواستە عادیلـــەکانیان بە شێوەیەکی سەرەکـــی یارمەتی ئەوە دەدات کـــه چاکترین هەل بێتەدی بـــۆ هاوکاریی سیاسی‌و ئابـــووری‌و ڕۆشنبیریی . . ئـــــەو هاوکاری‌یەی دەمانەوێـــت هاوشان‌و بەرامبەر بێ کـــه باتێکی لەسەر حیسابـــی ئـــەوی تریان بەســـــەریـــدا نەشکێتەوە .

● **وتاری سەرۆکی یەکێتی‌ی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب ..**

دوای ئەوە بەڕێز ســـــعد قاسم حمودی سەرۆکـــی یەکێتی‌ی گشـــــتی‌ی ڕۆژنامەنووسانی عـــــەرەب وتارێکی خوێنـــــــدەوە لـــــه وتارەکەیـــــــدا ئەوەی نیشاندا کـــــه ئەمینداریتی یەکێتی‌ی بـــه شانازیەوە دەڕوانێتە ئـــــەو ئاوردانەوەیەی بەڕێز سەرۆك صدام حسین له کۆنگرەکـــه کە چاودێری دەکات ئەوەشـــ ئەوە دەگەیەنێت کە سەرۆکـــی فەرمانده بایەخێکی گـــــەورە دەدات بە مەسەلەی گفتوگۆی نێوان ڕۆژنامەنووسانـــــی عەرەب‌و هاوڕێیانیان لـــــه ڕۆژنامەنووسە ئەوروپایەکان ئەویش وەك یەکێك لـــــه سیفەکانی بۆ پتەوکردنـــی پەیوەندی مرۆڤایەتی لەنێـــوان ئەتەوەی عەرەب‌و گەلانـــی ئەوروپادا بە ئامانجی ئـــەوەی بیگەیەنێتە ڕادەیەکی ئیجابـــی له شارستانێتیدا کە بـــــه درێژی مێژووی کۆنمـــــان بنوەی دیاربووە .

● **وتاری سەرۆکی ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسەکانی جیهان .**

بەڕێز کانینۆ جێگـــری سەرۆکی ڕێکخـــــراوی ڕۆژنامەنووسەکانی جیهان له وتاری ڕێکخراوەکەدا هیـــوای خۆی نیشاداوە کە کۆڕەکـــه بە شێوەیەکی کاریگەرانـــــه بتوانی ئەو مەسەلە هاوبەشانە دیاری بکات بۆ گەبشتنـــــه تێگەبشتنێکی تەواو لەنێـــوان گەلی عەرەب‌و گەلانـــــی ئەوروپادا .

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین چاودێری ئاهەنگی له دایك بوونی پێغەمەری مەزن دەکا

لەژێر چاودێری بەڕێـــزسەرۆك صدام حســـــین‌دا وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ڕۆژی سێ شەممـــــەی ئایندە له هۆڵی زانکـــــۆی(المستنصریه) بەبـــــۆنـــەی لەدایك‌بوونی پێغەمـــــــەری‌ئەوەوە ئاهەنگێکی گـــــەورە ساز دەکات .

لەو ئاهەنگەدا وتـــــاری‌سەرۆك صدام حسین بـــــەم بۆنەیەوە پێشکەش دەکرێت ،هەروەك وتارو شـــــیعر دەربارەیی ژیانی مەزنـــــــی‌پێغەمەر (دروودی خـــــوای لەسەربێ) پێشکەش دەکرێت‌ئەوەی شایانی باســـــــه وەزارەتی ئەوقاف بۆ مەبەستی‌سازکردنی ئەم ئاهەنگـــــه لیژنەیەکی تایبەتـــــــــی‌بەسەرۆکایەتی بەڕێز انـــور مولود جێگری وەزارەتەکـــــەپێك‌هێنا بوو بۆ ئامادەکردنـــی پرۆگرامی ئاهەنگەکە لـــــەوباوەڕەوەکە سەرکـــــــر ـ دایەبـــــی حـــــزب‌و شۆرش بایەخێکی گـــــەورە بەم موناسەباتە ئاینیانـــــــەدەدات .

ستایش کردنی پەیوەندی نێوان عیراق‌و یوگسلافیا

گۆڤاری (ریفیو) کـــــەمانگانه له بەلگراد دەردەچێت ستایشی ئەو بەرەسەندنـــــەی‌کردووە که پەیوەندی نێـــوان عیراق‌و یوگسلافیا لـــــــەمەیدانی هەموو جـــــۆرە هاوکاریەکدا بەخۆبـــــــەوەدیووە .

گۆڤارەکە باسی ئـــــەوەی‌کردووە که که لایەنگرتنـــــی تەواوی ئەم دوو دەوڵەتە بـــۆبزرتنەوەی بیلایەنی بە هۆیەکی گەورە دادەنرێت بـــــــۆبەهێزکردنی ئەو بزووتنەوەیـــه له کاتێکدا که ئەم دوو دەوڵەتەله دەوڵەتە ناسراوەکانـــــن‌و بورن‌و هاوکاریان کاریگـــــەرەبۆ ئەو مەسەلەیە .

گۆڤارەکە هـــــەروەهـــــــا‌بایەخەوە ستایشی ئـــــەو هاوکاری‌و یارمەتی‌یـــــــــــە بەردەوامەی کردووە که لـــــه نێوان حزبی بەعســـــــــی‌سۆشیالیستی عەرەبـــــی‌و کۆمەلە شیوعێکانـــــــــی‌یوگسلافیادا هەیە .

ئامانجەکانی جامیعەی عەرەبی لە قۆناغی داهاتوودا

ئەمینداری گشتـــــــی‌جامیعەی عەرەبی «الشاذلـــی القلیبی » ئەوەی ڕاگەیاندووەکە گرنگ‌ترین ئامانجەکانـــی جامیعەی عەرەبی له قۆناغـــی‌داهاتوودا ئەوەیە که کاملیـــەك له نێوان وڵاتە عەرەبەکانـــدا‌پێك‌بهێنی له هەمـــــــوو مەیدانەکانی سیاســـــــەت‌وئابووری‌و سەربازیدا ئەویش بۆ ڕێك‌خستنی توانـــاو وزەی‌عەرەب له بەرەنگار بوونەوەی دوو مـــــــەترســـــــی ،مەترسی ڕێکەوتنە خیانـــــەت کردنیکەی کامب دیفدو مەترسی‌زایۆنی که دەیەوێت عـــــەرەب بکاتە ژێر دەستەی خـــــۆی‌وسامانیان بە تاڵان بەرێت .

ئەمیندار لەو گفتوگۆیـــــەداکە ڕۆژی چوارشەممـــــەی ڕابورددوو له کۆبـــــــــــــــتبـــــلاو کـــــــراوە ـ تەوە وتویەتی .. جامیعـــــەی‌عەرەبی هەوڵی ئـــەوە ئەدات که له پایتەختی وڵاتـــــــــــــــ

بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش

بەندی «٥» ی یاسای بەخشین ئەوکوردانە دەگرێتەوە کە گەڕاونەتەوە ڕێزی نیشتمانی

هەفتەی ڕابوردوو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :

ژمارەی بڕیار - ١٣٠

ڕۆژی بڕیار - ٢٢-١-١٩٨٠

بەپێی ناوەڕۆکی بڕگە(أ) لە بەندی چل‌ودووی دەستوری وەختەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی ڕۆژی ٢٢ - ١ - ١٩٨٠ ئەم بڕیارەی دا :

١ ئەو هاوولاتیی‌یە کوردانەی‌کە لە ماوەی کارکردنی باسای ژمارە - ١٠٨ -ی سالی١٩٧٩ :ا دەگەڕێنەوە ڕیزی نیشتیمانی ناوەڕۆکی بەندی پێنجەمی یاسای بەخشینی گشتی ئەو سوپایی‌و مەدەنی‌یانەکە بۆ دەرەوەی عیراق رایان کردوە ژمارە - ١٠٩ی سالی١٩٧٩ دەیانگێڕێتەوە .

٢ - وەزیری بەرگری ئەم‌بڕیارە جێبەجێ نەکات .

صدام حسین
سەرۆکی ئەنجومەنی
سەرکردایەتی شۆڕش

بەپێی بەندی پێنجەمی یاسای بەخشیتی ئەو سوپایی‌و مەدەنی‌یانەی بۆدەرەوەی عیراق رایان‌کردوە - ژمارە - ١٠٩ی سالی١٩٧٩ ئەوەی دێتەوە ڕیزی نیشتیمانی لە خزمەتی سەربازیی‌و ئیحتیات دوو سال دوا دەخرێ .

ئاگاداری‌یەک لە دیوانی سەرۆکایەتی کۆماوەوە

بۆ جێبەجێ کردنی ڕاسپاردەکانی سەرۆکی بەڕێز صدام حسین ، سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار لە ئاگاداری‌یەکدا کە بۆ وەزارەتی پەروەردەی ناردووە پێداویستی‌یەکانی وەرگرتنی ئەو مندالانەی کوێ‌بان گرانە لە قوتابخانە ئاسایی‌یەکاندا دەست نیشان کردووە . ئەمەش تەواوی ئاگاداری‌یەکەیە :

١ - سەرژمێری‌یەکی سەرتاپاگیر لە باخچەی ساوایان‌و پۆلی یەکەمی قوتابخانە سەرەتایی‌یەکاندا بکرێ بۆ دەست‌نیشان کردن و دۆزینەوەی ئەو مندالانەی بەم زووانە تووشی گوێ‌گرانی بوون بۆ ئەوەی بە پێ ڕێگا زانستی‌یەکان چاکبکرێتەوە .

٢ - مامۆستا ژن‌و پیاوەکان لە قوتابخانە ئاسایی‌یەکاندا لەوە ئاگادار بکرێن کە پەیڕەوکردنی ڕەفتاری تایبەتی لەگەڵ ئەم مندالانەداو چاودێری کردنی لایەنی دەروونی‌یان و بەرز کردنەوەی وەریان زۆر بایەخداره بۆ ئەوەی تێکەڵ بە کۆمەڵگا ببن‌و ئەو گرێ سایکۆلۆجی - یانەیان بکرێتەوە کە دووچاری بوون‌و وایان لێ‌بکرێ بڕوایان بەخۆیان هەبێ .

٣ - گشت دامەزراوەکانی خوێندن‌و فێرکردنی سەرەتایی ئاگادار بکرێن کە ئەگەر گومانیان لە هەر منداڵێك کرد کە گوێ‌گرانە یەکسەر بینێرن بۆ ئەوەی بە شێوازی پەروەسەندوو چارەسەر بکرێ‌و دەست بخرێتەسەر کەم و کوڕی بیستنی .

٤ - هەندێ شیوازی تەکنەلوجیا کە لە جیهاندا لەو پلانەی قوتابخانە سەرەتایی‌یەکان کە بۆ هەڵس‌وکەوت کردن لە گەڵ مندالە گوێ گرانەکاندا بەکار دەهێنرێ پەیڕەو بکرێ بۆ ئەوەی بین بە چەند پۆلێکی ئاسایی لە قوتابخانەسەرەتایی‌یەکاندا و بە پارەیەکی زۆر کەم وەك بە کارهێنانی هەندێ جۆری لەو لەبی‌و هەررەك لە وڵاتەپێشکەوتوە -کانی دنیا پەیڕەو دەکرێ ..

عەقید روکن
طارق حمد العبدالله
سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی
کۆمار

تەواوکردنی چەندرێگاوبانێك لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا

ساڵی ١٩٧٩ دامەزراوی‌گشتی ڕێگاو بان‌و پرد لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی نزیکەی دووەەزار کیلومەتر ڕێگاوبانی تەواو کردوە کە بە نێکڕایی١٢٠ ملیونیان تێچووە .. ڕێگاکانیش ئەمانەن :-

● ڕێگای خەلیفان- کۆرەك‌و پردی ڕێزانۆك - زاری گەلی‌و ناوبردان‌و ماران‌وسبلك‌و دیانا لە بارێزگای هەولێر ..

● ڕێگای سەید سادق‌بیارە - تاسلوجە - دێلیژە ، ماوەت - ژالە ، سورداش- سلێمانی - دوکان ، جوارتا - باسنێ ، قەلادزێ -شیوەرەز ، لە بارێزگای سلێمانی .

وە لە بارێزگای دهۆك ئەم‌ڕێگایانە تەواوکراون :

● ڕێگای بامەرنی - مانگیش‌وسەرسەنگ - ئاینشکی - .

● دهۆك - سەرسەنگ ،ئامێدی .

● سوارەتوکە ئەسپینداره .

هەر وەها لە ئەتروش - کوری‌ئافان پردێك‌و دوو پردبش لە گەلی عەلی بەگ‌دروستکراون کە ملیونێك‌و ٥٠٠ هەزار دیناریان تێچوە .

خۆپیشاندانی گەورە لە شەقامەکانی بەغدا

جەماوەر باوەڕی تەواوەتی بەدڕێ ڕەوی ڕاستەقینەی حزبی دووپات دەکاتەوە

پێری جەماوەری وڵاتەکەمان ، تووڕەی‌ونارەزایی خۆی؛ ڕەفز کردنی پیلانی نامەردانەو هەنگاوی‌ترسنۆکانەی سادداتی خائنی‌نەتەوەو نۆکەری ئیمپریالی‌و زایونی دەربڕی ، کە دوائەلقەی ئەو پیلانەش کردنەوەی‌سنووری میسری عەرەب بوو لە بەردەم قەوارەی‌زایونیەکان‌و گۆڕینەوەی‌نوتنەری دبلۆماسی لە قەنیا . جەماوەرانی عیراق‌وعەرەب لە عیراقی شۆڕشدابە یەك دەنگ هاواریان دەکرد نەء ... نەء بۆخیانەت‌و خۆ بە دەستەوەدان‌و سازاندن‌و پەیوەندی بەستن لە گەل دوژمنەکانی‌نەتەوەی عەرەبدا .

نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە ، لە سەری بەغدا ، بە هەزاران هاوولاتی گەورەترین خۆپیشاندانیان ساز کردو بە شەقامەکاندا دەسوڕانەوەو هاواریان بە مردنی دوژمنەکانی عەرەب‌و ئەوانە دەکرد کە خاك‌و شەرەفی دەفرۆشن‌و بەمەش توڕەیی‌و نارەزایی خۆیان بەرامبەر هەنگاوی خیانەتکارانەی سادات دەڕێژن کە لەوماوەیەوە هەوڵ دەدا خەباتی نەتەوەی عەرەب بشێوێنێ‌و میژووی پیرۆزو قوربانیە مەزنەکانی لە ڕێگای ڕزگاری‌و گەڕانەوەدا داپۆشێ .

جەماوەری تووڕە ، باوەڕ بوونی تەواوەتی خۆی بەڕێڕەوی نەتەوایەتی‌و ڕزگاریخوازی خزبی شۆڕشی عەرەب حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست بەرامبەر مەسەلە چارەنووسەکانمان لە بنەڕەتیانەوە مەسەلەی مەرکەزی عەرەب فەلەستین دووپات کردەوە ، دیسان وەستانیان شان‌بەشانی هەلویستی حزب لە بەرپەچ دانەوەی توندی پیلانەکانی ئیمپریالی‌و زایونی کە دژی نەتەوەو چارەنووسن‌و شارستانیەت‌و مرۆڤایەتی بەمری دەکرێ دووپات کردەوە .

لە ساحەی باب المعظم کە جەماوەری تووڕە کۆ بوونەوە هاوڕی نعیم حداد ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست لێپرسراوی مەکتەبی فەلەستین‌و خەباتی چەکداری وتاری حزبی خوێندەوە تیایدا وتی :

ئەمڕۆکە دوا ئەلقە لە پیلانی حاکمی خائنی میسر دژی نەتەوەی عەرەبی جێبەجێ کرا ، بانگەواز دەبێ بۆ کۆتایی ئەو سیاسەتانەی خەریکی ئواندنی هەلویستی سازاندنی بەرامبەر گێنەی نەتەوەکە سادات گەیاندیە رادەیەکی وا دوژمنان بتوانن زەفەر بە تاوان دەستەلاتی بەرن ..

هەروەها وتی : ئەوەی ئستا لە ڕووی چالاکی پیلانگێڕانەوە بە گەرم‌وگوڕی ڕوودەدا ، دەنگ دانەوەیان ، ڕاستی باری سەرنجی حزبەکەتان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست بەرامبەر مەسەلەکانی زۆران‌بازی عەرەب‌و زایونی‌و پیلانەکە هەر لە سەرەتاوە ساغ دەکاتەوە ، کە باری سەرنجی حزب هەر لە سەرەتاوە هەلویستی نەتەوەیی‌و بە باوەری شۆڕشگیرانە بوەو لەمەشدا متمانەی بە بەهێزی‌و بە بەکاری جەماوەری عەرەب کردوە کە باوەری بە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست هەیە .

دیسان وتی : هەلویستی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست بەرامبەر بەم پیلانە ، هەلوێستی باوەڕو سۆڕشگێڕانەی ڕاستەقینە بوو کە زامنی پێشیل کردنی پیلانەکەیە ، ڕوو داوەکانیش ساغیان کردەوە ، هیچ ڕێگایەکی تر شك نابرێ ڕێگای بەر پەچدانەوەی زایونی دوژمن‌و ئیمپریالی ئەمەش‌و ئەم بەر پەرچ دانەوەیە بە تەنیا زامنی بەگەرتنی تەقەللاو توانای دیارو ڕاستراوەی نەتەوەیە بۆ بە گۆڕا چونی دوژمنەکانی وەك تاکە ڕێگای گەیشتن بە ڕزگار کردنی هەموو خاکی عەرەب‌و تەواوی خاکی فەلەستینی عەرەبی .

هەروەها ئەوەی دووپات کردەوە کە شۆڕشی ١٧-٣٠ تەموزی نەتەوەیی‌و سۆشیالستی‌و بە سەرکردایەتی باڵدوانی نەتەوە ، سەرۆکی فەرماندەی تێکۆشەر صدام حسین ڕۆژی لە ڕۆژان لە بەر پەرچ دانەوەی پیلانەکەو بە هەموو ڕێگاو شێوەیەك ئەوەستاوەو دەوری پیرۆزی لە کۆکردنەوەی وزەو توانای داهینەرانەی نەتەوەی عەرەبدا بوە بۆ بەر پەرچ دانەوەی دوژمنەکانی ئەوەی عەرەب .

دیسان هاوڕی نعیم حداد وتی : دووبارە دەڵێمەوە کە ڕێگای سەرکەوتنی نەتەوەکەمان دەبێ بە یەکیتی خەباتی عەرەبیداو دور کەوتنەوە لە متمانە کردن بە بێگانە بڕوات‌و ئالای ڕێڕەوی نەتەوەیی سەربەخۆ بەرز هەڵکات ، ئەمەیە کە حزبەکەتان باوەڕی پێی هیناوەو شۆڕشەکەتان لە سەری دەڕوات‌و لە هەموو لایەنێکی سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتیدا چەسپاندویەتی‌و لە هەموو هەلویستێکی عەرەبی‌و دوولیا دەری بڕیوە .

ئەوەی شایانی باسە ، لەم کۆ بوونەوە جەماوەریەدا هاوڕێ بڕهان‌الدین عبدالرحمن ئەندامی سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست‌و هاوڕێیان ناصیف عواد جێگری لیپرسراوی مەکتەبی فەلەستین‌و خەباتی چەکداری لە سەرکردایەتی نەتەوەیی‌و ئەندامانی حزب لقی بەغداو سەرۆکانی ڕێکخراوە جەماوەریەکان ئامادە بوون .

لە چوارچێوەی ڕێگا خۆشکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی

پارێزگاکانی کەربەلاو نەینەواو زیقارو هەولێر کران بەچەند هەڵبەندیکی هەڵبژاردن

لە چوار چێوەی ڕێگای‌خۆش‌کردن‌و خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی‌نیشتیمانی پارێزگاکانی وڵات بۆ چەند ناوچەو هەڵبەندێکی‌هەڵبژاردن دابەش‌کراون هەر لەم بارەیەوە بەڕێز پارێزگاری کەربەلا ڕایگەیاند کە بڕیار دراوە پارێزگاکە بکرێ بەدوو ناوچەی هەڵبژاردن‌و ١٢ هەڵبەندی دەنگ‌دانی تێدابێ.ناوچەی یەکەم بریتی دەبێ لە قەزای هەڵبەند کە لەگشتی‌قەزای عین تمرو ناحیەی الحر والحسینیە دەگرێتەوە کە٨ هەڵبەندی دەنگ دانیشی تیدا دەبێ ..

ناوچەی دووەم لە چوار چیوەی قەزای الهندیەو ناحیە الجدول الغربی‌و الخیرات‌دا دەبێ‌و چوار هەڵبەندیشی بە سەرەوە دەبێ .

هەر وەها بەڕێز عدنان داود پارێزگاری کەربەلا وتی : ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە ٢٨١ هەزارو ٨١٤ کەسەو ئیستاکە خەریکی سەرژمێرێکی گشتین بۆ ئەوەی بۆمان دەربکەوێ چەند کەس مافی بەشداربوونی ئەم هەڵبژاردنانەیان هەیە .

● **نەینەوا :**

بە پێی ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی تایبەتی بە ڕێگا خۆش‌کردن بۆ هەڵبژاردنەکان ئامادەی‌کردووە ، پارێزگان نەینەوا (موسل‌و ناوچەکانی دەوروپشتی) دەکرێ بە چوار ناوچەی هەڵبژاردن ..

هەر وەها لەم بارەیەوە شاری موسل کراوە بە ٣٢ هەڵبەندی هەڵبژاردن کە ١١ هەڵبەندیان لە بەری چەپ‌و ٢١ هەڵبەندیان لەبەری ڕاستی شارەکە دەبێ‌و ژمارەی دەنگ دەران لە شارەکەدا بە ١٦٥ هەزار کەس خەمڵێنراوە .

● **بابل :**

پارێزگای بابل کراوە بە سێ ناوچەی هەڵبژاردن کە نزیکەی ٤٩ هەڵبەندی دەنگ دانی تێدایە .

● **هەولێر :**

پارێزگای هەولێر هەر بەم پێیە کراوە بە سێ ناوچەی هەڵبژاردن کە ٣٢ هەڵبەندی هەڵبژاردنی تێدا دەبێ ..

ئەم پێیە چوار پارێزگا بۆ ناوچەی هەڵبژاردن‌و هەڵبەندی هەڵبژاردن‌و دەنگ‌دان دابەش‌کراون‌و لیژنە تایبەتی‌یەکان خەریکی ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەرشان‌و بەش‌و کارەکانیان بۆ دابەش‌کردنی پارێزگاکانی تری عیراق .

● **ذی‌قار :**

لە لایەکی ترەوە ئەم پارێزگایە کراوە بە سێ ناوچەی هەڵبژاردن کە ٢٤ هەڵبەندی هەڵبژاردنیان دەبێ بەڕێز سالم فیضی عبدالرزاق حیگری پارێزگاری زیقار ڕایگەیاندکە ناوچەی یەکەم قەزای ناسریەو ناحیەکانی‌و ناوچەی دووەم هەڵبەندو ناحیەکانی قەزای سوق الشیوخ‌و چبایش‌و ناوچەی سێیەم قەزای - شەترەو رناعی‌و ناحیەی قلعەو غراف‌و فجرو اکدو دوایە دەگرنەوە -

ئا.د.ع .

نورتە هەواڵ

● **سلێمانی :**

یەکێتی محەلی کۆمەڵەی هەرەوەزکاری‌یەکانی جوتیاران لە پارێزگای سلێمانی هەفتەی ڕابودوو کۆڕێکی فراوانی بۆ ئەندامانی ئەنجومەنە بەڕێوبردنی‌یەکانی ناحیەی بازیان‌و قەرەداغ‌و سەرچنار ئامادەکردوەو لە کۆڕەکەدا بەڕێز عطیە شنداع بەڕێوەبەری گشتی دەستەی کشتوکاڵ‌و چارەسەرکردنی کشتوکاڵی پارێزگاکە ئامادەبووە .

● **دهۆك :-**

هەفتەی ڕابوردوو لە دیوانی پارێزگای دهۆك کۆبونەوەیەکی فراوان کراوە بۆ گەڵالەکردنی ڕاپۆرت‌و لێکۆڵینەوە سەمارەت بە دەزگاکانی خزمەت‌گوزاریی‌و بەرهەمی کشتوکاڵی‌و پەرەپێدانیان . لە کۆبونەوەکەدا بەڕێز یحیی محمد ڕشید پارێزگای دهۆك‌و هاوڕێ مزهر مطنی ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی لقی دهۆکی حزبی بەعسی سوشالیستی عەرەبی ئامادەبوون .

بەرێوە بەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی کۆڕێك لە گەڵ نووسەرانی سلێمانیدا دەبەستێت

● **بەتەلەفون لە - پ -هاوکاری‌یەوە .**

لە چوارچێوەی گەشتەکەی‌بەڕێز مامۆستا اسماعیل ڕسول بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی کە بۆناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان سەبارەت بە خۆئامادەکردن‌بۆ سازکردنی ئەو میهرەجانە ڕۆشنبیری‌و هونەری‌یەی کە لەمانگی نیسانی داهاتودا لە بارێزگای هەولێر بۆ ماوەی‌هەفتەیەك سازدەکرێ .

ڕۆژی شەممەی ڕابوردو گەیشتە شاری سلیمانی‌و سەرەتا لە گەڵ سەرۆك‌و دەستەی بەڕێوەبەری یەکیتی نووسەرانی کورد لقی سلیمانیدابۆ ئەم مەبەستە کۆبوەوە . لەم کۆبونەوەیدا بەڕێز مامۆستااسماعیل دەربارەی ئامانجی سازکردنی میهرەجانەکە قسەی‌کرد کە بریتی‌یە لە گەشەپی‌کردنی بزوتنەوەی‌ڕۆشنبیری‌و هونەری کوردی‌و پێناس‌کردنی ئەو نوسەرو ئەدیبانە بەجەماوەران کە لەم میهرەجانەدا هاوبەشی‌دەکەن هەروەها ئەو دەنگاوانەی دەست‌نیشان کردکە بۆ سازکردنی میهرەجانی ئاوبراوئراون .

شایانی باسە بەڕێز مامۆستااسماعیل گوێ‌گرت لەپێشنیازەکانی سەرکەوتنی میهرەجانەکەکە لەلایەن ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری‌یەسەرانەوە پێشکەش کرا .

بەرنامەی دیداری ئەدەبی منداڵان لەسلێمانی

بەتەلەفون لە پ.هاوکاری‌یەوە

بەکیتی نووسەرانی کوردلقی سلیمانی ڕۆژانی ٣٠-٣١-١٩٨٠ دیداری ئەدەبی‌منداڵان لە بارەگا ی بەکیتی سازدەکاو بەشداربوون بۆ ئەندامانی یەکیتی‌و شارەزایانی ئەدەبی منداڵانە . ئەوەی‌شایانی باسە ، بەرنامەی دیدارەکە بەم جۆرەیە :

● **بەیانی ڕۆژی ٣٠-١-١٩٨٠ سەعات دەی پێش نیوەڕۆ ..**

١ - وتاری د. عزالدین مصطفی ڕسول سەرۆکی بەکیتی - مەڵبەندی گشتی.

٢ - مامۆستایان عمر عبدالرحیم ، سلام مەنمی ، جمال نوری ، جزا علی امین، جیرۆکی منداڵان دەخوێننەو مامۆستا حمە سعید حسن هەڵبان دەسەنگێنێ .

٣ - مامۆستا کمال میراودەلی باسێك دەربارەی ئەدەبی‌منداڵان پێشکەش دەکا .

٤ - ئوپەریتی ڕووبار - لە نووسینی چیرۆك‌نووس محمد فریق حسن

● **سەعات سێ پاش نیوە ڕۆی هەمان‌ڕۆژ . .**

١ - شانۆیی منداڵان - مامۆستا محمد رحیم رمضان .

٢ - مامۆستایان : ع. ع. شەونم ، کاکەی فەللاح ، دابکی سۆلاف شیعری منداڵان پێشکەش دەکەن.

● **ئێوارەی ٣١-١-١٩٨٠ سەعات سێی پاش نیوەڕۆ :**

- مامۆستا محمد ڕشید فتاح باسی دەربارەی کۆمەڵە چیرۆکی ئەستێرە پێشکەش دەکا .

- مامۆستا عبدالستار طاهر شریف باسێك بەناونیشانی سایکۆلۆژیای منال .

- محمود زامدار - بیلۆگرافیای ئەدەبی منداڵان .

هەزارو ٢١٥ قوتابی لە دوکتوراو ماجستێر وەرگیراوە

هەفتەی ڕابوردوو وەزارەتی خوێندنی بەرزو لێکۆڵینەوەی زانستی‌یە کە هەزارو ٢١٥ قوتابی بۆ خوێندنی دوکتوراو ماجستێرو دیپلۆمی بەرز لە عیراق وەرگیراون .

هەروەها سەرچاوەکە وتی : ئەمانە دەستەی یەکەمن‌و بەم شێوەیەن : ١٩ قوتابی کوڕوکچ لە دوکتوراو ٧٧٦ قوتابی نێرومێ لە ماجستێرو ٤٢٠ قوتابی بۆ وەرگرتنی شەهادەی دیپلۆمی بەرزو ئەمانە بەسەر زانکۆی بەغداو موسڵ‌و بەسرەو تەکنەلۆجی‌و مستنصریەو سلێمانیدا دابەش‌کراوەن .

وەلەهەفتەکانی ئایندەدا ناوی دەستەی دووەمی وەرگیراوەکان بڵاو دەکرێتەوە.

سێیەم کۆنفرانسی ساڵانەی لاوانی ناوچەی کوردستان

هەولێر : ئا. د. ع :

هەفتەی ڕابوردوو بەڕێز عبدالغفار عبدالقادر ئەمینداری گشتی بەڕێوەبردنی‌ڕۆشنبیری‌و لاوان لەناوچەی ئۆتۆنۆمی سێیەمین کۆنفرانسی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتی‌یەکانی لاوان‌ومەڵبەندەکانیان‌و سەرپەرشتکارانی چالاکی‌یەکانی وەرزش‌و هونەری‌و ڕۆشنبیری‌و زانستی‌لەناوچەکەدا کردەوە ..

بەڕێز عبدالغفار لە کۆنفرانسەکەدا کە لە هۆڵی مەڵبەندی چاوەدێرکردنی‌دا زانستی‌دا هەولێر دەستی پێ‌کرد ئەو بایەخە دووپات کردەوە کە ئەمینداریتی‌یەکە بە تێکڕای بزوتنەوەی لاوانی ناوچەکەی ئەدات لەگەڵ بەرەپێدانی بەپێی ئەو چوار چێوەو ڕێ‌و شوێنانەی کە سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش هەولی جێبەجێ کردنیان ئەدات هەروەها دەری‌خست کە سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش زۆر بایەخ بەکاروانی بنیات نان‌و پێشکەوتن ئەدات بۆ هێنانەدی نەوەیەکی هوشیار کە ئامانجەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سوشالیستی بهێننەدی بەڕێز ئەمینداری گشتی داوای لە بەشدار بووانی کۆنفرانسەکە کرد کە بۆ جوست‌و چالاکردنی بزوتنەوەی وەرزش‌و لاوان‌و زانست لەناوچەکەدا بڕیاری لەبار بدەن . کۆنفرانسەکە لەماوەی بەسترانیدا کە دوو ڕۆژی خایاند لەبەخشەکانی بەڕێوەبەرایەتی‌یەکانی لاوانی پارێزگای هەولێرو سلێمانی‌و دهۆکی کۆنلیەوەو سێ لیژنەی تایبەتی بە وەرزش‌و ڕۆشنبیری وزانستی پێك هێنرا .

Institut Kurde de Paris

تەلەفون

جعفر ابراهیم حاجی

جارەکا دی تەلەفونێ بو بکەمە ڤە .. ما بەلکی زڤڕیبێتە ب مال .. ئەڤە سەعەتەکە نەز تەلەفونێ بو تە د کەم کا تو لکیڤەی ؟! یێ هژمارێت تەلەفونێ لێددەت و د بەرا د ئاخفیت : ما چێدبێت جربیتە دەف هەڤالەکا خو .. هەکە هەڤال هەبن ژی نابێژتە من !! درەوە ئەو نە چویە ددف چ هەڤالا .. تەلەفونا لێ ددەت و کەس ناهەلگریت یێ بەختا بی‌بەخت چەوا د پشت مرا تو حەژ ئێکێ دی د کەی .. ما دێ ئێکێ ژ من چێتر بخو لکیرێ بینی .. نەز د بێژم هەر ژ من لاوتر نابت ! بەلێ چێدبیت گەلەکێ دەولەمەند بیت من ژی تێرا خو مالێ هەی .. مای بو جیبیە !.. کا دێ بلا خشکوك لدەف من رویبیت وێ چەند مالێ دونیایێ د فێت دێ بو ئینم .. نەء ئەوێ هەر بەحسی نفشتاو رەوشەنبیریێ د کر .. ئەو دیارە گەلەکێ رەوشەنبیرە .. نەء .. نە نوکە ئەو گەلەکێ شرینە .. گەلەك جوان د گرنژیت .. لەو یا حەژێ کری .. هەر د گوتە من . تو نوزانی بگرنژی .. وەختێ تو د گرنژی هەجوکو تو د کەیە گری .. کا دا بچمە بەر قودیکێ بگرنژم !! کا راستە ! ! راستە نەز نوزانم بگرنژم !!! نە ئەژی دزانم.. کا دا گازی (بەروژی) بکەم و تێ بگەهینم .. دا بچیت زێرەڤانیێ لێ بکەت .. کانەو کیڤە وچیە .. کاد گەل کێ یە .. هەلبەت دێ بئوتومبێلا خو زڤرینیت ..بلا بمینتە لبەر ..خو ڤەنیسینیت هەتا د بنینیت .. دا هژمارا وێ بگریت .. دا باشی نەز وێ وئتومبێلێ بسوژم ..ئەز دێ بێژمێ دا باش چاڤێ خو لێ بگێریت‌و دێ خەلاتەکێ باش د گەل بێژم .. یان دێ پارا دەمێ .. ئەو گەلەکێ هەوجەی پارا یە .. بەلێ باوەریا وی بمن نائێت . . ئەوی ژی نەز نەڤێم گەل من گوتێ ئەو دێ چیت لناڤ کارکەرا هەمیا بەلاڤەکەت .. ماکی نا بێژیت نوکە گوتێ ؟ .. نوکە گوهێ خو بدەرگەهی ڤەنا یەو گولێ بویە کا من چ د گوت.. و یێ چۆی گوتیە کارکەرا خرا کی نا بێژیت ئەوو یاریێ وێ نوکە د خانی ڤە نبنن !! و ژ قەستا تەلەفونێ هەلناگرێت .؟. کی نا بێژیت ئەو ژنکا دوهی د تەلەفونێ دا جڤین دانینە من هەما هەر ئەو نینە ؟ دەنگێ خو یێ گوهارتی ؟! . تو راوەستێ هەتا بوتە د گەهمە مال ؟!.. ئەڤ رێیە ژ هەمیا چێترە دا ئەز بخو بچم‌و ئەو چەقووا د ئوتومبێلدا بینمە دەرو نکەمە د بەر خورا دا پاشی بگرم‌و بدەمە بەر هەتا خەمێت دلێ خو هەمیا پێ د ڤەرێژم.. نە ئەڤە ژ هەمیا چێترە .. و جبیێ گوتە من دێ کیڤە چی ؟ دێ چاڤێت خو لێ کەمە گرێ .. ئەوبخو ئێدی دەنا کەت .. (بەرەکات) یێ د خوهێرا ترشبوی رابو سەر خوو گوت : یا خودێ .. دەست دا دەستکێ دەرگەهی‌و چیرو ڤەکر .. (بەروژی) خو گافەکێ ژ بەر هاڤێت‌و د جهدا راوەستیا گوتێ : گەل ئێکی تەلەفونکر بێژێ ها دێ ئێت.. نە .. نە وەنە بێژێ .. بێژێ دەستبریا هەی دوو روژێت دی نائێت ڤە .. نە .. نە .. بێژێ کومبیتا هەی .. (بەروژ) هەری د بێژنێ بەلێ .. بەلێ .. وئەو یێ د چچت‌و یێ د گەل د ئاخفیت و ها دێ گەهتە دەرگەهێ دەرڤە بغار زڤرێ‌ڤە و یا ژ (بەروژی) ئەوە ئەڤە هاتێ .. وە دیارە راستە گونەهکاریەکا کری ئەڤە هاتە بیرێ .. گەهشتە دەف‌و بەر سینگێت وی گرتن‌و گوتێ : نەهێلی کەسەك بچیتە د ئودا من ڤەو تەلەفونێ راکەت .. (بەروژ) هەرێ د بێژتێ بەلێ .. بەلێ .. ما ئێك لفێ رێڤەبەرێ هەیە هژمارا تەلەفونا من یا مال بزانیت ؟!!

– نوزا ئەزبەنی ..

× ها نوزا .. ئەو رەدیارە تە یا گوتێ .. یا بوچی ئەو کارکەرێ هە بەرێ خو ددەتە من و د گرنژیت .. وە دیارە ئەو د زانیت !!!

– نەخێر ئەو نوزانیت . . ئەو ئەوە یێ دوهی هاتی ! .

× ها پاکیشکە د زانیت !! .. وە دیارە تو د زانی و تەیا بو گوتی ..و هندی (بەروژی) گوتێ نەخێر .. و نەخێر . . ئەو هاژێ نینە .. ! . (بەرەکات) ی دا بەر شەقا و پێنا هەتا وەستیای‌و جارەکا دی ریا مال گرتە ڤە و هەرێ د بێژیت : د ڤێت نەز بگەهمێ‌و ببینم کا ئەو دێل کیڤە چۆیە ؟ و کا ئەو کیبە د گەل ؟ دا نەز بهنجنم و دلێ خو هینکەم .. چو د ئوتومبێلا خو داودا شولی‌وهندی پێ وی ژوردا جوی ئەوی برە خار .. هند ددیت رنگێن ژ ئوتومبێلا پێشیا خو ئیناو ژپێشڤە نوچەك لێدا .. بەلێ چەوا زانی ئوتومبێلا وی چولێ نەهات .. خو لێ نەکرە خودان‌و هاژوتە جەهدێ گەهشتە بەر دەرگەهی .. ژ ئوتومبێلێ هاتە خارێ بێنا لێ چك بۆوی .. هندی (زەگلا) دەرگەهی لێدا کەسەك نە دەرکەت بخو گوت : ها من د گوت ئەو یا د گەل بارێ خو دەرکەتی .. دلێ منێ راستە !! کا دێ بلا ئەر راوەستیت دا ئەز کاسانێ وێ بدەمێ .. یا ژ هەمیا چێترە ئەوە ئەز خو دسەر تاقی را پاڤمە رەخێ دی‌و خو لبەر دەرگەهی ڤەنیسینم .. وەختێ‌ئەو تێت دەرگەهی ڤەدکەت ئەز دێ بەرسینگێت وێ گرم‌و چەقوێ دانمە سەر سینگی‌و دەمە سویندێ کا د گەل کێ دەرکەت بو !! دا نافێ وی بزانم‌و وی ژی بکوژم .. ما خو نە دێ بو هتلم .. ئەو بدزیڤە حەژ ژنا من بکەت !! . . بەلێ ئەکو چاڤێ ئێکی لمن بیت ! یا بساناهی‌یە دێ پێناسا خو دەمەڤێ . . دێ زانیت ئەزم خودانێ مالێ .. (بەرەکات) فسەر تاقی کەت‌و خو هاڤێتە قامادی و چەقو ڤەکرو دەستی خو باش تبەر دەستکێ وێرا برو خو لبەر دەرگەهی دوو تاکر .. چاڤێ وی فسولینا ئاڤێ کەت یالناڤ باخچەی کو چیکێت ئاڤی ژێ تێنە ژێ تتینە خار .. بیرا وی‌و ئاڤێ هات کویێ تێهنی‌یە.. بخو گوت : ، بوچی نەز هندە لەزێ د کەم ؟! دێ هەر کەفتە دەستێ من کا دا بچم تێر ئاڤێ ژ (ڤەرسوکێ) ڤەخوم پاشی بێم بدلێ خو ڤولبەر ڤەنیسینم .. دا دلێ وێ بکەلێشم .. بەلێ نوکە دەرگەهێ گرتیە. . کا دا بچم سەحکەمێ .. وچ بەر دەرگەهێ هولێ .. دەستێ خو دایێ یێ ڤەکریە !! .... یێ ئودێ .. یێ ڤەکریە ! ! . . ها .. وێ یێت هێلابنە ڤەکری هەکو نەز تێم د. بێژیت : نەز هانها دەرکەت بوم .. چوبومە بازارێ .. نەز نەڤێم .. مالا من نەڤێت .. کا بوچی نەز لبەر خەلکی یێ رەشم .. یێ د جیتە د ئودا حازریێ ڤە دا (ڤەرسوکێ) ڤەکەت . ئاڤێ ڤەخوت .. خرخرەك هاتە گوهی !! تەزینك خدلی دا هاتن .. خوینەکا گەرم ڤلەشی دا هات .. مێیێت لەشێ وی زلبون .. دەستێ خودا چەڤوێ‌و ژ بەریکا خو ئینا دەر و لدوی یێ خو زڤری .. وگوهێ خو دا سەر ددنگێ خرخرێ‌و !! هەمی لەشێ وی پێکڤە یێ بویە گوهو یێ گوهدەتێ .. ویێ پتنگافێت فرو هێدی د هاڤێت‌و دەستی وی یێ رەپەو چەڤوا تێدا و بنك (سەر شورێ) ڤە چو و یێ بخو د بێژیت :

« نەزێ لئەسمانا لهەوە د گەرم هوین لئەردی ڤدەست من د کەڤن » !! دێ کیڤە ژ بەر دەستێ من قورتال بن.. چەند پتنگافەك پتر د هاڤێت خرخر پتر د هاتە گوها . . بینا سوتنێ‌و قەماندنێ و گازێ هاتێ .. چەڤو ژ دەستا کەت .. دەرگەهێ سەرشورێ ڤەکر .. چ بەرێ خو د دەتێ .. ژنا وی (کەلەخە-) هەما خرخرەکا ژێ تێت . . جاڤێت وێ یێت چونیە سەرئیك ئەزمانێ وێ- ناگەریێت .. سەرشورا پەڤی ..

چاڤێت وی مانسە زل‌و مانە (لنەرمی) و چەند پتنگافەك بو پێش د هاڤێت ئێك بو بشی تەمە دویێ سەرو جاڤێت وی رەشکرن . . پتنێ گەلەك کوخکا وی هات.

سوزیك بوشاری سنە

محمد امین پێنجوێنی

شارەکەیان سووتان
کۆشکەکانیان ڕووخان
باخەکانیان بڕی
خەلکی سادەیان کڕی..!
وەك چانەوەر
وەك زۆردار
وەك شکاوی هەلاتوو
سل ! کەر لە هەرچی‌هاتوو
وەك لیزمەی تەرزەی بەهار
گوللەو ترسیان ئەباران
تۆوی ڕقیان ئەچان
کە گریان بەردایە شار
گوللەی تۆتە کەوتە کار ....!
هەر هەڵدێرو بن بەردێ
بو بەسەنگەری مەردێ ...

● ★ ●

زنجیری دەبابەیەك لە گۆشتی لینجا گیربوو
نارنجۆکێ تەقیەوەکوڕە کوردێ شەهید بوو
تۆڵەی تۆ نوسرا بەخوێن
شارە جوانەکەی سنە

● ★ ●

سەربەرزی بۆ میللەت‌ومردن هەر بۆ دوژمنە
بۆ تۆڵەی تۆی وێرانە
هی خەلکی چەوساوەی‌شار
بۆ ڕۆڵەی ساوانی هەتیو
ئەو قژکاتە چاو جوانە
کە ناپاڵم سووتانی
سەر گۆناو پەنجەکانی
بۆ ئەو کچە خنجیلەیەی

کە لە ترسی قەسفی(بوم)
وەل مامزی بە رتاژی
پەنای بردە بەر داری
مەرگ مۆڵەتی نەدا
کسپەی لێ‌هەڵسان ماری
تفەنگ وا لەسەرشانە
یان مردن بەسەر رزی
یان بە خۆشی ژیانە

● ★ ●

شارەکەمیان سووتاند
شارەکەمیان وێران کرد
بازاریان باش چەبلاوکرد
وەك (نازی)
وەکو فاشست
ژەهری تۆڵەیان ئەڕشت
خەلکی شارەکەم مەگرین
هەر ئێوە نین هەر ئێوەنین
لە سەرانسەری ئێران
فارس ، عەرەب‌و تورکن
بۆ نازادی وا ئەمرن

● ★ ●

شار ئەسووتێ خوێن‌ئەڕژێ
مێشکی هەزاران ئەیژێ
ڕێی خەباتی چەکداری
ڕێی سەربەستی‌و ڕزگاری
سەختو قوربانی‌دانە
یا بەخۆشی ژیانە
خەلکی شار بۆپێشەوە
بەنازارو ئێشەوە .

Institut kurde de Paris

کتێبك لە کتێبان

کات لە چیرۆکی

عبدالرزاق بیمار

هەر گوندو ناوچەیەکی بیگریت دوور نی‌یە پشتاو پشت‌و بابەلباب کە دنیایان بە ڕێ کردووەو چاوبان پشکووتووە، کاتەکەیان هەر یەك کات حیسابەو جوولەبەکی پێ‌کەوتووە .

چیرۆکەکەی مامۆستا سەلام مەنمییش «چووزەرەی بن پەردوو » کە ویستوویەتی ژیانی دانیشتووانی دێیەك بگرێتە چوار چێوەی خۆی وا دیارە ئەم کێشەیەش چەند پشتێك دەخایەنێ ، دەبێ ئایا لەم رووەوە هەڵوێستی چۆن بێت ؟ بێ‌گومان کێشەو زۆرانبازی نێوان چینی حوتیاران‌و دەستەی شێخان‌و خاوەن مولکەکان هیچی تیا بەستە نی‌یە کە نەك هەر لە سێ‌پشت‌دا بەڵکو لە دەپشتیش‌دا هەر بەردەوام بێت‌و ئاگرەکەی نەکوژێتەوە .. هەروەها هیچیشی تیا بەستە نی‌یە لە لایەنی هەڵوێستی هونەری‌یەوە کە لە کاتی هەر سێ پشتەکەدا چینی جووتیاران بە مراد نەگەن‌و دەسەڵات هەر دەسەڵاتی شێخ‌و ئاغا‌و دەرەبەگ بێت .

کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و شێوە چڕوپڕەکانی شارستانەتی‌یەوە بەندە ..

بەڵێ مەرج نی‌یە هەر پشتێك کە گۆڕا ، رووداوو بیروڕاو هەڵسو کەوتی هەموو خەڵکەکەش بگۆڕێت .. چونکە سەیر دەکەین تا پێشی سەردەمی هەڵتەکانی رژێمی دەرەبەگی‌و خێورانەوەی پەیوەندیی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانی کشتوکاڵ لە کوردستاندا لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا . . بەڵام ئایا دێی (ن) کات تێیدا مەبیوەو لە ناوچەیەك‌و لە وولاتێك‌دا نی‌یە کە کات کاتی ئەوەیە زەنگی گۆڕان لیاتی کۆمەڵایەتی دەهەژێنێ‌و بەیوەندی‌یە ئابووری‌یەکانی فرچە قرچیان پێ دەکەوێ‌و خەریکە تێك دەشکێ‌و رووناکی‌ی رۆژگاریکی تازە ئاسۆی گەش دەکات .

بۆ روون کردنەوەی هەڵوێستی چیرۆکەکە ەرامبەر بە (کات) پێویستە بزانین کە ئەو (کات) ی کە چیرۆکەکە باسی لێ‌یان وورد ببینەوەو بزانین ئایا کردەوەو بیرکردنەوەیان زادەی چ کات‌و لە ژێر سایەی چ رۆژگاریك‌دا بەرهەم هاتوون ؟ مەبەسیشمان لە مەدا ئەوویە نرخە هونەری‌یەکانی بزانین چونکە وەکو گوتراوە :

« نرخە هونەری‌یەکان لە رۆمان‌و لە هەموو هونەردا دەنگدانەوەی واقیع‌و هەڵو مەرجێکی تایبەتین لە کات‌و شوێنێکی دیاری کراودا » جا ناسینی ئەم نرخانەو هەڵسەنگاندنیان بۆی هەبە رێگاو ئاسۆیەکی فراوان لە بەردەم چیرۆکەکەو هاوچەشنەکانی‌دا دیاری بکات .

(١)

پێش هەموو شتێك کێشەی نێوان دانیشتووانی گوندی (ن)و شێخان کێشەیەکی بەردەوامە .. لە بنەماڵەی شیخان چوار پشت بە رێ‌دەکات کە شێخ تەیفوررو باوکی‌یە ، پاشان تەیموری کوڕی‌و دوای ئەویش تایەری نەوەی . . ئەم درێژە کێشانەش ئەگەر بەکات‌و بەساڵ حیساب بکەین دەبینین لە گەڵی لاوە لە چاو خەڵکەکەو دوژمنانی دێ‌دا کورتی دەهێنێ .. لەم ماوەیەدا لە بەری ئەو بەری شێخان کە دانیشتووانی دێی (ن)ن تەنیا هەر یەك پشت دەبینین و لە بەری دوژمنانی دێ‌یەکە کە عەلی بەگ‌و حەماغا‌و مصطفی خانن لە وێش هەر یەك پشت دەبینین .

جا ئەم پشتاو پشت کردنە جگە لە لایەنی کاتەوە کە وەکو گوتمان نرخی هونەری چیرۆکەکە دەست نیشان دەکات ، لە لایەن توندو تۆڵی‌و سفتی تەونەکەشەوە زۆر گۆڕینی قارەمان مەسەلە بنەڕەتی‌یەکە خاو دەکاتەوەو زۆر پەلو پۆ دەخا هەستو چەژگەی خوێندەوارە .

(٢)

شێخ تەیفور شێخێکە بابەخ بە داب‌و دەستوورەکانی شبخایەتی دەدا وەکو زیکر ، حاڵ‌گرتن ، نووشتەو کەرامات‌و شتی‌تر .. بەڵام لە ژێر بەردەی ئەمانەدا داوێن پیسی‌ی دەکات‌و گوڵی ئاپرووی ساویلکەیەك هەڵ دەوەرێنێ . پشتگیریی دەوری باوکی خۆی دەکات کاتێ کە ناچار بوو (مختار ئەحمەد) ناوێکی سارد کردەوە چونکە (لایەنی هەزاران‌و گوندەکەی ئەگرت)و داوای عیلم‌و عیرفانی دەکرد . ئەمەش لەو شیعرەرا دیارە کە لە پاشی بەجێ‌ماوە :

(چاهیلان بۆ ئیستفادەی
خۆیان رۆژو شەو لەم
وولاتە مەنمی عیلم‌و عیرفان
دەکەن) .

شێخ تەیفور پاشی کەنەکەی کتوپڕ لە سەر شانو لادەچێ (بۆچی ؟ . . چۆن ؟؟) گرنگ ئەوەیە تەبموری کوڕی دێتە سەر تمانۆ ، ئەو لەسەر ڕێ‌و شوێنی باوکی نارۆا لە بابەت (شاڵ بەستن ، خانەفا نشین‌و زیکرو تۆبە دادان) . ئەریش وەکو باوکی دینەکەی زۆر (قایم) نەبوو لایشی وابوو (ژیان بەرەو پێشەوە دەچێ - ل ٢١) بۆیە باوەڕی بەو شتانە نەبوو .. بەکسەر بە بێ پەردە هاتە وێژەی دانیشتووان‌و زورداری‌و پیاوکوژی‌و باجی قورستری کشتوکاڵی بەسەردا سەپاندن .

لەم پشتی دووەمەدا کە سەردەمی تەبموورە ئێمە هەست بە گۆڕانی کات دەکەین .. لە چەند رووێکەوە :یەکەم شت لە وەدا کەهاتوچۆی شار دەکات‌و پشت بە دەزگاکانی جیهازی بیروقراتی و رزیوی بەرتیل‌خۆر دەبەستێ وەکو دەبەرەی تاپۆو مەحکەمە (ل ٢٢ - ٢٣) . دووەم کە رووی لێکدانەوەی خۆی بەرەو شار وەردەچەرخێنێ و زەوی‌و دوکان‌و خانو لە شار

بروانە ل : ٧

بەڕێز بکر محمود رسول
وەزیری کاروباری و کۆمەلایەتی

● لەپێشدا چوینەلای بەڕێز مامۆستا بکر محمود رسول وەزیری کاروکاروباری کۆمەلایەتی و لێمان پرسی :

هاوکاری :

چۆن سەرنجی پاشەڕۆژی ئەم تاقی‌کردنەوەیە دەدەن ، لە چوارچێوەی ولاتەکەماندا ، عیراق بەگشتی و ناوچەی کوردستان و پاشەڕۆژی گەلی کوردمان بەتایبەتی ؟

● **بەڕێز مامۆستا بکر محمود رسول :**

ـ چەسپاندنی دیموکراتی لە عیراقدا ، لەسەر ڕێڕەوی فکری حزب و شۆڕش ، تازەنییەو هەر لەبەکەم ڕۆژی بەرپابوونی شۆڕشەوە ، شۆڕش بەرەو چەسپاندنی هەنگاو دەنێ ، ئیستاش کە لە هەموو لایەنێکی ژیانی گەلی عیراقەوە بۆ هینانە کایەی هەردوو ئەنجومەنی نیشتمانی‌ی ولات و ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ، هەلو مەرجی تەواو گونجاو ڕەخساوە ، سەرکردایەتی حزب و شۆڕش ، یاسای هەڵبژاردنی هەردوو ئەنجومەنەکەی دانا بۆ ئەوەی ، ئەنجومەکان ئەرکی گرنگی سەرشانی خۆیان ڕابەڕێنن ، وەك دانانی یاساو دەستووری ولات ، ئەوەش بوو گەلاڵەی هەردوو یاساکە خرانە بەرچاوی تێکڕای کۆمەلانی خەڵکی بۆ لێکۆلینەوەیان ، ئەم ڕێبازەش دیسان هەر بەلای سەرکردایەتی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ تەموزەوە نوێ نییەو بۆ بەدی‌هێنانی داخوازی‌یەکانی گەل هەمیشە ئەم ڕێگایەی گرتۆتەبەر ، ئەمەش ڕاسترین ڕێڕەو بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ولات : ئەوەبوو یاسای ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان کە بەدی هێنانی ئاوات و خواستی جەماوەری گەلی کورد بوو ، هەمان گفتوگۆی جەماوەری لەسەر کرا ، دیسان بڕیاری خۆمالی کردنی نەوت کە گەل تێکڕا نەك هەر بشتگیری کرد بەڵکوو ئامادەیی پیشاندا بۆ بەرگەرتنی هەموو ئەنجامێك ، دیسان لەزوربەی ئەو گفتوگو گەلیانەدا سەرۆکی فەرمانده صدام حسین خۆی ڕاستەوخۆ ئامادەبووە ، کە ئەمە گوڕ و تینێکی بەهێزتر بەڕێڕەوی دیموکراتیانەی شۆڕش داوە . هاموومان دەزانین ئەم دوو یاسایەی ئەم دووایەشە بەهۆی قسە لەسەرکردن و لێکۆلینەوەی فراو نەوە لەلایەن کۆمەلانی خەڵك و ڕێکخراوە میللیەکانەوە هەرچی کەم و کورتییان هەبوو دیاری کراو بەدڵسۆزییش پەنجە بۆ لایەنە جاك و تایبەتەکانی کێشرا کە دڵنیاین سەرکردایەتی شۆڕش هەموو بیاری سەرنجێکی دڵسۆزانە لەبەرچاو دەگرێت تاقی کردنەوەشمان بە بەڵگەوە لەم بارەیەوە هەبە وەك سەبارەت بە یەکەم یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستانەوە ڕووی‌دا :

ئەم دوو یاسەیەش هەروەك وتم کە لەلایەن تێکڕای گەلەوە بەسەربەستی قسەیان لەسەر کرا ، بیاری سەرنجەکانی کۆمەلانی خەڵك بەولایەنەی یەکێتی نیشتمانی بەهێز دەکاو ئاوات و خواستی گەل و سەرکردایەتیە لێی هاتووەکەی بەدی دەهێنێ لەبەرچاو دەگرن ، ئەوەندەیش لەم بارەیەوە پەیوەندیی بەناوچەی کوردستانەوە هەبێ ، ئاشکرایە لەو ساوە کە باری ئارامی و ئاسایش دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرتووە دام و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی کەوتونەتە کاری خۆیان ئەم تاقی‌کردنەوە مەزنە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو فوول بوونەوەو چەسپاندنی زیاتر دەچێ ، سەرکردایەتی‌ی حزب و شۆڕش لە ناوەڕێنانیدا بە مافی ئەتەوایەتی گەلی کوردمان و بەو پێیەی لە ڕاپۆرتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی حزبدا دیاری کراوە ، دەردەکەوێ کە ئاوڕهێنانێکی مەبدەئیەو سەرۆکی فەرمانده خۆی و تێکڕای سەرکردایەتی زۆر بایەخ بە زوو بەجێ‌هێنانی خواست و ئاواتەکانی گەلی کوردمان دەدەن . بەقەناعەتی شەخسی خۆم ، مافی ئەتەوایەتیمان لەم چوارچێوەیەدا لە گەشەسەندنایەو بڕیارەکانی ئەم دواییەی سەرکردایەتییش سەبارەت بە ناوچەکە بەڵگەی ئەم ڕاستییەن ، لەبەر ئەوە وا چاوەڕێ دەکەم کە سەرکردایەتی حزب و شۆڕش لەسەر هەمان ڕێڕەو بڕیارو دەستکەوتی دڵخوشکەرانەی زیاتر بۆ گەلەکەمان بەدی‌بهێنێ ، بەڵام دەبێ دەست بۆ ئەوەش بکێشن ، کە بڕیارو هەنگاوەکانی حکومەتی نیشتمانی پێوستی بە هاوکاری و لە دەور کۆبوونەوەی گەلە لە ناوچەکەدا ، هەروەها بشتگرتنی دڵسۆزانەی سەرکردایەتی حزب و شۆڕشە لەم مەیدانانەدا ، دڵنیاشم کۆمەلانی خەڵك ئەم گیانی دڵسۆزی‌یەیان تێیدا هەیە ، ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ئەماوەی ساڵانی ڕابوردوا ئەوەندەی بۆی لە واوە ئەرکی دڵسۆزانەی خۆی بەجێ‌هێناوە ، بێگومانم قۆناخی داهاتووکە ئەم ئەنجومەنە بە هەڵبژاردنی سەربەستی لەدایك دەبێ زیاتر ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ دەهێنێ .

بەڕێز عبدالله اسماعیل
وەزیری دەوڵەت

(هاوکاری) چاوی بە مامۆستا عبدالله اسماعیل وەزیری دەوڵەت کەوت و دەربارەی هەنگاونان بۆ پێك هێنانی هەردوو ئەنجومەنی نیشتمانی و یاسادانانی و ئەو هەڵبژاردنە سەربەستەی بۆ پێك هینانیان دەکرێ ئەم گفتو گۆیەی لەگەڵ داکرد :

هاوکاری : مامۆستا دەمانەوێ ، تێکڕا ، بیروڕای بەڕێزتان بزانین دەربارەی هەنگاونان بەرەو تاقی کردنەوەی چەسپاندنی ژیانی دیموکراتی لە ولاتەکەماندا لەڕێگای هەڵبژاردنی سەربەستەوە بۆ پێك هێنانی هەردوو ئەنجومەنی نیشتمانی ولات و یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ؟

بەڕێز مامۆستا عبدالله اسماعیل :

بە بیروڕای من ، چەسپاندنی ژیانی دیموکراتیانە لەخۆیدا ، بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی دەوڵەت لەگەڵ حەڵکی ولات پێویستیەکی گرنگە ، وەك پێویستی خۆراك بەخوێ ، لە پاڵ باوەڕ بوونداو بەوەی کە ئەم چەسپاندنە دەبێ لەئەندازەی خۆیدا بێ ، باوەڕم وایە ، هەنگاونان بەرەو ئەم تاقی‌کردنەوەیە ، هەنگاوێکی مەوزوعی و لەجێ خۆیدایە ، چەسپاندنی دیموکراتیەت بەپێی پێویستی ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری و هەموو لایەکانی تری پەیوەندی دەوڵەت لەگەڵ گەلدا کە دەبێ لە ئەندازەی زروف و باری هەڵکەوتی تێکڕای ولاتدا بێ ، دانانی ئەم دوو یاسایەوە کارکردن بۆ چەسپاندنیان لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە لەکاتی لەباری خۆیدا هات و دەتوانین بڵێین بارێکی وایە وەك دەڵێین کاڵای پڕ بە باڵای خۆیەتی

هاوکاری :

بەڕێزتان ، دەستکردن بەکاری هەڵبژاردنی سەربەست بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنەکە چۆن دەبینن و چی‌چاوەڕێ دەکەن ؟

بەڕێز مامۆستا عبدالله اسماعیل :

وەك دەزانین وا لێکۆلینەوەو قسە لەسەرکردنی هەردوو یاساکە لەلایەن کۆڕو کۆمەلەکانی تێکڕایی گەلەوە هات ، ئێمە دەزانین ، یاساکان لەمەیدانی نەزەریا لەلایەن شارەزایانی یاسایەوە دابراون ، بۆیە دەڵێین دانانی ئەم دوو یاسایە بۆ لێکۆلینەوەو قسەکردن لەسەری ولاتەکەمان و هەردوو یاساکە دەوڵەمەند دەکاو دەیانگایەنێتە ئەو ڕادەیەی لەئاستی خواستەکانی کۆمەلانی خەڵکدابن . من وای دەبینم لەدانانی هەردوو یاساکەدا بایەخ بە بەباری تایبەتی ولانی ئێمەو پێویستیەکانی خەڵکی عیراق دراوە . ئابەم جۆرە ، ئەم تاقی کردنەوەیە بەلای گەلەکەمانەوە ، تاقی کردنەوەی بەڕاستی نوێ و تایبەتیە ، نەوەی نوێی ولاتەکەمان بەخۆیەوە دەبینی ، ئەوەی نەوەی پێشووترەو تاقی‌کردنەوەی هەڵبژاردنە داتاشراوەکانی سەردەمی پاشایەتیان دیوە زیاتر هەست بە ڕووناکی و ڕاستی نموونەیی ئەم تاقی‌کردنەوەیە دەکەن ، سەردەمی پاشایەتی هەڵبژاردنی نوێنەرانی لەبەرخاتری ئاوات و خواستی گەل و ولات نەدەکرد ، هەر کاتێکیش هێزە نیشتمانیەکان تەقەللای ئەوەیان بدایە ، ئەوا هەر لەسەرەتاوە بەربەست دەکراو لەماوەی (٤٠) ساڵی تەمەنی ئەو ڕژێمەدا تەنیا هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٥٤ هەلو مەرجی بۆ هێزە نیشتمان پەروەرەکان ڕەخساند کە دەستەلاتی خۆیان بنوێنن ، بەلام بە فەرمانیکی پاشایەتی ئەو ئەنجومەنە هەڵوەشایەوە ، کەواتە دەتوانین بڵێین ئێستا ئێمە لە عیراقی نوێدا تاقی‌کردنەوەیەکی فرە تایبەتی و گەورە دەبینین و دڵنیاین کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تاقی‌کردنەوەکە بەرەو قوول بوونەوەی زیاتر دەچێ .

هاوکاری :

باشە مامۆستا دەتانەوێ لایەنە دیارو ڕووناکەکانی ئەم تاقی کردنەوەیەمان لەماوەی هەردوو یاساکەوە بۆ ڕوون بکەنەوە ؟

بەڕێز مامۆستا عبدالله اسماعیل :

ئەو لایانانەی کە دیارو ڕووناکن لە هەردوو یاساکەدا ، ڕێشەکی هەڵبژاردنەکە ڕاستەو خۆو سەربەستەو ئەمەش مانای ئەوەیە بۆ هەموو ڕۆڵەکانی گەل هەیە کە تەمەنی یاسایی ڕێگای دەدا بەشداری بێ‌جیاوازی تیا بکا . دیسان ئەوەی کە یاساکان دیاریان کردووە ، پارەی پروپاگەندەی هەموو پاڵێوراوێك لەلایەن دەوڵەتەوە دەدرێ کە ئەم ڕێگا لە ئەرزکردنی ئیرادەی شەخسی دەگرێ و ماوە بەوە نادات ئەوەی زۆرتری هەبێ زۆرتر پروپاگەندەی بۆ خۆی بکا کە لێرەدا سوودی تێکڕای ڕێڕەوی خواستەکانی گەل لێك دراوەتەوە ، ئەمە بێجگە لەوە یاساکان ڕێگایان گرتووە کە دەرچوون بە تۆکیە بێ لێرەشدا ماوە فراوان کراوە لەبەردەم دەستەلاتی خەڵکدا کە سەرکردایەتی شۆڕش مەبەستیەتی . بە گشتی هەنگاونان بۆ چەسپاندنی ژیانی دیموکراتیەت لە ولاتداو لەدایك بوونی هەردوو ئەنجومەنی نیشتمانی و یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان لەڕێگای هەڵبژاردنی سەربەستەوە کردنەوەی لایەڕەیەکی نوێیە لەژیانی گەلەماندا لەگەڵ ئەو هەموو دەستکەوتە گەورانەدا کە شۆڕش هەر لە ١٧ی تەموزی ١٩٦٨وە تا ئێستا بەدی هیناون .

هەر وەك سەرۆکی فەرمانده صدام حسین لەگۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیراندا و لە کاتی پەنجە ڕاکێشانی بەڕێزیدا بۆ ڕاس‌کردنی هەردوو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستاندا ئەوەی دووپات کردەوە ، کە دەست‌کردن بەهەڵبژاردن و دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانی وەنەبێ قۆناخی گواستنەوەیی بەرەودیموکراتیەت بەڵکو ئەم تاقی‌کردنەوەیە ، درێژە پێدانی ڕێڕەوی ئەو دیموکراتیەیەکە شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەمموزهەر لە یەکەم ڕۆژی بەرپابوونیەوە لە سەری دەڕوا .

لەو کاتەشەوە کە هەردوو یاساکە خراونەتە بەرتیشکی لێکۆلینەوەو بیروڕا دەربڕینی کۆڕو کۆمەلەکانی تێکڕایی گەل ، لە مەودای ئەولێکۆلینەوە فراوانانەدا ، جارێکی تر ڕێڕەوی دیموکراتیانەی شۆڕش ساخ بوەوە ، کە لە دوای لەدایك‌بوونی ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی یاسادانان هیوابە پاشەڕۆژی ئەم ڕێڕەوە ڕووناك تر دەکا .

بۆ ئەوەی ، زیاتر لایەن و بابەخی ئەم تاقی‌کردنەوەیە بڕانین ، (هاوکاری) چاوی بە چەند لێپرسراوێکی و لات و نوێنەرانی ڕێکخراوە میللیەکان کەوت و لەم بارەیەوە قسەی لەگەڵدا کردن :

عبدالستار طاهر شریف
سکرتیری لیژنەی مەرکزی پارتی شۆڕشگیری کوردستان

هەمان پرسیارمان خستە بەرچاو بەڕێز مامۆستا عبدالستار طاهر شریف سکرتیری کومیتەی ناوەندی پارتی شۆڕشگیری کوردستان . ئەندامی لیژنەی باڵای بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی بێشکەوتنخواز لێمان پرسی :

هاوکاری :

چۆن سەرنجی پاشەڕۆژی ئەم تاقی‌کردنەوەیە دەدەن لە چوارچێوەی ولاتەکەماندا ، عیراق بەگشتی و ناوچەی کوردستان و کەلی کوردمان بەتایبەتی ؟

● **بەڕێز مامۆستا عبدالستار طاهر شریف :**

● دەربارەی بیاری سەرنجمان ، لە ڕوی هەردوو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ، بەناوی حزبمانەوە ـ پارتی شورشگیری کوردستان ـ بیروڕای خۆمان لەڕۆژنامەی ـ الجبهە ـ و ـ الثورە ـ و بلاوکراوەی ـ شۆڕشگێڕ ـ ڕاگەیاند ، چی لەڕووی خواستی گۆڕینی مەندێ بەندیانەوەبێ یان ڕووی زیاد کردنی هەندێکی تریانەوە .

دەربارەی سەرنجمان بۆ ڕاوەژی چەسپاندن و ڕاپەڕاندنی هەردوو یاساکە ، گومان لەوەدا نیە ، خۆی تەنیا لەدایك بوونیان و قسە لەسەر کردنیان بەو جۆرەی دیمان لە ناو تێکڕایی جەماوەری گەلی عیراقدا بە گوردو عەرەب و کەمایەتیە براکانەوە ، ئەڵێم ئەمە خۆی لەخۆیدا دەرگایەکی فراوانی دیموکراتیەو سەرەتایە بۆ چەسپاندنی ئەم ڕێڕەوە لەسەر بنەڕەتێکی پتەو ، وا ولاتەکەمان هەنگاو بەرەو ئەوە دەنێ ، بۆ یەکەمجار لە عیراقدا لەدوای پێك هێنانی ناوبراو بە حوکومەتی نیشتمانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆی بەسەربەستی بەخۆیەوە دەبینێ ، چونکە هەموو هەڵبژاردنەکانی سەردەمەکانی بەر لە شۆڕش کە بەناوی دیموکراتیەتەوە دەکران داتاشراو بوون ، بەرای ئێمە دیموکراتیەت لەگەلەوە بۆ گەل بێ گومانی تیادا نیە دوای ماوەیەکی تر وەك کاربەدەستان لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌دا ڕایان گەیاندوە ، هەردوو یاساکە ڕێگای تایبەتی خۆیان دەگرن و جەماوەری گەل دەوری ڕاستەقینەی خۆی لە چەسپاندنیان دادەگێڕێ و لەسەرتاپای ولاتدا گەل نوێنەری خۆی بەسەربەستی و ئازادی دوور لە هەموو کارتێکردنی هەڵدەبژێرێ بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی و یاسادانان ، بێگومان گەلی عیراقمان بەگشتی دەمێکە تینوی گونجاندنی دارتکی وایە کە لەسایەی دیموکراتیەتی گەلیدا بجەوێتەوە ، بێگومان ئەم شێوەو ڕێبازە دیموکراتیە زیاتر ولات و بەرەو هێمنی دەبا ، لە ناوچەی کوردستانیشدا ئەم هەنگاوە کاری چاکتر دەبێ بە تایبەتی ئەم ناوچەیە لەسالی ١٩٦١وە تاکوتایی ١٩٧٥ هیمنی و ئاسایشی بەخۆیەوە نەدیبوو ، ئیستاش ڕێگادان بە جەماوەری کورد بۆ ئەوەی نوێنەری خۆیان بۆ ئەنجومەنی یاسادانان هەڵبژێرن ، تەنیا ئەم هەنگاوە لە خۆیداو دروست بوونی ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە نەك هێمنی لەناوچەکەدا پتەو ئەکا بەڵکو کارێکی گەورە دەکاتە سەر باری ڕژێمەکانی دەوروبەرمان لەم قۆناخەدا کە گەلی کوردمان لەژێر دەستی ڕژێمەکەی خومەینیدا دەچەو سینرێتەوە بێگومان پرشنگی ڕووناکی ئەم دەستکەوتەیە لەناوچەی کوردستانی ئیراندا کاری بەسوودی خۆی دەکا بەرەو مل پێ‌شۆڕکردنی ڕژیمەکەی خومەینی .

لە دەزگای گشتی‌ی نیشتەجی کردن

هاوکاری کێشەی نیشتەجێ و کەمی خانوو بەرە ڕووی دەکاتەوە

- دروستکردنی خانووبەرەبە خزمەتگوزاری‌یەکی پێویستەوە .
- چەند کارگەیەکی بەرهەمهێنانی کەرەستەی بیناکردن بۆ یەکەم جار لە کەرتی سۆشیالستی‌دا
- دەزگاکە هەموو دادەمەزرێ .

پێداویستی‌یەکانی هاوولاتیان زامن دەکا . پێشەکی ، گیروگرفتی کەمی خانوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئالۆزتر دەبێ ئەوەی خانوو دروست بکا بەزەحمەت کەرەستەی بیناکردنی دەست دەکەوێت ، ئەم کێشەیەش تا ئێستا ماوەو چارەسەرێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە .

دەزگای گشتی‌ی نیشتەجێ کردن ، ، بینا کردنی بانەخانەی نیشتەجێ کردنی نوێی خستبووە ئەستۆو دەیفرۆشت بەهاوولاتیان ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ئەم هەنگاوە گیروگرفتەکەی چارەسەر نەکرد .

دەزگاکە بەردەوام دەستی کردووە بە بینا کردنی بانەخانەو ئەم شێوازە لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەکار دەهێنرێ‌و ئەم جۆرە بنایانە چەشنە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو لە نێو دانیشتواندا پەیدا دەکەن زیاتر لە خانووە یەك نهۆمەکان جگە لەوەش کە لە لایەنی

ئابوریەوە پارەیان کەمتر تێدەچێ بەو پارەیان کەمتر تێدەچێ بەو پێیە کە ڕووبەری هەر شوقەیە‌ك لە باڵەخانەکە بەشێوەیەکی گشتی لەو خانووانە بچوکتر دەبێ ژمارەی حێرانێکی زۆرتریان تێدا دەحەوێتەوە .

ئەمە مەسەلەیەکی گرنگەو بە شێوەیەکی تایبەتی لەو شارانەی دانیشتوانی زۆرن بە کار دەهێنرێ ، بەرزی یا ژمارەی نهۆمەکانی باڵەخانەی نیشتەجێ کردن بەپێی نەخشەو پلانێکی دانیاریو هونەری دادەنرێ ، دەزگای گشتی نیشتەجێ کردن لایەنێکی مەرکەزی‌یە هونەری دادەنێ ، دەزگاکە لە ولاتدا کە نەخشەسازی سێ نموونەی خانووی زۆر کەمیان تێدەچێو ئەم خانووانە توانای ئەوەیان هەیە دروست کرد کە پارەیەکی لە پاشەڕۆژدا فراوانتر بکرێن چونکە نەخشەیەکی ڕوونو ئاشکرا بۆ هەر خانوویەك پێویستی ی دەبێ لەگەڵ هەروەها خانوویەك ئامادە کراوە هەروەها مواسەفاتە هونەری‌یەکانو کەرەستای بینا کردن کە هەموو خانوویەك پێویستی ی دەبێ لەگەڵ



ئامادە کردنی خانوو بەرەی ساوایانو باخچەی منداڵانو قوتابخانەی سەرەتایی‌و ئامادەیی‌و بازڕێکی هاوچەرخو مەلبەندێکی تەندروستی لاوانو نامەخانەیەك .. هتد)و بۆ ئەوەی زیاتر شارەزای کاروباری دەزگاکە بین چاو پێکەوتنێکمان لە گەڵ ئەدازیار (عبد المطلب العربی) سەرۆکی دەزگاکە کرد بۆ ئەوەی باسی کەمی‌ی خانوو دروست کردنمان بۆ بکا .. گەرچی بینا کردنیش بە شێوەیەکی فراوان هەر بەردەوامە .

لە وەڵامدا وتی :ـ

ـ دەزگاکە نەخشەو پلانێکی بۆ دروست کردنی کەرەستەی بینا کردن داناوە هەرچەند پەیوەندیشی بەم کارەوە نی‌یە ، وەکو دەست پێشخەرێك چەند کارگەیەك دامەزراوە بۆ بەرهەمهێنانی کەرەستەی نەگەیەنەر (المواد العازلە) کە پێویستی‌یەکی زۆرمان پێی هەیە . هەروەها کارگەکانمان دەست کردووە بە بەرهەم هێنانو بەکەمین کارگەن لە کەرتی پێشدا کەوتبووە ئەستۆی

ئامادە کردنی : ذکریات محمد حسن

وێنە گرتنی : غازی طلوب

بڕوانە ل : ٧

پڕۆژەی ئاوەدانی لە پاریزگای دهۆك دا

ئەمینداریتی گشتی ئەریوەبردنی کاروباری ناوخۆ سالی پار بایەخێکی زۆری بە هەموو ناوچەی کوردستان داوەو هەمیشە دەربەستی ناوچەی کوردستان بووەو زۆر پڕۆژەی جۆراوجۆری جێبەجێ کردوەو هەڵبەت ئەمەش نەگەیشتەوە بۆ ئەوەی کە حکومەتی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەمموز لە ناوەڕۆکی بیرو باوەڕی‌دا ئەوەیە کە بایەخێکی تەواو بە ناوچەی کوردستان بدرێت .

● ئەمەش هەندێ لە پڕۆژە خزمەتگوزاریە جۆربەجۆرانەن کە لە پاریزگای دهۆك‌دا تەواوبون .

سالی ١٩٧٩ لە پاریزگای دهۆك ٥٧ قوتابخانەی سەرەتایی ٦ پۆلی تەواوکراوە ئێستا زۆربەی هەرە زۆریان دەرسیان تیا ئەخوێندرێ‌و ئەمەش هەموی (٨٣١٤٣٣ر) دیناریان تێچووەو . دوو قوتابخانەی سەرەتای ٩ پۆلی تەراو کردوەو ـ ٦٠٠٨٦ دیناریان تێچووە .

سەرەڕای ئەمانەش ٥ قوتابخانەی ناوەندی ١٢ پۆلی لەگەڵ ٥ خانو بۆ مامۆستایان تەراو کردووەو لە جوانترین‌و باشترین بەردی تاشراوو ڕەنگاو ڕەنگ دروست‌کراون. هەروەها باخچەیەکی زۆر الانیش تەواوکراوە کە ٦٤٤٥٢ر٧٥٠ دیناری تێچووەو لە ٨ قوتابخانەی سەرەتای کە هەریەکەیان دوو ژۆری تری بۆ زیادکراوەو ئەمەش ٢٢٠٣٢ دیناری تێچووە .

دیواری حەوشەی ١١ قوتابخانەو خانوی‌یەك تەواوکراوەو ـ٣٠٨١٨ر دیناری تێچووە .

هەروەها ١٢ خانو بۆ فەرمانبەران لە پاریزگای دهۆك تەواوکراوە بە ـ٤٦٦٢٠ر دینار . پێنج حەوزی ئاژەڵ شۆرینەوە لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی پاریزگاکەدا بە ٩٧٦٥ دینار تەواوکراوە . ٩٧٦٥ دینار هەروەها دروست‌کردنی پاردەگای سوپای گەلی‌و ئەستەلامات‌و گەراجی ڕێکخراوە گەلی‌یەکانو ١٥ خانوش بۆ قۆمیسێرە ئەمبنەکان بە ـ١٧٧٩٦٣ر دینار تەواو کراوە .

مەخفەرێکی پۆلیس‌و دوو ژور بۆ دایەرەی گومرگ بە ـ٣٠٥٢٩ر دینار تەواوکراوە.

هەروەها کارگەی گەچی دەنی‌و چاك‌کردنەوەی هەندێ قاڵبی دارینی کارگەی خشتی چیمەنتۆ (بلۆك) بە ـ١٤٤١٠٦ر دینار تە واوکراوە سەرەڕای ئەو هەمو دەسکەوتانەی کە پاریزگای دهۆك بەخۆیەوە دیوێتی چەندەها پڕۆژەی ترش هێشتا تەواو نەبووە.

بۆ ئەم ساڵ ماونەتەوە ئەمانەش :

٤٣ قوتابخانەی سەرەتای ٦ پۆلی کە ـ٦٩٥٤٨٣ر دیناری بۆ تەرخان‌کراوە . وە ٤ قوتابخانەی سەرەتای ٩ پۆلی کە ـ٥٦٥٧٠ر دیناری بۆ دانراوە .

هەروەها ٥ قوتابخانەی ناوەندی ٩ پۆلی کە ـ١١٥٤٠١ر دیناری بۆ تەرخان‌کراوەو ، ٤ بەشی نارخۆیی بۆ قوتابیان کە پارەکەی ـ٨٠٨٧٢٤ر دینارەو (٥) قوتابخانەی ناوەندی ١٢ پۆلی کە پارەکەی ـ١٥٤٣٤٣ر دیناره .

وە دوو باخچەی منداڵان کە ١٢٤٩٠٧ دیناری بۆ دانراوەی قوتابخانەیەکی سەرەتای لە گەڵ (٥) خانو بۆ مامۆستایان کە پارەکەی ١٢١٦٩٧ دیناره وە چەند حاوبەك بۆ کارگەرانی ئەمن بە ٣٠٠ر٠٠٠ دینار دروست‌دەکرێ .

وە سەرەڕای ئەوانەی سەرەوەش ٤ خەستەخانەی بەیتالی نارەڵ لە ناوچەی جۆربەجۆرەکانی پاریزگای دهۆك‌دا دەست‌پێ‌کراوەو پارەکەی ٩٣٣٩٥ دینار ئەکات‌و ١٦٢٠٩ دیناریش بۆ ٣ کۆگای (مخزن) ساردکەر تەرخان‌کراوە ١٨٣٨٨ دینار بەری ناحیەو خانووی بەڕێوەبەری ناحیەو فەرمانبەرانی ناوچەکە . هەروەها دوو سەراشەر کراوەنەتەوە کە پارەکەن ١٦٤٩٧٠ دیناره .

ـ ١٩٦٨٤ دیناریش بۆ دروست‌کردنی بەڕێوەبەرێتی سەرژمێری (احصاء)ی دهۆك‌و ٣ باڵەخانەی (بنایە) جەوازات تەرخان‌کراوە هەروەها ٣ خانو بۆ فەرامانبەران‌و خانویەك بۆ بەڕیوەبەری ناحیەکە ـ ٤٦٥٨ دیناری تێ‌ئەچێ دوو هۆڵ بۆ قوتابیان کە نەخشنیگاری دەستی‌تیدا بکەن‌و پارەکەی ٢٠١٠٩ دیناره .

● هەروەها هەندی پڕۆژەی جۆربەجۆریش بە بەڵێندەرەکان دراوەو هێشتا دەستیان پێ‌نەکردوە . وەك ٣ قوتابخانەی سەرەتای ٦ پۆلی کەپارەکەی ـ٨٧٤٨٨ دیناره . وە ٣ باخچەی منداڵان کە ٢١٢٣٣١ دیناری بۆ تەرخان‌کراوە . وە ٧ ژوری زیادەش کە پارەکەی ـ ٩٨٨٨ دیناره .

سەرەڕای دوو (سەرا) کە بە ـ ١٣٨٠١٧٨ دیناره . ئایەم جۆرەی کەباسمان‌کرد پاریزگای دهۆك ئێستا بەشێوەیەکی ئاشکرا هەست بە بزوتنەوەو ئاوەدانی تبانەکری لەڕوی هەمو جورە خزمەتگوزاریەکەوە .

« بەشی ڕاگەیاندن »
لە ئەمیداریتی گشتی بەریوەبردنی ناوخۆ

کرێکارانی سلێمانی و هەولێر دووارۆژی ڕووناك

● ڕۆشنبیرکردن‌وتێگەیاندنی جەماوەری کرێکاران بەتایبەتی لە نەچۆنەتی هەڵس‌وکەوت‌و مامەڵەکردنی ئێسی ڕۆژانەدا بەکێکە لە هۆکانی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دیمکراتی‌بەحتیار، چونکە کرێکاری ئەمڕو بەتایبەتی لە ناوچەی کوردستاندا نەگەیشتونەتەنە ڕادە ڕۆشنبیری‌یەی کە هەموو لایەنەکانی هۆی‌بێش‌کەوتن بزانن‌و هەوڵ بدەن بۆ پێش‌خستنی‌باری ئیشوکاری ڕۆژانەیان‌و وانزانم ئەم کارەش ماوەیەکی‌زوری ئەوێ‌و ئەگەر یەکیەتی نەقابەکان ئەم مەسەلەیە بگرتە ئەستۆی خۆی ئەمە خۆ وەختو ماوەیەکی‌باشی ئەوێ تا ئەگەنە ئەنجامی بە گەلك .

● جا ئەوەی مەبەستمە لێرەدا باسی بکەم هەوڵ تەنەلای یەکیەتی نەقابەکانی کرێکارانی پارێزگای سلێمانی‌یە کە چالاکانەو دڵسۆزانە دەورێکی شیاوی چالاك ئەگێڕن لەم مەیدانەدا کە مەیدانی ڕۆشنبیرکردنی کرێکارانە لە هەموو ڕووبەکەوە وهەر کرێکارە بە گوێرەی بابەت‌و پێویستی ئیشوکارەکەی خۆی .

● گرنگترین کارێك لەم ڕووەوە کە ئەوان بابەختێکی تایبەتی‌ی پێ‌دەدەن باشبان داوەتێ سازکردن‌و پێك‌هێنانی کۆری ڕۆشنبیری ئەرانوانە بۆ جەماوەری کرێکاران لە ناو ئیشوکارو دائیرەو گارگەکانی خۆیاندا ، کە لە نێوان ئەو کۆڕانەوە بابەتی گرنگی ڕۆشنبیری مەردەم‌و هۆکانی زۆرکردنی بەرهەمیان بۆ ڕوون ئەکەنەوەو هەرچی گیروگرفتیان هەیێت گوێیان لێ‌ئەگرن‌و دیموکراتیانە بۆیان جێبەجێ ئەکەن‌و ، وا بۆ نموونە باسی چەند کۆڕێکی فراوانی‌یان ئەکەین کە لەم چەندانەی دووایدا سازیان کردوون .

● لە ناو کارگەی ئەسفەڵتی سەنگەسەردا کۆڕێکیان سازکردووە بۆ هاموو ئەو کرێکارانەی کە لەسەر پڕۆژەی ڕێگای نارچەی قەلادزێ‌و ڕاپنەدا ئیش‌ئەکەن‌و نزیکەی ٦٠٠ کرێکار هاوبەشیان تیا کردووەو گفتوگۆی دیمکراتیانەیان لە گەڵدا کردوون‌و گیروگرفت‌و تەنگوچەڵەمەکانیان بەسەر کردونەتەوەو زۆریان بۆ جێبەجێ کردوون‌و لە کۆڕەکەدا کاك حسێن جبار حسین سەرۆکی یەکیەتی نەقابەکانی کرێکارانی سلیمانی‌و بەڕیوەبەری هەردوو پڕۆژەی ڕێگای قەلادزێ‌و ڕاپنەو هەموو ئەندازیارەکانی ئەو پڕۆژانە ئامادە بوو بوون .

بڕوانە ل : ٧

هاوکاری وکۆمەڵایەتی خەڵك

بۆ بەرچاوی کارگەی شەکری سلیمانی

دەربارەی ئەم کرێکارە :



گیروگرفتی هاوولاتی (حاجی محمد وەلی) کرێکاری کارگەی شەکری سلیمانی وەك لە نامەیەکدا بۆمان دەتووە ، بەرچاوی کاربەدەستانی کارگەی شەکر دەخەین . هیوادارین ، وەڵامێکی گونجاویان لەڵابێ :

(ئەم کرێکارە ، بەر لەوەی بچێتە کارگەی شەکری سلیمانی پلەی فەرمانبەر ـ موظف ـی هەبوە بەپێی پێناسی ژمارە (٣٦٣) ، کەچی لەوێ پلەی هێنراوەتەوە خوارەوەو بەپێی پێناسی ژمارە (٧٣١) لەنەقابەی کرێکارانی جگەرەو دروست کرنی شتومەکی خواردەمەنی‌یەوەـلقی سلیمانی، وەك « کریکار » ، بەڵام دامەزراوی گشتی پیشەسازی خواردەمەنی بریاری گێڕانەوەی پلەی فەرمانبەری داود ، کەچی تاکو ئێستا کارگەی ناوبراو رازی نەبووە بەم گۆڕانە) .

بروسکە :

بۆ بەرچاوی شارەوانی هەڵەبجە

ڕایانی بەرێز کاربەدەستانی‌شارەوانی هەڵەبجە :

زیادە ڕۆیی ناکەین ، ئەگەر بڵێین ، پۆستەی هەموو هەفتەیەکی ڕۆژنامەکەمان ، نامەی گەلی هاوولاتیانی لە کەموو کورتیەکانی ئیشوکاری شارەوانی هەڵەبجە دەگەیەنێ ئەم‌و کورتیتان لەباك‌و خاوێن ڕاگرتنی ناو شاردا ، کەم‌و کورتی لەدابەش کردنی ئاودا ، دەڵێن دەمێکە پارە دانراوە بۆ ئاو بۆ شاری هەڵەبجە لە خورماڵەوە بۆی بێنن ، بەڵام هیچ دیار نییە ! و ... هتد .. دوا نامە لەم بارەیەوە لە هاوولاتی (ئەمیر حمە عزیز محمد) ەوە لە گەرەکی سەرا بۆمان هاتووە ، خۆزگە شارەوانی هەڵەبجە وەڵامێکی ئەم پرسیارانەی هاوولاتیانی دەدایەوە .

بە خێرایی

● **هاوولاتی بەرەو ئەنور محمد طاهر :**

١ ـ گیروگرفتی دابەش کردنی چاپکراوەکانی کوردی ئەوەندەی پەیوەندی بەدەزگاکەمانەوە هەبێ ، خەریکی چارەسەرکردنین .

٢ ـ تکاش لە شارەوانی دهۆك دەکەین ئاوڕێك لە چاری زێرابەکەی لای قوتابخانەی « ئامادەیی کاوە » بداتەوە .

● **کاك هجران تاڵەبانی :**

بەڵێ ناونیشان .. نامەو گیروگرفت بڵاو ناکەنیەوە ... ببورە .

● **برایان :**

مهدی خالد خەمبار
رەمەزان فقی
مولود محمد احمد لە شوان
حسن خلیل مولود لە سیروان

بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە باستان کردووە ئاشکرایە ، جا بەڕای ئێمە ، پرسیاری لێك دانەوەی لە دائرەی تقاعد بکەن ئەگەر نەگەبشننە ئەنجام بۆمان بنووسن .

● **کاك فتاح عباس خانە :**

کاکە ... ناو نیشان ...

Institut Kurde de Paris

تۆپەکەی ئازاد

احمد محمد اسماعیل

بارێزەکە بەتوندی ، خۆی بەجامی ئوتومبیلەکەدا ئەآبشا .

فرچەکان فریا نەئەکەوتن ، بەیتاپەیتا لەداکەوتن و هەلسانەوەدا بوون ، کەچی لەیتوان ئەو داکەوتن و هەلسانەوەیەدا ، جامەکە تەنکە ئاوێکی لێئەنیشت . کە نەیتوان جامەکەوە ئەترواتی ، شتەکان بەیەکا ئەچوون و تەلخ ئەبوون ، بەلام قەراخ رێگاکە، هەر سەوز بوو ، هەندێ جاریش بەرێنتر خۆی ئەنوان.

لەسەر ئوتومبیلەکە ، هەندێ پرو پیتال بەتانییەك شەنەك درابوو ، شلێپەی ئاوی ئەهات ، بایەکە لەسووچێکەوە بەرگە سەرنیێکی لێترازندبوو، حار نەجارێ وەك ئالا ئەشەکاندەوە ، ئافرەتەکا - کە لەپیزی دواوە دانیشتبوو ، ، بێهوودە منالەکەی تەنیشتی لەدەرگاکە دوور ئەخستەوە ، منالەکە ئەیویست ئەو - دلۆپانەی بەدیوی دەرەوەی جامەکەدا نژرێ ئەبوونەوە ، بەدەست یان گرێت ، بۆی نەئەگیران.. نیو سەعاتە بەرێگاوەن .

دوای دابرانی سالێك وا بەرەوە شارەکەیان ئەبنەوە، بەدرێژی ئەو نیوسەعاتە ، منالەکە نەبێ لەگەل دلۆپەکاندا ئەدوا ، ئەوانیتر نقەیان لەخۆیان بریبوو . لەفرەی ئوتومبیلەکەو خرمەی بارانەکە بەرلاوە دەنگ نەبوو . « ئازاد » کە دلۆپەکانی بۆ نەگیراو وەرس بوو ، دەستە بجروکەکانی لەسەر شانی باوکی دانا :-

- بابە . ئەزانم تۆپەکەم لە کوێ شاردۆتەوە .. هەر کە گەیشتینە ، مال بەکسەر دەری ئەهێنم . ئێ ؟.

. . . . . .

ووشەی « تۆپەکە » دررووژانی . تۆپەکە «برایم» بەتۆنەی تەواو بوونی خانووەکەیانەوە بەدیاری بۆ « ئازادی هێنابو . بەدرێژایی ئەو ماوەیەش کە لەمالی حۆیانەوە دوورکەوتبوونەوە ، زەبیری نەچووبوەوو چەند جارێکیش کولاندبوویەوە .

- بابە .. بەڕاست ها کەی بوو ووتت : کاکت رۆیشتۆتەوە مالی خۆمان . ئەو ئەزانێ لەکوێم شاردۆتەوە، بەلام بێ من دەری ناهێنێ .

باوکی هەر چەندە لە جامەکەی تەنیشتیەوە هیچی وای بۆ لەیەك جیا نەئەکرایەوە ، کەچی رووی وەرچەرخاندو بێ ئەوەی لە دەسەلاتیا بێ فرمێسك رەروومەتیا هاتە خوارەوە ، لەگەل دلۆپەکاندا کەوتنە بیشبرکێ ، بەلام زوو بە خۆیدا هاتەوە ، بۆ ئەوەی شوفێرەکە پێی نەزانێ ، گورج ئحمێکی بۆکرد ، بەپەلە باکەتەکەی لە گیرفانی دەرهێناو ، جگەرەیەکی بۆ درێژکرد ، بۆ خۆشی یەکێکی داگیرساند ، لەگەل مزلیدانی جگەرەکەیدا ، پێی بۆ بەردەم درێژکرد . ووشەکانی « ئازاد » وای لێ کرد هەر بەلەشی لەئوتومبیلەکەدا بێ ، مێشکی دەیان تووله رێی بۆکرابوەوە، نەبئەزانی کامیان بگرێ :

پێی ووتم : مام غریب . واسالێکە پێکەوەین ، هەر حەلالمان لەیەك جیابوو . ئاشوکری نەبێ تۆکێت هەیە . ئەگەر حەز ئەکەی لەگەل ئێمەدا وەرە . خانوکەمان حێگای ئێوەشی تیا ئەبێتەوە. لەوێش سەری کاسیەیەك بکرد تا ..

- برا . خۆت ئەزانی کونجێکم لای خۆمان پێکەوە ناوە .

ئەزانم حەز ئەکەی . بەلام پیاو لە کونجەکەی خۆیدا ...

... بەلێ سالێکو ئنێکە .... ئا . ئەبێ ،هەر ئەلێی دوێنێیە ئەو کاتە تا گەیشتینە هەقەجێ وەك ئیستا ئەسەتبوو . . . ئەو رۆژەش کە « برایم- » مال ئاوایی لێکردین باران .. حارێکیتر گریان قورگی ئاخنی .. ئەم لاسارە هەرچەند ناوی « تۆپە » دێنێ لە دوولاوە برینم ئەکولینێتەوە، لەدوولاوە .. لە دوولاوە . . لەدوو ، بەلامیا لەدوو . . لەتربت ، هەر کە گەیشتینە مالەوە سەرنگومی ئەکەمو خۆم تۆپێکی بۆ ئەکرم . بارانەکە هیوری کردەوە ، فرچەکان دامرکان، وردە دلۆپەکان وەك دەنکە مرواری بچوك بچوك بەسەر جامەکەدا ئەنووسان . ئەبرێکا شوفێرەکە دەستی ڕەدوگمەیەکدا ئەنا ، فرچەکان بۆی هەلئەسانەوە و واریەکان لە ژێر دەم فرچەکاندا خۆیان نەئەگرت ، ئەبلیشانەوەو وون ئەبوون . جاوی لە فرچەکان بری ، بۆ ماوەیەك بەهات و چۆیانەوە خۆی خەریك کرد . کات لە ئیوارە نزیك ئەبوەوە تا ئەهاتیش تاریکتر ئەبوو .

بەدەستە راستا لابدە . زۆر نارۆین دووەم کۆلان یەکەم دەرگا مالێ ئیمەیە .شوفێرەکە سەری رەزامەندی بۆ لەقاند . هێشتا بە تەواوەتی نەگەیشتبوونە ناو شار ئەم لەمال دابەزیبوو ... هەر کە دابەزین دراوسێکانمان بەسەرا دئەباریێن . وەستا حەمە ماسەکریم .. خولە ، تۆ بلێی چاخانەکەی مابێ .

گەیشتنە ناو شار ، جامەکەی داگرت . بەمبەرا ، بەو بەرا هەلیروانی .. بەلکو ناسیاوێکم بینی . کەسی ناسیاوی نەبینی .

- بابە گەیشتین .. ئەزانی تۆپەکەم لە کوێ شاردۆتەوە ؟ ! .

- باشە . بابەگیان باشە .

- ئا لەسەری کۆلانەکە راوەستە .

پرۆپیتالەکەی داگرت ، کرێیە کەی دایە . کە سوورایەوە خورپەلە دلیەوە هات . خانوەکەیان بارانەکە سەدەها پارچە ئاوێنەی لە ناو وەردو زەویە نەکێلراوەکاندا فرێدابوو . سەری بۆ پنشەوە برد ، چاوی لەئاسمان بری . هەورەکانی بەردەمیان ئال هەلگەرابوون ، نیشانەی گەیشتیانی ئەدا . زانی سوور هەلگەرانی هەورەکان ، بە هۆی ئاگرەکانی دەوروبەری شارەوەیە . بەدەنگێك زیاتر لە چپە ئەچوو ووتی :-

- گەیشتین .

بەلای ئافرەتەکەدا ئاوری دایەوە . بەلام ئەو ، سەری بە جامەکەوە نابوو بێدەنگ ئەگریا . لە دلێ خۆیدا پەشیمان بوەوە کە ووشەی « گەیشتین » ی لەدەم دەرچوو ..

تەماشایەکی شوفێرەکەی کرد ... پێی ئەلێم زەحمەت نەبێ بمانگەیەنە مالەوە .. ئەء جارێ بابگەین . با پێی بلێم .

- خۆ زەحمەت نابێ تا نزیکی مالەوە بمانبەی ؟ .. دوور نییە ، هەر لە پردەکە بەرینەوە .

بووبەچراخان ، نەخێر موچرکێك شوێنی خورپەکەی گرتەوە . وەك بەرەو مردن بەن ، یەك دوو هەنگاو جوڵا ، لەودەمەدا منالێك بەپرتاو لەژوورەوە گەیشتە بەر دەرگاکە . منالەکە تۆپێکی رەنگامەی لەدەستەوەبوو . کەمێك راما. یەك دووجار تەپە تەپی بە تۆپەکە کرد . ئەم هەستێکی سەیر دایگرت . دەستی بەرز کردەوە لەدەرگا بدات . پەشیمان بوەوە . لەبەر خۆیەوە ووتی پێویست ناکات .. ئاوری دایەوە . ئازاد لەگەل منالەکەدا یاریان بەتۆپەکە نەکرد . دەستی ئازادی راکێشا .

- بابە تۆپەکەم . تۆپەکەم لەژوورەوەیە . ئەوە تۆپەکەی من نەسوو !

- وەرە .

بۆلای ئافرەتەکە گەڕایەوە. تا ئەو کاتە بەدیار پرپیتالەکەوە راوەستابوو. شتێکی پێووت. ئافرەتەکە بەپێوە راوەستابوو. دانیشت . ماوەیەك بێدەنگ لەتەراغ شەقامەکە راوەستان. دواجار ئافرەتەکە بە دەنگێکی لەرزۆك ووتی :

- چی بکەین ؟!

- نازانم .

- بابە تۆپەکەم .

عبدالرحمن نقشبندی

هەرسێ لەگەنکێت شللێ بوکێنە

چیڤانوك

● - هەبو ... نەبو . مێرکەك هەبو گەلەکێ هەبی ، بەلێ گەلەکێ چرویك و قەلس بو . چ جار نەدهێلا ژنا وی چ بلێنیت . تێشت و فرافین و شیفا وی و ژن و خولامێ وی هەر نان و ئاف بون .

روژەکێ بو - عید - ئینا ژنا وی گوت : ئەز دێ رابم تشتەکی لێنم چ دبیت بلا ببیت . رابو هندە شللە لێناو کرد سێ لەگەنکاو دانانە سەر دوشکی دا ساربین ، نیفرو مێرێ وێ هاتەڤەو گوتێ حورمەتێ دێ کا نانێمە بینە دابخوین . ژنا وی ژی گوتێ : جامێرۆ ئەڤرو من سێ لەگەنکێت شاڵێ یێت لێناین مانێ - عبدە - .

مێرکی گوتێ : حورمەتێ تا هاتە من . هندی ژنکێ گوتێ جامێرۆ شەرمە بو سێ لەگەنکێت شللێ تو هو بکەی !! ئینا مێرکی گوتێ : نە ... پا هەر سێ لەگەنکێت شللێ بو کێنە ؟ . ژنکێ گوتێ : کورو ئێك بو منە ئێك بو تەبە ئێك بو خولامی .

مێرکی گوتێ : ئەز مرم ئاڤا من دانەسەرو مێرکی خو مراندو دەرو - جیران - لێ داخریان . مری شو هات ژن چو بن گوهی و گوتێ : حامێرۆ رابە ئەڤە دێ تە شون و خو هشیارکە دێ مری . مێرکی گوتێ : هەرسێ لەگەنکێت شللێ بو کێنە ؟ ژنکی گوتێ : مانێ من گوتە تە . ئێك بو منەو ئێك بوتەو یادی بو خولامی . ئینا مێرکی ئێکجار خومراند . مری شو ژی رابو تازە شویست و - کفن - کرو راکر دا ببەن ڤەشێرن . ژنا وی بگری و شینی ئە گوتە خەلکێ هوین بخودێ بەری ببەن من دڤێت ئەز بەرێ خو بدەمێ . وان ژی دلێ وێ نەهێلاو دانا . ژنك چو بنکڤەو دەڤێ خو برە بن گوهی و گوتێ : کورۆ ئەڤە دێ تەبەن خو هشیارکە .

ئینا ویژی گوتێ : کا پێژە من هەرسێ لەگەنکێت شللێ بو کێنە ؟ وێ ژی گوتێ : مانێ ئەڤە هزار جارا من بو تە گوت ئێك بو منە ئێك بوتەو ئێك بو خولامی . من یاکری و ژ دەستێت من یا دەرکەتی ئەز ئێدی وەناکەم ، خو ئەز هشك ناکەمەڤە .

مێرکی گوتێ : نە کا بێژە هەرسێ لەگەنکێت شللێ بوکێنە ؟ جارەکا دی ژنکێ گوتێ : ئێك بو منەو ئێك بوتەو یادی بو خولامی . مێرکی گوتێ : ژێ ب گەرە بلا من ببەن ئەزێ مریم . حەلکێ ژی مێرك راکرو برە سەر مەزاری و ڤەشارت . ئینا ژنکێ گوتە وان هوین بخودێ پەنجەرکەکێ بو من دزیارەتێ وی بهێلن ، وان ژی پەنجەرکەك بو تێ هێلا . هەمی ڤەرەڤین ژنك ما . گافەکێ گازی کرێ :

کورو دێ رابە خو هشیارکە ئەڤە تو یێ دڤەبری دا رابە ، ئەز دێ بێژمە وان وەرن بیننە دەرڤە دیارە دلێ وی گرتبو . وی ژی گوتێ : نە بێژە من هەر سێ لەگەنکێت شللێ بوکێنە باشی ! ژنکێ گوتێ :

دێ رابە ئێك بو منە ئێك بو تەو ئێك بو خولامی . کەربێت ژنکێ گەلە ژێ ڤەبون. ئینا ژ کەربادا نەکرە نەمەردی رابو بەرەك دپەنجەرکێ قوتاو زڤری ڤە مالو شوی بخولامێ خو کرو بیارێت وی خوشبون و ئەز ژی هاتمە ڤە چ نەدامن .

× - ئەڤ چیڤانوکە - فولکلورە - لگونەدێ بامەرنێ دهێتە گوتن ، سالا (١٩٧٧) ێ من نقیسیە .

هەندێ سەرنجی دۆستانە

پێشەکی :

لە کۆتایی سالی ١٩٧٩ دا ،بە ناونیشانی « سبەینێ باوکت دێتەوە » کۆمەلە کورتە چیرۆکێکی چیرۆك نووس کاك ڕەوف حەسەن بە چاپکراوی ئەیتە دەستی خوێنەران ئەو کۆمەلە چیرۆکە بریتیە لە بانزە کورتە چیرۆك و پێنج بۆستەرە چیرۆك ، کە لەوەپێش بەشێکیانی لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیکاندا بلاو کردۆتەوە ، وە بۆ یەکەم جاریش لە ئەل ئەو کۆمەلەیدابەشێکی تری بلاو کردۆتەوە. سەرجەمی چیرۆکەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ -١٩٧٩دانووسراون .

● نوری حەیران ●

بەر لەوەی باسی چیرۆکەکان بکەمو باری سەرنجی خۆمیان لە سەر دەربڕم ، ئەبێ ئەوە بدرکێنم کە ڕەوف حەسەن یەکێکە لەو چیرۆك نووسە کوردانەی بە توانایەکی جاکەوە لە مەیدانی چیرۆك نووسیندا توانیوێتی جێگایەکی ئاشکرا بۆ خۆی دیاری بکات .

چیرۆك نووس لە ساڵی ١٩٧٢ دا بە چەند چیرۆکێك بەشداری لە چاپکراوی « چەکەرە » دا کردووە ، من ئەو ڕاستیە ناشارمەوە کە چیرۆك نووسم لە ڕێگای چیرۆکی « ئاهو نزولەکانی کچێکی سەرو عورز شۆر ! » دوە ناسیوە کە لە ژمارە «٣»ی ساڵی ١٩٧٣ ، لە ڕۆشنبیری نوێدا بلاوی کردبۆوە .

هەر وەك وتم چیرۆك نووس جێگایەکی ئاشکرای لە مەیدانی چیرۆك نووسیندا بۆ خۆی دیاری کردووە ، بەلام ئەو وەك مرۆڤێك کە بەیوەندیەکی تەواوی بە مرۆڤی ئەم سەردەمە جەنجالەوە هەیتەو لە گەل خەمەکانی خۆیدا کۆلی خەمی خەلکیشی بدات بە کۆلیداو بە دنیای دەروونی ئاوارەیدا بیان گێڕێت ، بێ گومان کارێکی ئاوا سەختو کاتێکی ئاوا بە ئەرکو ئازار ماوە زیاتر خۆش دەکات کە لە دەربڕینی ئەو خۆ خواردنەوەو ئەو هەستە بە سوێیانەدا مرۆڤ هەندێ جار وەك دەیەوێت بۆی نەلوێتو وەك ئارەزوو دەکات بۆی مەسەر نەبێت ، لە چیرۆك نووسیندا من نکولی لە دەسەلاتو توانای ڕەوف حەسەن ناکەم بەلام ئەو ئەرکە گرانانەی دەستی داوەتێو گرتویەتە ئەستۆی خۆی لە هەندێ چیرۆکەکانیدا دەیانخاتە بەر پرسیارێك کە لەوانەیە باری ڕۆژگار و درامدانەوەیان هێندە تال کات مرۆڤ ئەك بۆ وەرام نەگەڕێت بەلکو هەر بیر لە پرسیارەکان نەکاتەوە !! ... بەلام هەرچونێك بێت ماوەی ئەوە نابڕێت کە سەرنج لە هەندێ لایەنی چیرۆکەکانی بدەین و ڕای خۆمانی لە بارەوە نیشان بدەین .

وەنەبێ من دەست پێشکەرو باکەم کەسێ بم سەرنج لە بارەی کۆمەلە چیرۆکەکەی کاك ڕەوفەوە بخەمە ڕوو ، بەلکو بەر لە من لەو کۆڕانەدا کە یەکێتیی نوسەرانی کورد لە بەغدا بۆ ئەدیبانی سا زکردووە بە باوکت دێتەوە » دەربڕیوە کە کاك ڕەوف حەسەن کۆمەلە چیرۆکەکەی خۆی بە ناوێوە ناو ناوە ..دیسانەوە کاك کمال غەمبار لە ژمارەی ڕۆژی «١٧ - ١٢ - ١٩٧٩ »ی ڕۆژنامەی هاوکاریدا ڕای خۆی لە ژێر ناونیشانی « سەر خوار کردنەوەیەك لە سبەینێ باوکت دێتەوە » بەرامبەر کۆمەلە چیرۆکەکەی کاك ڕەوف حەسەن دەربڕیوە کە بەردودوا ئەو باسە لە سێ ژمارەی تردا تەواو بووە..

بە گشتی ئەو ڕایانەی دەربارەی چیرۆکەکانی کاك ڕەوف حەسەن نووسراون بەڕای من دوورن لەو مەبەستانەوە کە چیرۆك نووس لە چیرۆکەکانیدا تێکەلاوی ڕەمزێکی خەستی تەڕێوش « أنیق »ی کردوونو پێشکەشی خوێنەرانی کردووە، ئەو نووسینانەی کاك کەمال غەمبار لەو بارەیەوە نووسیونی بەبێ لایەنی دەیەوێت ڕووی ڕاستیو حەقیقەتی کەسانی چیرۆکەکان نیشان داتو لایەنی سەلبیو ئیجابیان بەرامبەر ڕووداوەکان نیشان داتو مەبەستی سەرەکی

بڕوانە ل : ٧

کاك عومەر مارف بەرزەنجی

ئەدەبی بلێ چی ؟

محمدی مەلا کریم

لە ژمارە ٧٨ی گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا کاك عومەر مارف بەرزنجەیی وتارێکی لەمەڕ «تێبگەیشتنی ڕاستیو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا »کەی دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد بلاوکردوەتەوە ، بە عادەتەکەی خۆیو بێئەوەی وتارەکەی پێوەندیکی بە بەکارهێنانی وشەی بێگانەوە لە زمانی کوردبدا بێت ، پلارێکیتری تیا گرتوەتە مێو ، کە باسی (مێجەر سۆن) ئەکا ، ئەڵێ : « ... سۆن کە لە ڕەچەڵەکدا ئینگلیز بوەو بۆ مەبەسەر بوونی (مەرامی) کاری ئەوان هەڵسووراوە (کەچی) لە سەرجەم نووسینەکانیدا بەلای بەکارهێنانی وشەیەکی ئینگلیزیدا گوزەری نەکردوە ، کەچی هەندێ لە نووسەرانی ئەمڕۆ (بە بێ کاری پێویستو تەنانەت) وشەی ئازیزی کوردی (لەئارادایەو) بە چەشنی مۆدیلی عەسر وشەیەکی ئینگلیزی لە پەناو پاساردا دەستەمۆ ئەکەنو لە باتیی وشە کوردیەیە ڕاستەقینەکە بە کاری ئەهێنن کە ئەمەیشی تا بڵێی کرتنی ڕێڕەویکی ناشایستەو زیانبەخشە » . و ، سەرەڕای ئەوە پەراوێزیکیشی بۆ ئەم پارچەیەی وتارەکەی کردوە ، لەو پەراوێزەدا نووسیویە : « بۆ نموونە کاك محەمەدی مەلا کەریم لەباتیی وشەی نازداری کوردیی وەك(ڕاستی) هاتوە (فاکت)ی بەکارهێناوە . جا نازانم کە (ڕاستی)مان هەبێ (فاکت) بۆ قەرز بکەین ؟ »

پێشەکی ئەمەوێ بڵێم ئەوەندەی مەسەلەکە پێوەندی بە ڕەخنەوە هەبێ ، ئەوا ئەم سەرەیان لە کورتی ببڕینەوەو ڕەخنە لەسەر چاوو سەر .. بەلام من بۆشم **هەیە بپرسم ئەبێ لەبەرچی کاك عومەر وا خۆی ملاسی بدا لە هەڵێك بگەڕێ منی تیا بقۆزێتەوەو بە هەق ، لەجیاتیی کەسانیتر ، تێم بووروژێ (دیوانی بێکەس) بلاو ئەکەمەوەو باسی یارمەتیی ئەویشی تیا ئەکەمو سوپاسی ئەکەم ، کەچی ئەو پاش دە ساڵ بە خەیالیا دێ یا بە گوێیدا ئەچرپێنن بێ لەسەر شتێکی نەبوو لەو بابەتەوە ڕەخنەم لێ بگرێ ..**

(دیوانی مەحوی) بلاو ئەکەمەوە ، ئەو دێ لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کێشەیەکی بەسەرچووی ئایینیم بۆ زینا وو ئەکاتەوە ، وەك بڵێی من لەم جۆرە بابەتانەدا بە سەنگو ترازووی زانست نەجووڵێمەوەو لایەنگری بەرەیەك لە بەرەکانی کێشەکە بم . وشەیەکی لاتینی بە جیهانی بوو لە تێکستێکی کوردیدا بەکاردێنم ، وەك ئەو خۆیو دەیان کەسیتر ، کەچی ئەو لەناو ئەم هەموو خەڵکەدا من هەڵئەبژێری بۆئەوەی باسم بکاو ناوم بخاتە ناو ناوان .

ئەنجا خۆزگە هەر ناوهێنانەلە بوایەو بەس ..

ئەو دێ سۆن ، بەڵێ سۆنی نومایندەی ئیمپریالیزمی ئینگلیز لە کوردستان ، لە من بە دڵسۆزتر بۆ زمانی کوردی دائەنێو من لە چاوی ئەوا ئەکا بە کابرایەکی خاوەن « ڕێڕەوێکی ناشایستەو زیانبەخش » ، چونکە سۆن ، وەك ئەو ئەڵێ ، ئەهاتوە لەباتیی وشەی ئازیزی کوردی ، وەك هەندێ لە نووسەرانی ئەمڕۆ ، وشەی ئینگلیزی دەستەمۆ بکاو ، لەناو ئەو هەموو خەڵکەدا من ئەکا بە نموونە بۆ ئەم « تاوانە » .

من تەنها بەرابەر بەم « کۆپلە »یەی وتارەکەی کاك عومەر (ئەگەر لە بەکارهێنانی وشەی « کۆپلە »ش تووڕە نەبێ) ، ئەمەوێ لێی ببرسم : چۆنی بۆ دەرکەوتووە سۆن لە سەرجەم نووسینەکانیدا بەلای بەکارهێنانی وشەیەکی ئینگلیزیدا گوزەری نەکردوە ؟ دیارە من خۆم ئاگاداریەکی ئەوتۆم لە نووسینەکانی سۆن نییە،بەلام ئەوەندەش ئەزانم کە سۆن لەوبابەتانەی ئەنووسیوە کە ئێمە ئەمڕۆ ئەیانئووسینو بۆیە پێویستمان بە دەیان وشەی بێگانە ئەبێ . هەروەها ئەشزانم سۆن ، وەك هەر بە کوردی نووسیکی ، ئەو سەردەمە ، دەیان وشەی عەرەبیو فارسیو تورکیی خستوەتە ناو نووسینە کوردیەکانیەوەو ، هەر هیچ نەبێ « غەزەتە »ی لەباتیی « ڕۆژنامە »ی ئێستاو ، « فابریقە »ی لەجیاتیی « کارگە »ی ئەمڕۆو « ئۆتۆمۆبیل » و «شەمەندەفەر »و « بۆمبا »و گەلێ وشەیتریشی بەکارهێناوە .. قابیل نییە ئەو لە ڕۆژنامەنووسە کوردەکانی ئەوڕۆژە کوردیی باشتر زانیبێ ...

ئەنجا ئەبێ ئەوەش بڵێم من لەو نەتەوە پەرستە تەنگە جیکڵدانانە نیم کە وائەزانن کوردایەتی بریتییە لە بەکارنەهێنانی وشەی عەرەبیو فارسیو تورکی لە کوردیدا ، چونکە بۆ عەرەبو فارسو تورکیش نابێ نەتەوە پەرستی بە دوورەپەرێزی بێ لە وشەی کوردی یا وشەی زمانێکیتر . من لەوانە نیم لایانوایە بەگژاچوونی ئیمپریالیزمی ئینگلیزو ئەمەریکا بە بەگژاچوونی زمانی ئینگلیزی ئەبێ . من لەو باوەڕەدام ڕێگای گەشەکردنی ڕاستەقینەی هەر زمانێك بریتییە

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

کات لە (پاشماوە)

پەیدا دەکات(ل٣٢) . شتی سێیەم ئەوەیە کەوا هەست دەکەین لە وانەیە شیخ‌تەیموور خوێندەوار بێت بۆیە کە باسی مەلا عارف دەکات دەڵێ :

(ئەیەوێ گوندەکەم لێ بوورووژێنی . . نەریتی باوو باپیرم بە ئەفسانە دانەنێ .. لاقرتیمان پێ ئەکات .) (من ئەوان بە ماددی‌و بێدین ئەزانم .. هەموویان خەفیەن) ل-٣٥ .

هەر لە سەردەمی ئەمیشدا کێشەی چینایەتی قوولترو ئاشکرا تر دەبێت‌و وا پیاو دەکوژێ .. زەوی لە خەڵک داگیر دەکات .. خەڵمی زراعەت قورستر دەکات بێ‌تاوان تاوانبار دەکات .. خۆی بە دەزگای رژێمی کۆنەپەرستی وولات دەدەستێنێتەوە . بەڵام لە گەرمەی بە ئەنجام گەیشتنی کێشەکەدا لە ناکاو شانۆ بە جێ دەهێڵێ‌و وا دیارە بە پیریش مردووە . (بروانە ل ٥٦ - پیرێتی ئەوەندەی تر چەواشەی کردبوو) .

دوای ئەو (تایەر)ی کوری دێ .. نووسەر دەڵی ئەم (لە چاو باوکی‌دا زۆرزان‌و هوشیار بوو . بەڵام ئەوەندە هەبوو وەك ئاسمان رەنگی ئەگۆڕا . ل ٥٦) . ویستی جاوێك بە کردارەکانی باوکی‌دا بگێڕێتەوە چونکە مەترسی‌ی دەرەوەی لێ ئاشکرابوو . . بەڵام لە دواییدا وازی لەم کارە هێنا کاتێك کە دی مافە چینایەتی‌یەکانی لە کیس دەچێت (ل٧٥) . هەر وەکو لە چیرۆکەکە تێ‌دەگەین تاریەیش لە سەردەمێك دایە نە (ئەوەی چاوی هەڵهێناو لێ‌هاتوو بوو زوو تەپڵی کافری‌و کۆمونیستی بۆ لێ‌درا - ل ٥٨) .

جا ئەم گۆڕانانە بە گشتی ، لە ماوەی سێ چوار پشت‌دا کە سێ نوێنەر بەرەو دوا لە سەر شانۆی گوندەکە نوراندیان زۆر زۆر لە وانەیە لە لایەن کاتەوە ماوەیەك لە سەردەمی پاشایەتی‌ی عیراقدا دیاری بکات کە لە چەند ساڵێك تێ نەپەڕێت‌و هامبەری تەمەنی ئەم سێ کەسانە بێت .

خۆ ناحەزانیشیان کە تەرەفی بەرامبەر بە وانن چەند کەسێکیان لێ دێتە سەر شانۆی رووداوەکان لە چوار جێوەی یەك پشت دەرناچن - مەگەر بە هۆی کوژرانەوە کە جوامێرجێی مختاری بازکی گرتوەتەوە - ئەمانیش تای تەرازووی خۆیان لە لایەن کاتاوە تارادەی تای ئەوان بەرز ناکەنەوە ! . ئەمانیش لە رۆژگارێکدا دەژین کە ئەوەی بە خەم (بەرژەوەندی گوندەکەو پێشکەوتنی‌و رێزگرتنی دانیشتوان) بن (ل٣٧) پێی دەگوترێ (بیری ژەنگاوی بلاو دەکاتەوە -(ل٣٩)

ئەم رۆژگارەش بۆی هەیە کە رۆژگارەکەی سەردەمی پاشایەتی بێ . بەڵام ئەوەی لە تافی ئەم ماوە زەمانی‌یەی رەت دەکات ئەوەیە کە لە لاپەڕە (٥٤)داو لە سەردەمی تەیموردا یەکێك لە جووتیارەکان گوتوویەتی : (رۆژی ئاغاو کرمە بڕەی زەوی نەماوە . زەوی هی ئەوانەیە ئەی کێڵن) کە فیکرەی ئیصلاحی زراعی دەنوێنێ .

(٣)

جا بە گوێرەی ئەو کات دابەش کردنانە بێت کە دیمان لە چەند لایەکەوە لاسەنگی دەکەوێتە بنیادی چیرۆکەکەوە ، لە بارەی کارە هونەری‌یەکەشەوە ئەگەر بهاتایە ئەم لاسەنگی‌یەی چاربکردایەو لە دەررو رۆژگارێکی تایبەتی‌دا خەباتی جوتیاران‌و دانیشتوانی دێی (ن) لە دژی دەرەبەگایەتی بحرۆشایەو لە گەڵ هەر بشتێك جۆرە خەڵك‌و جۆرە گیروگرفت‌و تەنگوچەڵەمەو پێش‌بینی‌و ئاواتێکی تر نەخشە بکێشرایە ئەوسا چیرۆکەکە بەڕاستی سەری بۆ رۆمان بەرز دەکردەوەو لەوە و شێوە لەقەی ئێستای نەدەما کە هەر چەند بەچیرۆکێکی کورت حیسابە بەڵام بەو پێیە کە گوندێکی سەرتاپا بە هەموو ماڵ‌و خێزان‌و حووتیارو ئاغاو شێخ‌و ژن‌و پیاوانی گرتوەتەوە (با بە تەنسیلاتیکی ووردیش نەبێت) وە لە گەڵ کێشەی چینایەتی‌ی نێران خەڵکی دێ‌یەکەدا بە رێ دەکەوێ‌و تا ئەنجام بە دەستەوە دێنێت‌و لای خێرخوا دەباتەوەو بەدکار دەدۆڕێنێ ..پابان پەبکەرێکی رۆمان بابەتی قەبە کە بە سەر (١٩) بەندا دابەش کراوە .. ئەمانە هەمووی ناس‌نامەی ریوایەتی پێ‌دەدەن .. هەر چونێك بێت ئەمانە هەمووی کەرەسەی بنیاتی رۆمانی چاوەروان کراوی مامۆستا سەلامی مەنمین .

(٤)

کە چیرۆك‌نووس بەرامبەر بەم لایەنە هونەریانەی باسمان کرد هەڵوێستی وەهابێت . . تۆ بڵێی جیرۆکەکە بریتی نەبێ لە رەمزێك کە چوار چێوەکەی لە گوندی (ن)ەوە بۆ وولاتێك هەڵکشێ‌و حەڵکەکەشی نەتەوەیەك بنوێنێ کەوا لە بەر دوو مەترسی‌دان : مەترسی‌ی ناوەوەو دەرەوە ، وە لێکدانەوەکەی بریتی بێ لە دزایەتی‌ی ناکۆکی‌یە نەرەتی‌یەکان‌و دووامینەکان و هەڵوێستی کاربەدەستانی گوندەکە یان نەتەوەکە بەرامبەر بە خەباتی خەڵکەکەو بەرامبەر بە مەترسی‌ی دەرەوە ؟؟ .

هاوکاری لە (پاشماوە)

(زانستی گونجان) لەگەڵ پیانوی گشتی بۆ ئەوانەی کە دەرسی بالیە دەڵێنەوە . ئەوەی ئەم فوتابخانەیە تەواو دەکات دبلۆم وردەگرێت بە مەرجێك شەشی ئامادەیی تەواوکردبێ .

جگە لەمە تیپی موسیقای تایبەتمان هەیە کە هەفتەی چوار جار دەرس وردەگرێت ونیپی گورانیشمان هەیە ئەوینی هەفتەی چوار جار دەرس وردەگرێت .

هەروەها بەشداریمان لە میهرەجانەکانی دەرەوی وڵاتدا کردوە وەك ئەو مهرەجانەی کە بەبۆنەی یادی کۆچی موسیقار (باخ) کراله لایبزك لە ئەلمانیا کە فوتابیکانمان گەیشتنە پلەی یەکەم هەروەها لە نیوەی ساڵدا ئەرۆین بۆ هەنگاریاو ئەلمانیا بۆ پشکەش کردنی چەند پارچەیەك موسیقا . لە کوتایدا داوای سەرکەوتن دەکەین بۆ ئەم فوتابخانە تازەیە .

کرێکارانی سلێمانی (پاشماوە)

● لە سەرەتای کۆڕەکەدا کاك احمد فتاح دەرویشی سەرۆکی نوسینگەی ،یەکیەتی نەقابەی کرێکاران لەو پرۆژانەدا دوانێکی داوەو تیایدا پێ‌خۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە کە ڕووبەڕوو لەگەڵ بەکتردا ئەدوێ‌و هەوڵی رۆشنبیری ئەدەن بۆ زیادکردنی بەرهەم ، بەرەو پێك هێنانی دووا رۆژێکی ڕووناکی ئەم سەردەمە بۆ جەماوەری کرێکاران ، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی گیانی لە خۆبوردن‌و دڵسۆزی بۆ ئێشوکارو مەکینەو ئالاتی پرۆژەکانیان . هەروەها دەستی بۆ گرنگی یاسای هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ژیانی کرێکاراندا کێشاوەو داوای لێ‌کردوون کە بەگیانێکی دڵسۆزانەوە ، بچن بە پیری باساکەوەو هەوڵبدەن هەموو پەیوەندی بکەن بە مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری‌یەوە ، چونکە خوێندن‌و فێربوونی باسا تازەکان هۆیەکی سەرەکیە بۆ پێش‌کەوتنی کرێکاران‌و هەروەها داوای لێ‌کردوون کە بە هەموو جۆرێك هاوکاری لەگەڵ ئیدارەو کاربەدەستانی دائیرەکانیاندا بکەن‌و دڵسۆزی ئێشوکاری خۆیان بن بۆ ئەوەی بتوانن بە سەربەرزی‌یەوە داوای مافی جۆبان بکەن‌و پێشنیاری جاك‌کردنی باری ژیانیان لێ وەربگیرێت . وەداوای لێ‌کردوون لە کاتی تەگوچەڵەمەو گیروگرفتدا ئاگاداری نەقابە بکەن بۆ چارەسەرکردنی‌و کاری لایەلای نەکەن.

دوای ئەوەش کاك حسین جبار حسین سەرۆکی یەکیەتی نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی وتی : مەبەستی سەرەکی ئێمە پێك‌هێنانی ژیانێکی ئاسودەو کامەرانەیە بۆ جەماوەری کرێکاران کە بڕیرەپشتی پێشکەوتنی وڵاتەکەمانن ، ئەویش لە ڕێگای ئێسی دڵسۆزانەی ئێوەوەو کە ڕێگا خۆشکەن بۆ بڕشتی قسەو داواکاریەکانی یەکیەتی‌و داوای‌لێ‌کردوون . کە بە گوێرەی پێویستی باری نەتەوەکەمان ئەبێ باشترین هەوڵ بدەن بۆ ڕاپەراندنی ئێشوکارەکاتیان چونکە ئەم قۆناغەی ئێستا پێویستی بە دڵسۆزایەتی هەیە بۆ مسۆگەرکردنی دووا ڕۆژێکی ڕووناکی گەلەکەمان. کۆڕەکەش نزیکەی دوو سەعاتی خایاندوە .

● هەر لەو ماوەیەی دووایی‌داو هەر بە نیازی رۆشنبیری کرێکاران کۆڕێکی فراوانی تریان سازکردووە بۆ کرتکارو کاربەدەستی باخ‌و بێستانەکانی ناحیەی سەرچنار کە نزیکەی ٣٠٠ کرێکاری تیا ئامادەبووەو بەرێز سەرۆکی یەکیەتی نەقابەکانی سلێمانی سەرۆکایەتی کۆڕەکەی کردووەو سەرۆك‌و ئەندامانی نەقابەی کرێکارانی کشتوکاڵ ئامادەی کۆڕەکە بوون .

سەرەتا سەرۆکی نەقابەکان لە دواندنەکەدا باسی ئەوەی کردووە کە گرنگترین ئەرکی سارشانی کرێکارانی ئەمرۆ زۆرکردنی بەرهەمە لە چاکترین شێوەدا بۆ پێك‌هێنانی خۆش‌گوزەرانی خۆیان‌و لە لایەکی تریشەوە داوای لێ‌کردوون کە وەکو پێویست بایەخ بە هەڵمەتی نشتمانی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری بدەن‌و هەر کەسە لای خۆیەوە گرنگی بە هەموو لایەنەکانی ئێشوکاری ڕۆژانەیان بدات‌و هەوڵێ پێش‌خستنی باری ڕۆشنبیریان بدەن ، لە کۆتاییدا بەرێز سەرۆکی یەکیەتی نەقابەکانی کرێکارانی سلیمانی نزیکەی ٣٠ خەڵاتی ڕێزلێنانی بەسەر ئەو کرێکارانەدا دابەش کرد کە دڵسۆزانە کاروباری خۆیان ڕاپەراندووەو لە ئێشەکەیاندا لێ‌هاتوون . کۆڕەکەش نزیکەی ٢ سەعاتی خایاندووە .

● ئەمانە نموونە بوون بۆ ئەو هەوڵۆتە قەلایەی کە یەکیەتی نەقابەکانی کرێکارانی سلیمانی بە نیازی ڕۆشنبیرکردنی جەماوەری کرێکاران لە هەموو سەرانسەری پارێزگای سلیمانیدا ئەیدەن‌و ئێمەیش داوای سەرکەوتنی هەموو هەوڵێکی دڵسۆز ئەکەین کە بە تەنگ پێك‌هێنانی- دووا ڕۆژێکی ڕووناکی ئەم گەلەوە بێت .

پشیلە (پاشماوە)

ئەمدا چاوە خنجیلەکانی دەکاتەوە ، وەنەوز دەدات‌و هاڵدەستێت‌و کلکە لەقێی بۆ دەکات براکەی «ئاکۆ» تووڵێکی تەڕی بەدەستەوە دەبێت ، بە بە مەبەستی پاکی خۆی تووڵێك بە پشیلەکەدا دەکێشێت ، بێچووە پشیلەیش لە ترسی گیانی ئازیزی خۆی ، خۆی دەکا بە ژووری عەمبارەکەدا ، بە سەر شتومەکەکان‌دا خۆی دەگەیەنێتە پەنجەرە ئاسنە کون کونەکە ، دەیەوێت خۆی لێوە دەربازبکات ، بەڵام سەری لە کونی پەنجەرەکە گیردەکات ، هەرچی دەمیاوێنێت‌و تەقەللا دەکات ناتوانێت سەری دەربهێنێت . لەم کاتانەدا « ئاکۆ » لە قوتابخانە دەگەڕێتەوە ، گوێ‌ی لێ دەبێت ، بێچووە پشیلەکە سەری تربخاوەتە پەنجەرەی عەمبارەکەو دەمیاوێنێت ، زۆری پێ‌ناخۆش‌دەبێت ، کوت‌وپڕ بیرێکی بەمێشك‌دا دێت ، دەچێت هەرەیەك دەهێنێت ، بتبلکەیەکی دار بە دیوارەکەدا هاڵدەواسێت ، سەر دەکەوێت‌و دەست بە بڕینەوەی شیشی ئاسنی پەنجەرەکە دەکات ، کە دەبڕێتەوە کونەکە گوشاد دەبێت‌و بێچووە پشیلەکە سەری دەردەهێنێت‌و ڕزگاری‌دەبێت . ئەنجا لە خۆشیان‌دا کلکی بۆ دەلەقێنێت‌و دێتە خوارەوەو لەناو هەرێزی باخچەکەدا دەست بە یاری‌کردن دەکاتەوەو پەیمان بە خۆی دە دات جارێکی تر توخنی ئەو شوێنە تووشانە نەکەوێت.

ئەنجا « ئاکۆ » دەچێتە لای برا بچکۆلەکەی‌و ئامۆژگاری‌ی دەکات ، لە بێچووە پشیلە خنجیلانە ئەدات‌و یاری‌ی لە گەڵ بکات‌و بەزەیی بە گیانلەبەرەبێ‌زمانەکان‌دا بێتەوەو خۆشیانی بوێن ، و چونکە ئەوانیش وەکوو مرۆڤ مافی ژیانیان هەیە .

مکرم رشید تالەبانی
١١-٧-١٩٧٩

ئێران (پاشماوە)

هاوبەشی لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماردا ناکات لە بەر ئەوەی ئەوانەی خۆیان داناوە بۆ سەرەك کۆماری دوای کشانەوەی مسعود رجوی پەسەندکراوی رێکخراوی فیداکارانی گەل هیچ کامێکیان بۆ سەرەك کۆماری دەست نادەن .

هەر لەم بارەیەوە هەواڵی ئێران ئەوە (دەگەیەنێت کە گەلی ئێران زۆربە سارد‌یەوە بەرەوپیری هەڵبژاردنی سەرەك کۆمار جووەو جەماوەرێکی کەم لە شوێنەکانی هەڵبژاردندا بیناراون کە لە لایەن سەربازو پاساولەکانی خومەینی‌یەوە بارێزکاریان کراوە . ئەوە کەسانەی خۆیان بۆ سەرەك کۆماریتی ئێران داناوە هەشت کەسن کە ئەوانیش بریتین لە (ابو حسن بنی صدر) و (احمد مدنی‌و) (داریوش فروهر) (أبو حسن حبیبی) و (صادق طباطبائی) و (کاظم سامی) و (صادق قطب زاده و (أحمد موکری) وە حسن ئایات رۆژی پێنج شەممەی رابوردوو خۆی لە مەبدانی هەڵبژاردنەکە کێشاوەتەوە .

دەتەری هەر کامێك لەمانە نەماشا بکرێت بە چاکی ئەوە دەردەخات کە شایەنی ئەوە نیە جڵەوی حوکمرانی گەلێکی وەك گەلی ئێران بگرێتە دەست‌و چارەنووسی ئەو گەلە تێکۆشەر و شۆڕشگێڕە لە لای پیاوانی وەك ئەمانەوە دەست نیشان بکرێت .

● نوون ●

سبەینێ (پاشماوە)

نورسەر بدۆزێتەوە لە نووسینی چیرۆکەکانیدا لە ڕێگای چارەسەر کردن‌و شی کردنەوەی ئەو ڕەمزانەوە کە چیرۆك نووس چیرۆکەکانی لە سەر بنیات ناون ، بەڵام ئەوەی جێگای داخە کاك کەمال ئەوبش وەك ئەوانی تر بە تەواوی مەبەستی‌ی چیرۆك نووسی نەپێکاوەو لە شی کردنەوەی ڕەمزی هەندێ لە چیرۆکەکاندا زۆر دوورە لە مەبەستی ڕاستەقینەی چیرۆك نووسەوە ، ئەگەرچی نە هەندێ چیرۆکی تردا توانیوێتی تا ڕادەیەکی باش مەبەستەکانی چیرۆك نووس بدۆزێتەوە .

بۆیە من لە لای خۆمەوە ئەوەم بە پێویست زانی کە لە ڕێگای سەرنجێکی دڵسۆزانەی ئەدەب دۆستانەوە هەوڵی شی کردنەوەی بەشێکی ئەو ڕەمزانە بدەم کە نووسەر دەیەوێت لە پاڵیاندا خەمی خۆی‌و ئەو خەمانەی‌ی حەکیشی تیدا حەشار بدات‌و لە گەڵ سەسای ناسکی ڕستەکانیدا گیانی شەکەت‌و ماندووی بحەوێنێتەوە .

هەوڵدانێکی دڵسۆزانە ، ئەوەندەی بواری ڕۆژنامەنووسی ڕێگا بدات گومانم لەوە نی‌یە ئەگەر سوودێکی نەبێت زیان نابەخشێت بە تایبەتی ئێکۆلینەوە لە کۆمەڵە چیرۆکێك کە چیرۆك نووسێکی بە توانای وەك ڕەوف حەسەن نووسیبێتی .

ورد بوونەوە لە چیرۆکەکانی ئەم چیرۆك نووسەو گەڕان بە دوای کەسانی چیرۆکەکانیدا دەمودەست « ناتالی ساروت » مان بیر دەهێنێتەوە ، خۆ خواردنەوەو هامو ترپەیەکی دڵی ، بیر کردنەوەی ، دەوبرینی ئێجگار هێمنانەی شێوەی سرپەی دوور لە گرژی‌و مۆنیەکی دەمار ئەستووری تورەو تۆسنانە مۆرکی ئەو هونەر مەندەی پێوەیە تا ڕادەیەکی ئەوتۆ من دەڵێم ڕەوف حەسەن لە ناو چیرۆك نووسە کوردەکاندا کوڕی شەرعی ئەدەبی « ناتالی ساروت »ە .

چیرۆك نووس لە زوربەی چیرۆکەکانیدا لە ڕۆخی کۆمەڵەوە توێژاڵێکی بچووك وەر دەگرێت‌و مامەلەیەکی ڕەمزیان لە گەڵدا دەکات بە جۆرێك خوێنەر وا لێدەکات کە لە ڕێگای شۆڕ بوونەوە بە ناخی ئەو ڕەمزو نیشانە ئێجگار بچووکانەدا بە جۆرێك بیر بکاتەوە کە لە بەردەم کارەسات‌و مەسەلەی گەورەی جبنێکی بەرینی کۆمەڵدایە **ئەگەرچی زۆر جار ئەو ڕەمزانە** کەسانی ناو چیرۆکەکانی ڕەوف حەسەن‌دایە .

بەجۆرێك شی‌کردنەوەیان

خوێنەرێکی ئاسایی بۆی ناکرێت کە بە چاکی لە مەبەستی چیرۆك نووس بکات‌و پەیوەندی خۆی لە گەڵ ڕووداوی چیرۆکەکاندا بدۆزێتەوە ، ڕەوف حەسەن خۆی بە بەشێکی زیندووی ئەم کۆمەڵە دەزانێ ، هاربەشی‌یەکی تەواوی لە گەڵ کەسانی چیرۆکەکانیدا هەیەو بە شێوەیەك لە شێوەکان بەیوەندیەك بە یەکیانەوە دەبەستی‌و جۆرە خۆشەویستی‌یەکی تایبەتیان لە گەڵ یەکتردا پەیدا کردووە بۆیە هەندێ جار دەنگی خۆی بە سەر کەسانی چیرۆکەکانیدا زاڵ دەبێت‌و دەبانکاتە تارمایی‌یەك « شبح» لە سای سێبەری ئەوانەوە خۆی لە مەیداندا دێت‌و دەچێت . بەڵام ئەمە وا لە نووسەر ناکات کە نەزانی چۆن پاڵەوان‌و کەسانی چیرۆکەکانی هەڵبژێرێت .

کەسانی ناو چیرۆکەکانی ڕەوف حەسەن بەشێکی زۆریان هۆشمەندو ئیجابین بە جۆرێکی ئەو تۆ ڕەفزی هەموو ئەو کارە نەگونجاوانە دەکەن کە لە گەڵ واقیعی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا ناگونجێت‌و کۆسپن لە ڕێگای پێشکەوتن‌و بەختیاری چارەڕوان کراوی مرۆڤدا ، وە هەندێکیشیان لەوانەن کە بە شێوەیەکی سەلبی لە ڕۆخی کۆمەڵدا دەژین‌و بەرون‌ونەبوونیان هیچ لە ڕاستی بڕوتنەوەی کۆمەڵ‌و مەسەلە گەورەکانی مرۆڤ ناگۆڕێت‌و بەڵکو مانەوەیان کۆسپە لە ڕێگای سەندنەوەی حەزی دزراوی مرۆڤ‌و گەڕانەوەی دڵنیایی هەژارەکاندا .

چیرۆك نووس گۆش کراوی خاکی خۆیەتی ، لەو نبشتمانەدا دەبینێت ، دەبیستێت ، کە ئەگەر مرۆڤەکانی هەموو ئازاریان نەدبێ زۆریان لە چاوو جەستەی کەسانی تردا بەدیان کردووەو ئەگەر زۆریان تورگ‌و گەرویان شەقار - شەقاری هاوار کردن نەبووبێ لە دەنگی هاواری کەسانی تر پەردەی گوێیان هەمیشە زریکاندوویەتی ، بۆیە ئەم خۆشی بۆتە بەشێك لەو ئازارە سەختەو چریکەیەکە لەو هاوارە بێکۆتایەو داوا دەکات کە لە دیدەکانیەوە بەرەو ناخی دڵی ڕۆچین‌و لە گەڵ خوێنی دەمارەکانیدا بە سەراپا ناخ‌و دەروونیدا بۆ مانای ئەو ڕەمزانە بگەڕێین کە لە دڵی کەسانی ناو چیرۆکەکانی ڕەوف حەسەن‌دایە .

کاك عمر (پاشماوە)

لەوە ئەکاتێکدا ئەکەویتە کێوماڵ بۆ هەر وشەیەکی لەبەر پێویستی یا بۆ جوانکاری یا بۆ زوو واتا بەدەستەوەدان یا بۆ هەر مەبەستێکی‌تری بەجێ ، وشەی لە زمانی‌تریشەوە بۆ بێنی‌و بەکاری‌بهێنی تیادا ..

بەکاهێنانی وشەی بێگانە بە هەر زمانێك لەو زمانەدا ، لەو ڕۆژەوە کە شارستانەتی پەیدا بوە ، باو بوەو ، ئێستاش لە هەر سەردەمێکی بەسەرچوو باوترەو ، ئەتوانین بڵێین ئەمڕۆ لە جیهانا زمانێکی‌وا نی‌یە سەدان‌و هەزاران وشەی زمانی‌تری تێ‌نەچووبێ‌و ، تەنانەت لەگەڵ بوونی وشەیەکیشدا لە زمانەکەی خۆتا هیچ شوورەیی نی‌یە وشەیەکی هاوواتای لە زمانێکی‌تریشەوە بۆ بخوازیت .. جیهانی ئەمڕۆ گەلێ لەوە گەورەترو گوشادترە کە بەم‌چەشنە بیرە تەسك‌و کەم دەرەتانانە مێشکی خەڵك بئاخنین‌و وەچەی نوێ پەروەردە بکەین‌و ، مامۆستا عومەر مارف کە پێگەیاندنی بیری دەیان منالی کوردی لەئەستۆدایە ، ئەبێ ئەم ڕاستی‌یە لە گەڵ کەسی‌تر باشتر بزانێ‌و بەگوێرەی بجووڵێتەوە .. سەرەڕای هەموو ئەمەش (فاکت) واتایەکی گەلێ لە واتای (ڕاستی) بەدەرەتانتر ئەگەیەنێ‌و ، نازانم کاك عومەری ئینگلیزی‌زان چۆن ئەم ڕاستی‌یەی فەرامۆش کردوە ؟

دوا وشەم ئەوەیە زۆر سوپاسی کاك عومەر ئەکەم کە خۆی بە خوێندنەوەی « لە ڕێگای ئەدەب‌و ، لەپێناوی نالی‌دا » کەمەوە خەریك کردوەو ، شادمانیشم کەوا لەو کتێبە ١٦ فۆرمەیی‌یەدا لە بەکارهێنانی وشەی « فاکت » بە مەعنای « ڕاستی » بەولاوە مایەیەکی‌تری ڕەخنە لێ‌گرتنی نەدۆزیوەتەوە . بێ‌گومان ئەمە شایەتی‌یەکی چاکە بۆ کتێبەکەم نەخوازەلا لە کاك عومەرەوە ؟

لە دەزگای گشتی (پاشماوە)

کەرنی تایبەتی ، دامەزراندنی دوو کارگە بۆ بەرهەمی هێنانی شەبەکەی ئاسنین‌و دروست کردنی چەند کارگەیەك بۆ بەرهەمی هێنانی کاشی موزاییك ، لە ماوەی ئەم ساڵدا دەکرێنەوەو دەست بە بەرهەم هێنان هەروەها کانی لم‌وچەو دەستان کردووە بە بەرهەم کردووە بە بەرهەم هێنان بۆ پرۆژەکانی دەزگاکەو لە ئامانجەکانی ئەم ساڵەماندا ، دروست کردنی پێنج کارگەی بەرهەم هێنانی دەرگاو پەنجەرەی ئاسن‌و دارو فافۆن لە گەڵ چەند لقە هێلێك بۆ دروست کردنی جێگای تایبەتی‌یەکانی هەوا تانکی ئاوو پەرژینی پلیکانەکان‌و داری پەردەکان .

لە دواییدا پرۆژەکانی نبشتەجێ کردن لە پارێزگاکاندا بە پێی پلانی پەرەپێدان جێ‌بەجێ دەکرێن‌و لە لایەن بەڕێوەبەرێتی‌یەکانی ناوخۆیی‌و بە پێی یاساو تەعلیماتی نیشتەجێ کردن ژمارە ٥٤ ساڵی ١٩٦٢ ی چاککراوو بە پێی ئەو مەرجانەی کە پەیوەندیان بە ژمارەی خێزان‌و ساڵی خزمەتکردنی لە کەرتی دۆشیالیستیدا هەیە دابەش دەکرێ کەوا دەبێ هاوولاتی یان ژنەکەی خاووی نیشتەجێ کردنی نەبێ‌و بە خارەن بوونی ئەم خانوانەش بە دابەشکردنی ئەو پارەیەی لە کانووەکەدا حەرج کراوە چەند بەشێك بۆ ماوەی سی ساڵ‌و بە قازانجی ١٪ . دەبێت هەروەها ئێمە لەم ساڵدا هەر پرۆژەیەك لە سەر ئەوەی بینای کۆن دروست بکرێ دەستی لێ‌نادەین بەڵکو ئەو خانوانەی لە سەر شێوەی تازەو پێشکەوتوو دروست دەکرێت، بۆ ئەوەی بەزووترین کات بەجێ بهێنرێن‌و گیروگرفتی کەمیی کەرەستەی بینا کردن چارەسەر بکرێت‌و هاوولاتیان تووشی گێچەڵ نەبن .

● دەستکەوت

بە نیسبەت نموونەو نەخشەکان‌و قۆنتەراتەکانەوە پێشکەشی هاوولاتیان دەکرێن‌و چەند پەیمان نامەیەکی تایبەتی دەگرێتەوە بۆ ئەوەی بە ئاسالی هاوولاتی لە گەڵ قۆنتەراتی کەرتی سۆشیالیستی پەیمانەکە بنووسێت هەروەها خشتەیەك بۆ کەرەستەی بینا کردن بۆ هەر نموونەیەك وەردەگرێ . هەموو هاوولاتیەك پارە لە بانکی عەقاری بە قەرز وەر دەگرێ تا خانووەکەی پێ دروست بکا بە نەخشەیەك لەو نموونانەی کە باسمان لێوە کردن‌و داواکاری پێش دەخرێ‌و بە زووترین کات بۆی جێ‌بەجێ دەکرێ .

خشتەیەك دەربارەی ئەو خانووانەی کە جێ‌بەجێ خانووانەی کە جێ‌بەجێ کراون‌و ئەوانەی جێ‌بەجێ یەکەم : ئەو خانووانەی دەکرێن .

کە هەموو وڵات دەگرێتەوە .

١ - ژمارەی ئەو خانووانەی کە لە ساڵی ١٩٧٩ بینا کراون بریتین لە ٢٥٣٢ خانوو نزیکەی (١٦٥٠٠٠٠٠) دیناری تێچووە .

٢ - ژمارەی ئەو خانووانەی نیاز وایە لە ساڵی ١٩٨٠ بینا بکرێن بریتین لە ٦٥٧٠ خانووو ٤٣٧٢٦٠٠٠ دیناری، تێ‌دەچێ ، . جگە لە خزمەتگوزاری یەکان گشتی ئەم پرۆژانە کە سەرجەمی ١٢٤٩٣٠٠٠ دیناری تێ‌دەچێ.

٣ - ژمارەی ئەو خانووانەی لە ساڵی ١٩٧٩ بینا دەکرێن بریتین لە ٢٣٥٩٦ خانوو .

٤ - ژمارەی خانووبەرەی نیشتەجێ کردن لە ساڵی ١٩٨٠ بریتین لە ١١٨٠٨ خانوو .

دووەم : خانووبەرەی نیشتەجێ کردن لە ناوچەی کوردوستاندا .

١ - ژمارەی ئەو خانووانەی لە ساڵی ١٩٧٩ بنیات نراون بریتین لە ٦٠ خانوو کە ٦٣٠٠٠٠ دیناری تێچووە .

٢ - ژمارەی ئەو خانووانەی نیاز وایە لە ساڵ ١٩٨٠ بنیات بکرێن بریتین لە ١٦٠١ خانوو کە (١٠١٥٥٩٠٠٠) دیناری تێ‌دەچێ‌و خزمەتگوزاری گشتی ئەم پرۆژانە ٣٥٥٦٠٠٠ دیناره .

٣ - ژمارەی خانووبەرەی نیشتەجێ کردنی ، ئەوانەی لە ساڵی ١٩٧٩ جێ‌بەجێ

٤ - ژمارەی خانووبەرەی بریتین لە ٤٥٤٤ خانوو .

نیشتەجێ کردن کە لە ساڵی ١٩٨٠ واتە لەم ساڵەدا دەست دەکرێت بە بینا کردنیان بریتین لە ٤٠٠٠ خانوو .

Institut Kurde de Paris

هاوکاری لە قوتابخانەی مۆسیقاوبالیە

وەرزی ڕۆشنبیری یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر

لیژنەی ڕۆشنبیری لە یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر بەرنامەیەکی فراوانی بۆ وەرزی ڕۆشنبیری داهاتوی داناوە کە لەم بەرنامەیەدا گەلێ باس و بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری پێشکەش دەکرێ . لەمانە .

● مامۆستا کەریم شارەزا بە ناونیشانی (کانی شنێری مەیی و دڵداری) لە ٢-٢-١٩٨٠دا پێشکەشدەکا .

● لە ١٤-٢-١٩٨٠ کاك عمر ابراهیم عزیز باسێك بە ناونیشانی (فۆلکلۆر و فۆنەتیکی کوردەواری) پێشکەشدەکا .

● لێکۆڵینەوە وردەخنە دەربارەی کۆمەڵە چیرۆکی (توبشوی سەفەربکی بەخت)ی چیرۆك نووسی ناسراو مامۆستا حسین عارف کە نووسەر خۆی و شاعیر شیرکۆ بێکەس و ڕەخنەگر فواد قەرەداخی بەشداری تیا دەکەن لە ٢٨-٢-١٩٨٠دا .

● کێشەی فەلەستین لە شیعری کوردیدا لە لایەن کاك محمود زامدارەوە لە ٦-٣-١٩٨٠دا پێشکەش دەکرێ .

ئەوەی شایانی باسە . بەکێتی هەفتەی ڕابوردو بە باسێکی مامۆستا شاکر فتاح دەربارەی ژن هێنان و شایی و زەماوەند لای کوردەواری کردەوە و ئەو کۆڕەو هەموو کۆڕەکانی تری یەکێتی لە هۆڵی زووری بازرگانی هەولێر ئیواران سەعات چواری پاش نیوەڕوانی ڕۆژە دیاری کراوەکاندا دەبێ و هاتنیش بۆ هەموانە .

● سەرگۆل تەیمور ●

دوای شۆڕشی (١٧) تەموزگۆڕانکاری ڕوو لە هەموو دەزگاکانی دەوڵەت کردو گەمەوکورتی زۆر لایەنیان جارکران ، لەم ڕێرەوەدا جێژی موسیقای عیراقی لەبیر نەکراو هەر ئەو چێژەروناکە ، بوو بنەرەتی دامەزراندنی قوتابخانەیەك بۆ خوێندنی موسیقاو سەمای بالیە .

دەربارەی ئەم قوتابخانە مامۆستا (ندی الطائی) بارمەتی دەری بەڕێوەبەر و بارمەتی دەری بەڕێوەبەر دڵێ . لەبێشا بیناکەی بچوکما بە کرێ گرت و کۆمەڵەیەکی کەم قوتابی قوتابخانەکانی تر دوای دەوامی خۆیان لای ئیمە دەوامیان دەکردو مەشقی موسیقاو سەمای بالیەمان لەسەر شانۆی (نەتەوەیی) پێدەکردن لە ١٧-١٠-١٩٧٠دا موسیقاو سەمای بالیە ڕادەهێنرێن .

● **ساڵی چەند قوتابی وەردەگیری و مەرجی وەرگرتن چیە ؟**

لە پێشا لیژنەیەك پێك دەهات لە مامۆستایانی شارەزاو بەسەر قوتابخانکاندا دەسوڕانەوەو قوتابیان هەڵدەبژارد . بەڵام ئێستا لە مانگی پێنجی هەموو ساڵێکدا ڕاستەوخۆ داواکاری لە لایەن قوتابیانەوە

مامۆستا هاتە ڕیگامان لەبەر ئەوە جارێك وازمان لێهێنا تاکو قوتابیانی خۆمان کە ئێستا چوار و جەبەیان لێ دەرچوون و لەسەر (حسابی دەوڵەت) چونەتە دەرەوەی وڵات و دوای تەواو کردنی شارەزاییان دەگەڕێنەوە .

هەروەها هەمو ساڵێ ئاهەنگ بۆ ماوەی (٢ تا ٣) ڕۆژ دەگێڕین کە زۆربەی

قوتابخانەیەك بۆ ئەم هونەرانە کرابەوەوئیستا شانۆی تایبەتی خۆمان هەبە و بڕلەکانی قوتابخانەکەمان تەواون . لەبەر ئەوە دەرس و (پراوە) هەردوکیان لێرە دەکرێن و بەبانیان قوتابیانی پۆلی یەکی سەرەتایی هەتا پۆلی شەشی ئامادەیی دەرسی ئاسایی دەخوێنن و ئیوارانیش لەسەر هونەری

پێشکەش دەکرێ و مەرجیشی ئەوەیە دەبێ قوتابی خاوەن ئەش و لایکی ڕێك و پێك و ڕاست بێ کە بتوانێ هەندێك حموجوڵ هەبە بە ئاسانی بەلەشی بکا . بەکورتی لەش سووکی و کەمێ زەعیفی پێویستن . یەکەم ساڵ ژمارەی قوتابیانمان دەگەیشتە (١٠٢) بەڵام ئێستا (٣٠٠) قوتابیمان هەیەو (٤٢) مامۆستا کە زۆربەیان لە دەرەوە هاتون .

● **وەك بزانی یەك قوتابخانە لە هەمو عیراقدا کەم نیە ؟**

- بێگومان کەمە بەڵکو من دەڵێم هەر لە بەغدا قوتابخانەیەك کەمە . ئێمە لەگەڵ کاربەدەستانی وزارەتی ڕاگەیاندن سەرمان لە موسڵو بەسرە دا بۆ ئەوەی بزانین دەتوانین قوتابخانە لەوێ بکەینەوە بەڵام کۆسپی نەبونی زۆری خەڵك بە شادبەوە بۆی دێن و داوادەکەن بۆ ئەوەی ڕۆژانی ئاهەنگ بزانن . لەبەر تەندروستی قوتابیەکان ناتوانین چونکە ماندوبونیان زۆر کاردەکاتە سەریان . ئەمە بێجگە لەوەی بەشداری لە جەژنە نیشتمانیکاندا دەکەین .

● **دوایی لە بەشی خوێندنی موسیقا چاومان بە مامۆستا سعد کەوت دەربارەی ئەم بەشە دەڵێ :**

- دوو بەش لە قوتابی وەردەگیرێت . بەشی یەکەم لەسەر ئالاتی هەوائی فیر دەکرێن و لەم بەشەدا تەمەنی (٩) ساڵ و بەرەوژور وەردەگیرێن . چونکە دەبێ هەناسەی بەهێز بێت . دووەم لەسەر ئالاتی وەتەری فیر دەکرێن و لە تەمەنی (٦) ساڵ وەردەگیرێن .

● **مەرجەکانی وەرگرتن چین ؟**

- ئیمە هەر وەك قوتابخانەکانی تری جیهان قوتابی وەردەگرین و مەرجەکانیشی ئەوەیە چەند پرسیارێکیان لێ دەکەین و ئەم پرسیارانە لە بەشێك دەکرێ موسیقای ئەخوێندبێ پرسیاری یەکەم ئەوەیە تا چ ڕادەیەك دەتوانێ دەنگ لە یەك جیا بکاتەوە پرسیاری دووەم ئاوازیکی موسیقای بۆ لێ دەدرێ داوای لێ دەکرێ بە گۆرانی ئاوازەکە بڵێتەوە . لێرەدا جولانی یەنجەو لێوی بەمەرج وەردەگیرێ و کومەڵێك لە مامۆستایان بڕیار دەدەن تا چ ڕادەیەك دەستدەدا لەم قوتابخانەیە وەرگیرێ .

ئێجا بۆ ماوەی یەك ساڵ فێری شتەسەرەتاییەکانی موسیقا دەکرێ و دەرسی (سۆلفج) لەگەڵ نووسینی نۆتەو ڕێکخستنی فێردەکرێ و لە ساڵی داهاتودا دەچێتە یونی یەکەم .

● **ئەو ئالاتە موسیقیانە چین کە فێری دەبن ؟**

- زۆرن وەك : پیانۆ . ئۆرگۆردیون . کۆنترباس . ئاوت ئوبو . کلارنێت . ترامفون . ڤیولا . سەلتور . عود جوزە . شمشاڵ . کەمان . جەلۆ . ... هتد .

● **ئەی ئەو دەرسانەی کە دەخوێنرێن ؟**

- مێژووی موسیقاو

بروانە ل : ٧

ڕاگوزاری

نامەی سوێتەران !

● بە هۆی بیشەکەمەوە « ڕۆژنامەنووسی » زۆر جار ، نامەی سەبر سەبری خوێنەرە ئازیزەکان دێتە بەردەستم . بێگومان ، کە دەڵێم - سەبر سەبر - شتی لە خۆشەویستیمان بەرامبەر خوێنەران و نامەکانیان کەم ناکەمەوە . بەپێچەوانەوە ، - بەبێ فیزیەوە دەڵێم ئیمە ، لەو نامانەوە ، زۆر شت فێردەبین ، کە مترینیان ، ئەوەیە ، لە نێوان ئەو نامانەوە ، لە ڕادەی ئارەزووی خوێنەران ، لە پێویستیەکانیان تێدەگەین . پێشکەوتوین ، جێی شانازیمانەو هانمان دەدەن بۆ ڕەنجدانی زیاتر . ئەگەر بەپێچەوانەوە بێ دیسان هەر هانمان دەدا بۆ کورچ و گوڵی کردن . بۆ بنەبڕکردنی دیاردەکانی دواکەوتن لە بەردەمیاندا .

● سڵاوو خۆشەویستی . لە خوێنەرانو . . . لە نامەکانیان .

بەهرە

وێنەیەك لە دەنگی نوێ

فریا عبد الله

ئەم خوشکە یەکێکە لەوکچە کوردانەی کە لە چەند کۆڕی ئەدەبیدا بەشداری کردوەو خوێنی خولیای تیمرو ئەدەبیاتی کوردی هەیە... ئەم بەشداری کردنەشی وەنەبێت بە سەرزاری بوبێتووبستبێتی تەنها وەك ئافرەتێك بێتەکایەوە بەڵکو بەبێ ئەوەی خۆی هەستی پێ کردبێت دەتوانم بڵێم وەك مرۆڤێکی کوردی بەتوانا کوڕ بێ یا کچ هەڵویستی خۆی پیشانداوە ... ، لە ڕاستیدا کەمێك لە نزیکەوەئاسیمو حەزم کرد بەم چەشنە بە خوێنەرانی هاوکاریشی بناسێنین :

● شەوبۆ محمد مراد لە ٢٥ی تەمموزی ١٩٦٣دا لە سلێمانی بەژیان شادبوە ئێستا قوتابی پۆلی پێنجەمی زانیاریی‌یە لە سانەوی خانزاد.

● هۆنراوەی کوردی بەشێکی گەورەی بەرهەمەکانی داگیرکردوە .. جارجار خۆیشی بە پەخشانەوە خەریك دەکات . بەڵام سەرەتای دەستپێکردنی بە نوسین دەربارەی بەرهەمی منداڵان بوو هەندێکیان وەك (دیاری . پەنوله . بەهار) لە ئێستگەی کوردی بەغدا بڵاوکراوەتەوە.

● ئەو ئەستێرانەی برشنگیان پێ بەخشیوە بریتین لە گۆرانو هێمنو شەرکۆبێکەس .

● هەتا ئێستا لە تەمەنی وتارو هۆنراوەو چیرۆك کە لە هاولێر لە ساڵی ١٩٧٩دا سازکرا هاوبەشی کردوە . . دوا جاریان لە مانگی تشرینی یەکەمی ڕابوردودا بارجەشیعرێکی بەناونیشانی ترسکێك لە زامێکی سەر کەشەوە پێشکەشکرد .

● لە کاتێکا خۆر بەلکی زێڕینی بەسەرمانا بەخشی دەکاتو بەو تینی گەرمای‌یەی دەستە تەزیوەکانی منداڵانی بێ‌بارك گەرم ئەکاتەوە ... لەو کاتە سەرنجاوی‌یەدا ئەو تاڵیانە کە دێنە پێش‌چاوی شەوبۆ دەبنە هەوێنی هۆنراوەکانی .

● **سەبارەت بە جیاوازی بەرهەمی ئەدەبی ئافرەتو پیاو ئەم خوشکەمان دەڵێ :**

لەگەڵ ئەوەی ئافرەت نیوەی کۆمەڵەو تا ئێستاش ئەم ڕایە نەچەسپێنراوە دەبینین لە گەڵ لابەنی ژیاندا جیاوازی زەق ڕەدی‌دەکرێت ... هەروەها دەڵێ : لەبەر ئەوەی ئافرەت زیاتر هەست دژواری ژیان دەکات و زۆرتر تاڵاو دەچێژێ دەبینین بەر هەمەکانیان زیاتر سۆز ئامێزن و ئەگەر ڕەسەر ئەو کۆسپانەدا زاڵ‌ببین کە کۆمەڵ لە ڕێگەی ئافرەتدا داناوە دیسان دەبینین بەرهەمەکانیان قوڵترو فراوانتر دەبێ .

لەبەر ئەوە تا ئێستا ئافرەت نەتوانیوە بەشێوەی نوسین

هەستو سۆزی ناسکی بەنگ خواردوی دەرونی خۆی دەربڕێت ....

● **ئەمەش چەند کۆیلەیەك لە سیعری خوشکە شەوبۆیە .**

١ - لە شەوانی بێداریدا .
تەمەن وەك مۆم .
دادەگیرسێ ..
ورد ورد چراوگەی
فرمێسك لە قەدی خۆی
هەڵ دەبەستێ
تاکو تاریکی‌یە یەك
گرزەکان کەرت کەرت بکاو
لە ژێر باڵی ڕووتی خوێدا
دابان‌پۆشێ .

٢ - زینمی کەناری
جۆئەلەی خەمەکانی ئەم
سەردەمە پرشنگ بۆ ڕۆژگار
دەهاوێ .
هەتا سروەی خەندەی
سیرین
بۆ جەرگی شارێك بهێنێ .
ئاسمانەکەی پڕ لە تەمە .

پ. هاوکاری لە سلێمانی

جیهانی منداڵان

ببورن

ئەم خوێنەرە ئازیزانەی بەرهەمیان بۆ جیهانی منداڵان ناردووە ، لێمان ببورن کە بەرهەمەکانیان لە بەر ئەوەی : بان بیستراون یان دەرنگ گەیشتوون ، یان ئەم‌وکورێی ئەدەبیان هەبووە بڵاو نەکرانەوە . . . دووبارە ببورن !

شیعر بۆ منداڵان :

تا ئاسمانمان سامان بێ
ڕاستی کراوەی باڵ بێ
مانمان پڕ نانو گوڵ بێ
خۆشی بەستەی
سەرچڵبێ
هەرگیز سستی نانوێنین
تاکو ماوین دەخوێنین
ڕێز لەو کەسانە دەگرین
نایەڵن نەزان بمرین
بزەی دەم بەهارانین
دوژمنی شەڕکەرانین
ئەمەیە بەستەی دڵمان
ئاواتی تا ژێر گڵمان

فوزیە فرج

ناوەکان

ئازا نیعمە لە هەولێر . بەخشی محمد عبدالکریم لە کوت ، ئاکۆ بکر لە سلیمانی ، عەدرالدین خۆشناو لە هەولێر ، ابراهیم علی لە سلیمانی یاسین زادە لە هەولێر ، حمە باسین لە سلیمانی ، محمد عبدالله لە سلیمانی ، عبدالکریم محمود لە عەربەت ، ئارات کامل ، حسن محمود لە بەکرە جۆ ، بێجان دەمزە لە ڕەواندوز ، کاوس بابکر لە هەولێر ، کامەران غالب لە سلیمانی ، محمد عبدالجبار لە کەرکوك .

بچووە بشیلە

بچووە بشیلەیەك هەبوو ، لەناو باخچەکەی ماڵی «ئاکۆ»دا یاری‌ی دەکردو لەژێر درەختەکاندا خۆی لە سێبەری دارە زەردەلووەکەدا نیوەڕۆیان دەنووست . هەموو ڕۆژێکیش « ئاکۆ » ئاوی بۆ دەکردە نێو جامۆڵکەیەك . کە تینووی بوایە لێی دەخواردەوە . خواردەمەنی و گۆشتیشی بۆ ئامادە دەکردو دەیخستە نێو قاپێکو لە نزیك دارە زەردەلووەکەدا دای‌دەنا . بچووی خرپنیش بەوپەڕی هێمنی و دڵنیاییەو بڕسی‌ی بڕایە لێی نزیك دەبووەوە . لەسەرخۆ سکی بڕسی‌ی تێر دەکرد ، ئەنجا بەناو گوڵ و دارەکانی باخچەکەدا دەستی بەیاری و ڕەمەزانی دەکرد ، یاری دەداو خۆی مانۆدەکرد ، لەپڕ تڕی‌دەتەقاندو لە قەدەد درەختێك‌دا دەگیرسابەوە ئەنجا خۆی فڕێ دەدایە سەر هەرێزی باخچەکە .

« ئاکۆ » ڕا بکچۆڵەیەکی هەبوو ، بشیلەی خۆشی دەویست ، دەهاتە نێو باخچەکەو خواردنی بۆ بچووە بشیلەکە دەهێناو یاری‌ی لەگەڵ دەکرد .

ئەو ڕۆژە « ئاکۆ » لە قوتابخانە بوو ، ڕا بچکۆڵەکەی بە نیازی یاری کردن هاتە نێو باخچەکەو بچووە بشیلەکە بینی لەژێر یەکێك لە درەختەکاندا لێی‌پاڵکەوتووە ، ئەویش بەردەو لای دەچێت . لە تریەی پای

بروانە ل : ٧

کانی دڵشاد — شەهلا فرج — نار فرح

چاپکراوی نوێ

خێڵە کوردی‌یەکان

لە ١٦٠ لاپەڕەدا کتێبێك بە ناوی (العشائر الکردیە)وە دەرچووە . کە مامۆستا فؤاد حەمە خورشید لە زمانی ئینگلیزی‌یەوە کردوویە بە عەرەبی . کتێبەکە هەڵوێستی خێڵەکانی کوردو گەلێ زانیاریی گرنگ لە بارەیانەوە باس دەکا لە سەردەمی داگیرکردنی بەریتانیاوە لە ساڵی ١٩١٩دا . بەتایبەتی خێڵەکانی ناوچەی زێی گەورەو سیروان .

پیشیلۆکە

لە بەرهەمی عزیز ملا احمد ڕەش کۆمەڵە هونراوەیەکی منداڵانە بەناوی پشیلۆکەوە دەرچوە کە بریتی‌یە لە بیستو هەشت پارچە هونراوەو لە جل لاپەڕەی قەوارە گەورەدا.

بەرهەمی هاوڕێیانی جیهانی منداڵان

● هاوڕێی جیهانی منداڵان « گۆڤار قادر صدیق» لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی قوتابخانەی شیخ محمودی کوڕان لە سلیمانی ئەم پارچەشیعرەی پێشکەشی بە گشت هاوڕێیانی کردوە :

● **خوێندکار**
من خویندکارم
کاریکی بەکارم
گەڵو هوزم خۆش ئەوێ
شادیی مرۆڤم ئەوێ
ئەو منداڵەی چالاکە
دڵسۆزی گەڵو خاکە
بێزار نابێ لە خوێندن
یەکێتی لەکار کردن
بە سەربەستی‌و خەباتەوە
سبەی گرەو ئەباتەوە .

بۆزاخاوی مێشك

ناوی شاعیرێکی کوردەو نوردەو خاوەنی بەرهەمێکی ئەوروەی ئەدەبیە لە ڕیزی شاکارە ئەدەبیەکانی جیهاندایەو ناوەکەی لە بۆ بیت پێك هاتووەو ئەگەر ئەم وشانە لە یەك بدرێ ئەم‌وشە نوێیانە دروست دەکەن :

٣ + ١ + ٤ = ساوی‌ڕەنگە .
٦ + ٧ + ٤ = جۆرەهەواشێکی سادەیە .
٥ + ٢ + ٩ + ٧ = ناوی‌مرۆڤە (پیاو)
٨ + ١ + ٦ = پێچەوانەی‌هەستی دەرەوە .

منالە ئازیزەکان :

هەوڵ بدە ناوی ئەم‌شاعیرە مەزنە بزانی‌و بۆمان بنوسەو ... چاوەڕێی‌ئەندامبوون بە لە گەرەوی جیهانی منداڵاندا .

Institut Kurde de Paris

ده‌زگای رۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی
سەرنووسەر
اسماعیل رسول

سەرۆکایەتی کۆماری عیراق
مەیدانی الخلانی
ت ٥/٨٨٧٥٧٩٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٢٥ فلسە

حاڵەتەکەی سادات ، حاڵەتی گلۆر بوونەوەیە و بەرامبەرو جێگرەوەی پێوبست حاڵەتی بەرز بوونەوەو چوونە سەرەوەیی یە. حاڵەتی سادات خیانەتەو جێگرەو بەرامبەری حاڵەتی دڵسۆزییە ، کارەکەی

سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

● دووشەممە ٤ی شوبات ١٩٨٠ ژمارە ٥١١ ● التضامن ● الاثنین ٤ شباط ١٩٨٠ العدد ٥١١ ●

سەرۆکی فەرمانده بۆ گۆڤاری «الوطن العربی» دەدوێت..

هەمیشە گەشبینانە دەڕوانین چونکە باوەڕمان بەندەتدوەکەمان گەورەیە

ئۆبالی بارچە کردنی خاکی عەرەب وداگیرکردنی فەلەستین دەکەوێتە ئەستۆی ئەوروپا

شۆڕشی بەعس لە عیراق دا لە پێناوی نەتەوەی عەرەبدا تێدەکۆشێ

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین لە سیمیناری بەغدا بۆ رۆژنامەنووسانی عەرەب وئەوروپا ئەدوێ

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین دووپاتی کردەوەکە شورش هاوکارە لە گەڵ هەموو خەباتگێڕێکی عەرەبداکە دەنگو دەستی دژی‌نایەوایی بەرز بکاتەوەو داکۆکی لە هەق بکاتو هاوکارە لەگەڵ هەموو مرۆڤێکدا کە لە پێناوی راستیدا تێدەکۆشی لە سەر گوێزەوی دژی جەونیو نایەوایی دەچەنگێ .

سەرۆکی فەرمانده لە وتووێژێکدا لە گەڵ ئەو وەفدانەی کە لە سیمیناری وتووێژی رۆژنامەنووسانی عەرەبو ئەوروپادا بەشدار بوون ، لە کاتی ئاهەنگی نان خواردنی ئێوارەدا کە بەرێزیان لە کۆشکی جمهوری ئێوارەی پێنج شەممەی رابوردوو رێکی خستبو وتی : لە سەر ئەم بنەرەتە شۆڕشی بەعس لە قوتری عیراق تێدەکۆشێو تەنیا لە پێناوی عیراقی‌یەکاندا کار ناکات بەڵکو لە پێناوی نەتەوەی عەرەبو لە پێناوی مرۆڤایەتیدا تێدەکۆشێو عیراقی‌یەکان دەخاتە مەڵبەندی راستی خزمەت کردنی نەتەوەی عەرەب بەبێ ئەوەی هیچ زیانێك لە مرۆڤایەتی بدرێ .

سەرۆکی بەرێز وتی : ئێمە ئارەزووی وتووێژو بەیوەندی‌یەك دەکەین کە بە جۆرێك سەیری نەتەوەی پچڕپچڕی عەرەب بکرێ کە بەك نەتەوەیەو وتووێژێکی ئەوتۆمان ناوێ کە خزمەتی پچڕپچڕی بکاتو ئێمە بڕوامان وایە کە وتووێژی عەرەبو ئەوروپاو بەیەك گەیشتنی سودو قازانجو ستراتیجو ئامانجەکان لە هەر تاکێکدابێ خزمەتی تێکڕای مرۆڤایەتی دەکات نەك هەر بە تەنیا خزمەتی نەتەوەی عەرەبو ئەوروپا ئەکات .

ئەوی شایانی باسە کاك سعد قاسم حمودی سەرۆکی بەکێتی رۆژنامە نووسانی عەرەب لە سەرەتای بە یەکگەیشتنەکەدا شانازی سەرۆکی یەکێتی رۆژنامە کردنی وەفدە بەشدار بووەکانی بەرامبەر بەو چاودێری‌یە دەربڕی کە سەرۆکی فەرمانده صدام حسین لە سیمیناریەکە کردویەتی .

ئا. د. ع

سەرۆك صدام حسین لە گەڵ عەرەفاتدا گفتوگۆی دەربارەی بەرەسەندنی عەرەب ویەرلەی فەلەستین کردووە

بەرێز سەرۆك صدام حسین لە بارەگای تایبەتی خۆی لە کۆشکی کۆماریی سەر لە ئێوارەی رۆژی شەممەی رابوردوو پێنجشەوازیی لە بەرێز یاسر عرفات سەرۆکی لیژنەی رابەڕاندنی رێکخراوی رزگاری فەلەستینو وەفدەکەی تەکی کردووە .

لەو چاوپێکەوتنەدا بە شێوەیەکی گشتی گفتوگۆ دەربارەی پەرەسەندنی عەرەبی کراوە وەبە شێوەیەکی تایبەتی مەسەلەی فەلەستین. لەو چاوپێکەوتنەدا هاوڕی نعیم حداد ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی بەرپرسیاری مەکتەبی فەلەستینو تێکۆشانی چەکدار لە سەرکردایەتی نەتەوەیی حزب ئامادە بووە .

ڕوونکردنەوەیەك

ئەمانەوێ خوێنەری خۆشەویست ئاگادار بکەین کە لە گەڵ ژمارەی ئاینده‌ی رۆژنامەکەماندا هەردوو وتارە مێژوویەکەی سەرۆکی فەرمانده صدام حسین لە بڵاوکۆیەکی سەربەخۆدا چاپ دەکەین و بڵاویان دەکەینەوە .

هاوکاری

غاندی لە چەکداری کردنی پاکستان ئاگاداری دەکا

سەرلەنوێ خاتو ئەندیرو غاندی سەرەك وەزیرانی هندستان ئاگاداری ئەوەی کردووە کە چەکدارکردنی پاکستان ئەنجامی چاك نی‌یەلەوە رامدانەوەی هەندێ لەو رۆژنامەنووسانەدا کە لەم دوای‌یەدا لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسادا چوون بۆ هندستان وتوویەتی .. ئەوچەکانە لەوانەیە دژی‌هندستان بەکاربهێنرێت .

خاتو ئەندیرە غاندی هیوامەندی خۆی نیشان داوە کە سەردانی داهاتووی وەزیری دەرەوەی سۆڤیات ئەندریە گرۆمیکوو جێگری وەزیری بەرگری ئەمەریکا کلارك کلیفورل بۆ هندستان هاربەشی بکەن بە تێگەیشتنێکی چاکتر بۆ دۆخی ناوچەکە . واچاوەڕوان دەکرێت کە لە دوازدەی ئەم مانگەدا غرۆمیکو بگاتە یودەلهی لە کاتێکدا کلیفورد

بڕوانە ل : ٧

خۆ نیشاندانێکی گەورە لە مۆریتانیا دژی ڕێبازی سادات

گەلی عەرەبی مۆریتانیا بە توندی نارەزایی خۆی دەربڕیوە لە رێگای ئەوەو خۆ نیشاندانە گەورەیەوە لە کۆتایی هەفتەی رابوردوودا لە ئەراکشوت پایتەختی مۆریتانیا دژی ڕێبازی خۆ بە دەستەوە دەربی سادات کردوویەتی خۆ نیشاندەران دژی کردنەوەی سنوور لە نێوان میسری سادات و قەوارەی زایونیدا هوتافیان گێشاوە .

سەرەك وەزیرانی مەغریب سەر لە ئەبوزەبی دەدات

لە ناوەندی ئەم مانگەدا بەرێز المطی بوعبید سەرەك وەزیرانی مەغریب لە تەك وەفدیکدا بە سەردانێکی رەسمی بۆ چەند رۆژێك دەچێت بۆ ئەبوزەبی . ئەم وەفدە لە گەڵ کاربەدەستانی ئەبزەبیدا گفتوگۆ لە بارەی ئەو مەسەلانەوە دەکەن کە پەیوەندی هەبە بەنێوانی هەردوو لاوە لە گەڵ دۆخی ئەمڕۆی عەرەبدا .

بریجینسکی سەر لە پاکستانو سعودیە دەدات

رۆژی پێنجشەممەی رابوردوو دبلۆماسیو سەربازیی ئەمەریکایی بەسەرۆکایەتی زبگنیوە بریجنسکی راوێژکاری سەرۆکی ئەمەریکا بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی بۆ سەردانی پاکستانو ناوچەی رۆژ هەڵاتی ناوەراست کەوتۆتەتە ری .

سەرچاوە رەسمیکانی واشنتۆن سەردانی ئەو رەفدەیان بەو جۆرەباس

بڕوانە ل : ٧

شەرێکی سەخت لە نێوان جەنگاوەرانی کوردوهێزە چەکدارەکانی ئێران دا

سەرچاوە کوردیکان‌رۆژی شەممەی رابوردوو ئەوەیان روون کردۆتەوە کە شەرێکی سەخت لە زۆر ناوچەکانی کوردستانی نیران‌دا لە نێوان هێزە چەکدارەکانی ئیران‌وجەنگاوەرانی کوردا بەرپابووە،ئەو سەرچاوانە ئەوەیان راگەیاندووە کە فرۆکەی هەلیکوپتەری جەنگی بۆ فربا ویارمەتی هێزەکانی حکومەت‌و یاساولەکانی حکومەت بۆ ناوچەکانی شەرچرون .

چین گفتوگۆی خۆی لەگەڵ فیتنام رادەگرێت

رۆژ چوارشەممەی رابوردوو وەزارەتی دەرەوەی چین ئەوەی راگەیاندووە کە حالی حازر گفتوگۆی خۆی لە مەرگەراندنەوەی پەیوەندی ئاسایی لەگەڵ فیتنامدا راگرتووە .

قسەکەرێك بەناوی وەزارەتەکەوە وتوویەتی . . سەرۆکی وەفدی چین لەو گفتوگۆیانەدا « هان‌نیان لۆنگ» جێگری وەزیری دەرەوە ئیستاکە بە چەند کارێکەوە خەریکەو زۆر زەحمەتە بتوانێت کاتێك بۆ بەیەك گەیشتنەوەی هەردوو لا دیاری بکات لە داهاتوویەکی نزیکدا .

هەروەها وتوویەتی . . مەسەلەی تازەکردنەوەی مەوعدێکی نوێ بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو بە مەکتەبی پەیوەندی وەفدی هەردوو لا دەسپێردرێت ئەوەی شایانی باسە دوا کۆبوونەوەی‌چین‌و فیتنام کە دەهەمین جار بووە لە ١٩ی مانگی رابوردودا لە پەکین کراوەو لەو دە کۆبوونەوەیەدا نەگەیشتوونەتە ئەنجامێك بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی لەسەر سنوور هەیانە .

نمیری : پەیوەندی لەگەڵ رژێمی ساداتدا نابڕم

سەرۆکی رژێمی سۆدان جعفر نمیری سەرلەنوێ ئەوەی دررپات کردۆتەوە کە پەیوەندی خۆی لەگەڵ رژێمی ساداتدا نابڕێ لە هالەتێکدا ئەگەر رژێمی سادات پەیوەندی دبلۆماسی لەگەڵ زایۆنی دەژمندا ببەستێت . هەروەك لەو کۆنگرە رۆژنامەنووسیەدا کە لە کۆتایی هەفتەی رابوردوودا لە خرتوم پێکی‌هێنابوو ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە ئەو بەتەواوی لایەنگیری سیاسەتی خۆ بەدەستەوە دەربی سادات‌و خۆشکردنی پەیوەندی‌لەگەڵ زایۆنی دوژمندا دەکات ئەوەی شایانی باسە سەرۆکی رژێمی سودان لەمەوبەر لایەنگیری خۆی نیشان دابوو بۆ سەردانەکەی ساداتی خایەن بۆ فەلەستینی زەوت‌کراوە .

باڵەوانانی نەهاریا ١٠٠ ساڵ حوکم دراون

دادگایەکی زایونی لە حەیفا رۆژی ٢٨ی مانگی ڕەشوو پێنج جار حوکمی هەتاهەتای داوە بە سەر ئەو باڵەوانانەی لە مانگی نیسانی رابوردوودا کارەساتەکەی نەهاریایان‌نوراند ئەوەی شایانی باسە ئەوەو حوکمە ماوەی ١٠٠ ساڵ دەکات .

● سۆڤییەت کە دەستی خستە ناو کاروباری ئەفغانستانەوە وەك دەوڵەتێکی گەورە دەرکەوت نەك وەك سەرچاوەیەکی تیشك پژێنی بیروباوەڕی‌یانە .

● مەرجی هاوسێیتی باش ئەوەیە کەئێران رێزی نەتەوەی عەرەبو سەربەخۆیی‌و مافی ئەوەی بگرێ کە خۆی چۆن ئەیەوێ هەڵس‌و کەوت لە گەڵ ژیاندا بکات .

● رێگای راستی سەربەخۆیی ، رێگای کاری ویستی نیشتیمانی‌یە بەرەو رێگای راستو دەربڕینیشی بەرێگای راستدا .

سەرۆکی فەرمانده‌صدام حسین دووپاتی کردەوە کە رێگای راستی سەربەخۆیی ، رێگای کاری‌ئیرادەی نیشتیمانی‌یە بەرێگای‌راستداو دەربڕینیشی بە هەمان رێگاداو ... وتی :ئەوکاتە عەرەب بێ هیچ‌گومانێك لە لایەن سۆڤییەت‌و لە لایەن ئەمەریکاو لە لایەن‌هەموو هێزێکی ترەوە ریزی‌عەرەب دەگیردرێ‌و... هەموو هێزێك چەندەش گەورە بێ‌هەر لە ئاستی عەرەبدا دەبێ‌و ئەو کاتەش هەڵس‌و کەوت کردنی نەتەوە تەنانەت لە گەڵ‌ئەمەریکاش‌دا هەڵس‌و کەوت‌کردنێکی راست دەبێ .

سەرۆکی فەرمانده لەوونووێژەدا کە لە گەڵ بەرێزولید ابو ظهری سەرنووسەری گۆڤاری هەفتانەی « الوطن‌العربی » دا کردی‌و کەدەفەکەی رۆژی پێنج شەممەی ریکەکەوتی ٣١-١-١٩٨٠ بڵاوکرابەوە وتی : ئێمە وەك‌دۆست هەڵس‌و کەوت لە گەڵ سۆڤییەتدا دەکەین‌و لەچەند ئامانجێك‌دا یا خودچەند سودوقازانجدا بەیەك دەگەین بەڵام ئەوەمان لە بیرنەچۆتەوە کە یەکێتی سۆڤییەت‌دەوڵەتێکی گەورەیەو گرنگترین هەنگاوی کە سۆڤییەت لە ئەفغانستان کردی ئەوەبووکە لە هەڵس‌و کەوتی سیاسەتی نێو دەوڵەتاندا وەك دەوڵەتیکی‌گەورە دەرکەوت نەك وەك‌سەرچاوەیەکی تیشك پژێنی بیروباوەڕی‌یانە کە خۆیان‌بە ئەنگەوەن کە رەفتاروهەڵس‌و کەوتیان لە گەڵ ولاتانی جیهان‌دا لە سەر بنەرەتەکەی‌بێت‌و شتێکی وامان نی‌یە کەلە پەیوەندی‌یەکانماندا لە گەڵ یەکێتی سوڤییەتدا‌راستی بکەینەوە چونکە‌هەڵس‌و کەوتمان لە گەڵیدا وای. لێ نەکردیوون کە بەتەوژمی‌سۆڤییتی یەوە رەفتار بکەین.

سەرۆکی فەرمانده روونی کردەوە کە پێویستە ویستی سیاسی کە کار بەدەستەکانی عەرەب هەڵس‌و کەوتی پێدەکەن سەربەخۆ بێت‌و پێویستە هەڵس‌و کەوتیان لە گەڵ گەلەکەیاندا لە سەر بنەرەتی رێز گرتن‌و کارتێکردنی زیندووبێ نە نوێنەرایەتی کردنی سودوقازانجەکانی‌داو لە رێگاکانیداو لە کاری چاکەداو لە زالبوندا بە سەر هەموو دیاردەکانی دەست بە سەرا گرتن‌و دیاردەی بە خراپی بە کارهێنانی دەسەڵات‌و سامانی بۆ ئەوەی خۆیان لە کارتێکردنی دەوڵەتە گەورەکات بپارێزن کە هەوڵ دەدەن لە سەر حیسابی سودوقازانجی نەتەوەی عەرەب سودوقازانجی خۆیان بەدی بهێنن .

سەرۆکی بەرێز دووپاتی کردەوە کە حاڵەتی سادات حاڵەتی سەرەوێژ بوونەو لەبری‌و بەرامبەری‌یە داواکراوەکەش پێویستە حاڵەتی بەرەو سەر چوون بێ‌و ... حاڵەتی سادات حاڵەتی خیانەتەو بەرامبەرەکەشی حاڵەتی دڵسۆزی‌یە . . . سەرۆکی بەرێز روونی کردەوە کە کاردەکەی سادات حاڵەتی نەبوونی ئیرادەو هەرەس هێنانیەتی‌و پێویستە ئیرادەو کاردەکەی هەبی‌و ئەمانەش ئەو لە بەری‌یەن کە ئێمە تێیان دەگەین‌و بۆیان دەچین .

هەروەها رایگەیاند کە ئەوەی مەبەستمانەو پێوەی خەریکین ئەوەیە کە لە هەڵس‌و کەوت کردندا لە گەڵ نەتەوە بۆ مەبەستی ئاشتی‌و

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

بە چاودێری سەرۆکی فەرماندە

سبەینێ ئاهەنگێکی گەورەی ئاینی لە هەولێر ساز دەکرێ

بەچاردێری سەرۆکی فەرماندە صدام حسین سبەینی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە بۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەبێ) ئاهەنگێکی گەورەی ئاینی لە شاری هەولێر دەگێڕێ ئاهەنگەکە کە لە سەرئاستی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەبێ بەریز سەرۆکی ئەنجوونی راپەراندن و سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان و هەردوو ئەنجومەنی راپەراندن و باسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و بەریز پارێزگاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هاوڕێیان نوێنەرانی سەرکردایەتی کانی لقەکانی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و پیاوە ئاینی یەکان و نوێنەرانی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەری یەکان تێیدا بەشدار دەبێ .

ئا. د. ع

له بیرەوەری شۆرشی (٨)ی شوباتدا

کردنەوەو دانانی بەردی بناغەی چەند پرۆژەیەکی پیشەسازی کە ٢٢٢ ملیۆن دیناریان تێ دەچێ

لە چوارچێوەی ئاهەنگەکانی ولاتدا بە بۆنەی بیرەوەری حەفدەهەمی شۆرشی ١٤ی ڕەمەزانەوە ، چەندان پرۆژەی پیشەسازی دەکرێنەوەو بەردی بناغەی چەندان پرۆژەی تر دادەنرێن کە تێکڕا ٢٣٣ ملیون دیناریان تێدەچێ .

لەم هەفتەیدا بەریز احمد دنهاش سەرۆکی دەزگای گشتی بیناکردن و نەخشەی پیشەسازی بە (ئا. د. ع)ی ڕاگەیاند کە بەم بۆنەیەوە پرۆژەی ئاسمدەی ژمارە (٣) لە حور الزبیر لە بەسرە بەکولفەی ١٩٢ ملیون دینار دەکرێتەوە کەبەرهەمی لە ساڵێکدایەك ملیون تەن سەمادی یوریا دەبێ ، دیسان پرۆژەی چیمەنتۆی سماوە لە پارێزگای مثنی بە کولفەی (١١) ملیون و ٥٠٠ هەزار دینار دەکرێتەوە کە وزەی بەرهەمی لە ساڵێکدا (٥٠٠) هەزار تەن چیمەنتۆ دەبێ .

دیسان ڕوونی کردەوە کە بۆ یە کەم جار دوو مەلبەندی مەشقی کادیری تەکنیکی لە ولاتدا دەکرێنەوە کە تایبەت دەبن بۆ مەشق پێکردن لە کاروباری پیشەسازی کیمیاگەری و پۆترو کیمیاوی - کانەکان کە تێکڕا هەردوو مەلبەندەکە دە ملیون دیناریان تێدەچی و هەر سێ ساڵ جارێ هەزارو ٢٠٠ قوتابیان تیا دەردەچێ .

دیسان لە ئاهەنگەکاندا بەم بۆنەیەوە بەردی بناغەی پرۆژەی کارگەی جل و بەرگی منداڵان لە پارێزگای نەینەوا دادەنرێ کە ١٩ ملیون و ٥٠٠ هەزار دیناری تێدەچێ و یەك ملیون ٢٥٠ هەزار پارچە جلی منداڵانەی تەمەن لە سێ ساڵیەوە تا ١٢ ساڵی

کۆتایی کۆنگرەی دادوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو سێیەمین کۆنگرەی ساڵانە بەڕێوەبەرێتی یەکانی لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کۆتایی پێهێنرا دوای ئەوەی دوو ڕۆژی خایاند .

کۆنگرەکە بڕیاری لە سەر پلانی کاری ئەم ساڵی بەڕێوەبەرێتی یەکانی لاوان و مەلبەندەکانی لە پارێزگای هەولێر و دهۆك دا کە پێهێنانی پاڵەوانێتی یەکانی مەلبەندەکانی لاوانی ناوچەکە لە پاسکل و زۆرانبازی و بۆکسینی تێدایە لە گەڵ یاریی یە ڕێك و پێکەکاندا . . سەرەڕای ڕێکخستنی میهرەجانێك بۆ شیعر و خێتابەو چیرۆکی کورت و یەکێکی تر بۆ گۆرانی و مۆسیقا .

هەروەها پلانەکە بۆ پێکهێنانی ئۆردوگایەکی کار کردن و مەشق پێ کردن و ڕێکخستنی دەورەیەکی تێدایە بۆ بەرەپێدانی مامۆستا مەشق پێکەرانی مەلبەندەکانی لاوان و سەردانی مەلبەندەکانی لاوانی نارچەکە لە پارێزگاکانی باشوور .

لە یادی ١٧ ساڵی شۆڕشی ٨ی شوباتدا

فەرماندەی گشتی سوپای میللی پێشانگایەکی هونەری و بەشی وێنە و کارگەیەك ئەکاتەوە

هەفتەی ڕابوردوو بەریزطە یاسین ڕمضان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ، فەرماندەی گشتی سوپای میللی سێیەمین پێشانگای فۆتۆگرافی سوپایی میللی لە « ساحة التحریر »کردەوە ، ئەم پێشانگایە بەبۆنەی یادی ١٧ ساڵەی بەڕپابوونی شۆرشی هەشتی شوبات « ١٤ی ڕەمەزان »و یادی دەساڵەی دامەزرانی سوپای میللیدا کرایەوە .

لە پێشانگاکەدا (١٥٠) تابلۆ هەیە کە ٤٠ تابلۆیان ڕەنگاورەنگن و مەشقە جۆربەجۆرو چالاکی یەکانی سوپای میللی لەولاتدا لەماوەی ساردا نیشان ئەدەن ، لەگەڵ چالاکی یەکانی ئافرەتی جەنگاوەرو بەشداربوونی لە دەورەکانی مەشق کردن و بەشداربوونی وەك ئەفسەری بێتەل و دەرمانکردنی جەنگاوەران .

دوای ئەمە بەریز ڕەمضان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و فەرماندەی گشتی سوپای میللی لەناوچەی - التاجی - بەشی وێنەی فۆتۆگرافی سەربە سوپای میللی کردەوە .. هەروەها لەهەمان ڕۆژو هەر لەناوچەی -التاجی- کارگەی چاککردنەوە سەرەکی یەکەی سوپای میللی کردەوە . ئەم کارگەیە وەرشەی نوێی تەکنیکی چاککردنەوەو پاراستنی ئامێرەکانی سوپای میللی تێدایە .

ئا. د. ع

له چوارچێوەی ئاهەنگێڕان بەبۆنەی شۆرشی پیرۆزی ٨ی شوبات

پرۆژەی گۆکردوەدلۆپدەکرێتەوە

لەچوارچێوەی ئەوئاهەنگانەدا کە بەبۆنەی شۆرشی پیرۆزی هەشتی شوباتەوە (١٤ی ڕەمەزان) لەسەرانسەری ولاتدادەگێڕدرێ دامەزراوی گشتی پاککردنەوەو پیشەسازی گازلە هەردوو پرۆژەی وردکردنی گۆگردی کەرکووك دەکاتەوە .

چەند پرۆژەیەکی گەشتو گۆزار

ئەمینداریتی گشتی ی بەڕێوەبردنی شارەوانی و هاوینە هەوارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەستی بە دروست کردنی چێشتخانەو گاریتنویەکی گەشتو گوزاری کرد نزیك بە دەریاچەی کەسنەزان کە ١٢٧ هەزار دیناریان تێدەچێت و لەوانەیە لەماوەی پازدە مانگدا ئەوانە بن .

هەروەها ئەمینداریتی یەکە تەندەری دروست کردنی دوو خانووی پشوودان لە هاوینە هەواری (صلاح الدین) و (کەسنەزان) ی بە قۆنتەراتچیەکان داوە کە ٤٥٠ هەزار دیناریان تێدەچێت و وا چاوە ڕوان دەکرێت لە ماوەی ساڵێکدا ئەواو بکرێن .

وزەی بەرهەم هێنانی پرۆژەی شکاندنەوەی گۆگرد کە بەشێوازی جێبەجێ کردنی ڕاستەوخۆ تەواو کراوەو نزیکەی ٤٢٠ هەزار دیناری تێچوە ساڵی ١٤٤ هەزار تەن گۆگرد ئەبێ ئەم پرۆژەیە ئەو گۆگردە شلەکە لەگازەوە دەر ئەهێنرێ ئەکات بە توێژی تەنکو ڕەق کە هیچ جۆرە خڵنەیەکی تێدانەبێ و لەگەڵ بیداویستی یەکانی ناردنە دەرەوەدا بگونجێ ، سەرەڕای پاراستنی ژیانگەو ئەوانەی لەدامەزراوەکەدا کاردەکەن لەمەترسی تەپو توزی گۆگرد کە لەوانەیە گرێبگرێ .

بەشی نوێی بەرهەم هێنانی هەلم کە کادیرەکانی دامەزراوەکە تەواویان کردوەو ٣٠٠ هەزار دیناری تێچوە سەعاتی پتر لە ٤٥ تەن هەلمی ئاو ئەهێنێتە بەرهەم .

ئا. د. ع

بەریز سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەراندن .

• ئەو پارەیەی بۆ بەرنامەی وەبەرهێنانی ناوچەکە دانراوە پتر کراوە .

• لێکۆڵینەوەی پرۆژەی لەمەردوو یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی و یاسادانانی ڕێ و شوێنێکی پێشکەوتوی دیموکراتین .

بۆ لەنزیکەوە ئاگادار بوون لەو پەرەسەندنەی بەسەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی داهاتووەو ئەو هەنگاوانە کە بۆ پێشخستنی ناوچەکە هاویژراونو بۆ ئەوەی بیروڕای ڕاستەو خۆی لێبپرسراوان بە خوێنەری خۆشەویستی ڕۆژنامەکەمان بگەیەنین ... لەشاری هەولێر مەلبەندی ناوچەی ئۆتۆنۆمی چووینە دیدەنی مامۆستا عبدالقادر احمد نقشبندی و ئەم گفتو گۆیەمان بوو :

● مامۆستا پێمان خۆشە باری سەرنجو بیروڕای خۆتمان بۆ باس بکەیتو بزانین چۆن تاقی کردنەوەی ئۆتۆنۆمی هەندەسەنگێنی :-

چەسپاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان ئەنجامی بڕوابوونی سەرکردایەتی حزبو شۆرش بوو بەوەی کەپێویستە مەسەلەی کورد لەچوارچێوەی یەك نیشتیمان ، کوماری عیراق ، لەچوارچێوەی یەکێتی سیاسی و ئابوری دەولەتی عیراقدا چارەسەربکرێت .

شۆرش بۆ ئامادەکردنی دۆخو زروفە پێویستی یەکانو تەخت کردنی ئەو کۆسپو تەگەرانەی دەهاتنە سەر ڕێگای ئەم کاروانە هەنگاوی گرنگی هاویشت. ئەوەبوو یاسای ئۆتۆنۆمی لەکاتی بڕیار لەسەر دراودا دەرچوو و لەهەمان ساڵدا لە ساڵی ١٩٧٤ دا ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان دانران و هەر لە هەمان ساڵدا لەئەنجومەنی یاسادانانەوە ئەنجومەنی ڕاپەراندن هاتەکایەوە .

لەگەڵ دامەزرانی هەردوو ئەنجومەنەکەوە ، بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە پێیان درابو ، و لە یاسای ئۆتۆنۆمی و سیستەمی پێکهاتنە بەریوەبردنیەکاندا هاتون ، دەستیان بە ڕاپەراندنی ئەرکی سەرشانیان کرد ، بارەگاکانی بەریوەبردنەکانی ئۆتۆنۆمی و کادیرە هونەریی و بەریوەبەریەکانیان دابین کران و بەوپەڕی لەخۆبوردنەوە دەستکرا بەنەوەی شوێنەواری ساڵانی شەڕو کوشتارو ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکە .

پشتگیری سەرکردایەتی حزبو شۆرش بۆ تێکڕای چالاکی و کۆششەکانی دەزگاکانی ناوچەکە و ئەو بایەخە تایبەتی یەی کە سەرۆکی بەریز بەدەزگاکانی - دا دەورێکی زۆری هەبوو لەو ڕاپەرینەدا کە ناوچەکە بەخۆیەوە دەبینێ جا چ نەمەبدانی کشتوکاڵو پیشەسازیدا بووبێ یاخود لە مەیدانی ڕوشنبیری و زانستیدا . . . . زەوی و زار بەسەر جوتیاراندا دابەش کرا ، کارگەو فابریقە دامەزران کۆمەڵە هەرەوەزی یەکانی جوتیاران پێك هێنران و چەندین پرۆژەی گەورەی گەشتو گوزارو ئاودێریی و کشتوکاڵ دروست کران .

هەروەها ئەو پارەیەی لەبەرنامەی وەبەرهێناندا « الاستثماری » بۆ ناوچەکە دانراوە پتر کراو ساڵی ١٩٧٩ گەیشتە ٩٦٠ ملیون دینار . هەروەها دەسەڵاتی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی پتر و فراوتر کران کە دوا بڕیار لەم بارەیەوە بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بوو ، کە بە پێی ئەم بڕیارە سەرۆکی هەردوو ئەنجومەنی ڕاپەراندنو یاسادانان بوون بەئەندام لە ئەنجومەنی وەزیراندا و ئەمبنداره گشتی یەکان هەریەکە بون بە ئەندام لەو ئەنجومەنانەدا کە لە وەزارەتەکان پێك هێنراون . بەم پێیەو بە پێی ئەم بڕیارە دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دەتوانی ڕاستەوخۆ بەیوەندی لە گەڵ بەرزترین دەسەڵاتی دەولەتدا بگرن .

● دەربارەی پرۆژەی هەردوو یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی و یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و هەڵبژاردنی ئەندامانیان بەریز سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەراندن وتی :-

ئەم دوو یاسایە دوو ڕێو شوێن (صیغە)ی پێشکەوتووی دیموکراتین کە حزب هەر لە بەرپابوونی شۆرشی ١٧ی تەمووزی ساڵی (١٩٦٨)وە پەیڕەوی کردوەو کە لە سەرەتادا برینی بوو لە هەڵبژاردنی دەستەو ئەنجومەنە بەریوە بردنی یەکانی نیقابەو ڕێکخراوەکانو ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانیشە ڕێو شوێنێکە لەم ڕێو شوێنە دیموکراتیانە .. لە گەڵ پراکتیکو ئامادەکردنی زرونی پێویست هەردوو پرۆژەی یاساکان خرانە بەر دەست بۆ ئەوەی مونا قەشەیەکی گەلی و جەماوەریان لە سەر بکرێ ...

لە ناوچەکەماندا چەندین کۆڕو سیمینارو کۆبونەوەی فراوان سازکراو گشت توێژەکانی گەل بە کرێکارو جوتیارو ڕوشنبیرو ڕێکخراوە گەلی یەکانەوە تێیاندا بەشداربوونو هەموویان بیروڕای خۆیانیان دەربارەی هەردوو پرۆژەی یاساکان دەربڕی بێ گومان لەم کۆڕانەدا بیروڕاکان ئاوێنە بەکتری دەبن بۆ ئەوەی دوا چوارچێوەو شێوەی هەردوو یاساکە دابڕێژرێن .

ئەم دوو یاساو ئەنجومەنە دەرفەتێکی فراوان بۆ گەل دابین دەکەن بۆ ئەوەی نوێنەرە ڕاستەقینەکانی بۆ هەردوو ئەنجومەنەکە هەڵبژێرێ و ئەم هەڵبژاردنەش بەو پەڕی سەربەستی دەبی ...

● سەیوان ئامادەی کردووە

● وێنە : غازی طلوب

کۆڕی بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لەگەڵ هوندرمەندانی هەولێردا

دوانزەمین کۆنگرەی مامۆستایان لەهەولێر

هەفتەی ڕابوردوو لەژێر دروشمی « بەرەو چێبەجی کردنی شۆڕشگێڕانەی هەلمەتی سەرتاپاگیری نیشتیمانی نەهێشتنی نەخوێندەواری بەسەرۆکایەتی سەرۆکی خەباتگێڕ صدام حسین » کاروباری خوێنی دووەمی دوانزەمین کۆنگرەی نەقابەی مامۆستایانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەفی هەولێر دەستی پێ کرد .

بەریز بهاءالدین احمد بارێزگاری هەولێر لەکاتی کردنەوەی کۆنگرەکەدا بایەخی بەدەوری مامۆستادا لەبنیات نانی نەوەی نوێی چەکدار بەچەکی زانین و زانست و بەتوانا بۆ ڕاپەراندنی ئۆباڵی سەرکردایەتی کردنی کۆمەڵ وتی : پێویستە کۆنگرەکەتان پێداچوونەوەیەکی شۆرشگێڕانەبێ بەوەدا کە لە ماوەی پێشودا جێبەجێ کراوەو ناڵەباریی و ئەو کۆسپانەی کە هاتونەتە سەرڕێگای و پەنجە درێژکردن بۆ چارەسەرە ڕاستەکان بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەی ئایندەی مامۆستایان لە بەر ڕۆشنای ڕێنوماییەکانی سەرکردایەتی حزبو شۆرشدا .

دوای ئەمە هاوڕێ ناصر

بڕوانە ل : ٧

لە چوار چێوەی گەڕانەکەی بەریز مامۆستا اسماعیل ڕسول بەریوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە کاروبارەکانی میهرەجانی هونەرو ڕۆشنبیری کوردی ، کۆبونەوەیەکی فراوانی لەگەڵ دەزگا ڕۆشنبیری و نەقابەی هونەرمەندان وتیپە هونەریەکان بەشداربون .

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا بەریز بەڕێوەبەری گشتی ڕۆلی بەستنی میهرەجانەکەی ڕوونکردەوەو دەستنیشانی ئەوەی کرد کە تیپە هونەریەکان بانگکراون بۆ ئەوەی بەشداری لە سەرکەوتنی میهرەجانەکەدا بکەنو تەقەللای زیاتر بنوێنن ، چونکە میهرەجانەکە خۆپیشاندانێکی گەورەیەو بوارێکی فراوانە بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی هونەرو ڕۆشنبیری کوردیو نیشاندانی ئاستی هونەری کوردی وتوانا هونەریەکانو بۆ ئەمەش پێویستە کە . تیپە هونەریەکان بکەونە خۆ بۆ سەرخستنی پەیامی میهرەجانەکە کە خزمەتی ڕاستەقینەی هونەرو ڕۆشنبیری کوردی یە . بۆ هێنیانەدێی ئەم ئامانجەش ، بەریزی ئەوەی دەستنیشان کرد کە بەرنامەیەکی یەکگرتو بەدەستەوەیەو لیژنەی تایبەتیش دائەنرێ بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانو نرخدانی جموجۆڵەکانو خەڵاتیش دائەنرێ بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە ماوەیەکی دوور خزمەتی کاروانی ڕۆشنبیری و هونەری یان کردوە ئەمەش بایەخدانێکی گەورەیە بۆ ڕێزلێگرتنی هونەرمەندان .

ئەنجا بەریزی هاتە سەر جموجۆڵەکانو ئەوەی دوپات کردەوە کە زیاتر بایەخ بەبابەتی کوردی بدرێ ، هەتا ئاماژەگەریەکانیش ، لە چوارچێوەی بابەتی کوردیو دەقی کوردیدا بێ ئەوەی بێگانە ، بۆ ئەوەی ڕووی ڕاستەقینەی هونەری کوردی یشان بە میوانەکان بدەین .

دوای ئەوە ، لە وەڵامی هەندێ لە برا هونەرمەندەکان، بەریزی ئەوەی دەرخست کە هونەرمەندانی کورد ئەبێ زیاتر کۆشش بنوێنن بۆ سەرخستنی میهرەجانەکەو بۆ ئەمەش ئەوەی ڕاگەیاند کە پێویستە هونەرمەندە زیاتر خزمەتی هونەری لە بەرچاوبێو لەوەوە تێبگات کە خزمەتی هونەرو جەماوەر گەورەترە لە خەڵاتی مادی . وەمامۆستای بەڕێوەبەر ئەوەی ساغ کردەوە کە سەرکەوتنی ئەم میهرەجانە بەندە بە هاوکاری و دڵسۆزی تیپە هونەریەکان لە شارەکانی ناوچەی کوردستان . وەلەو کاروبارانەی تر کە لەلایەن هونەرمەندانی هەولێر پێویستیاری بۆ گرا گرنیگی تۆمارکردنی بەرهەمەکان بۆ لەرێی ئیستگەوتەلەفزیۆنەوە، بەریز بەڕێوەبەری گشتی ئەوەی دەرخست کە هەول دەدرێ هەمو ڕوداوەکانی

بڕوانە ل : ٧

بەرنامەی کاری بەڕێوەبەرێتی لاوانی پارێزگای سلێمانی

سلێمانی : ئا. د. ع :

هەفتەی ڕابوردوو بەڕێوەبەرێتی لاوانی پارێزگای سلێمانی بەرنامەیەکی کاری بۆ چالاکی یە ڕۆشنبیری و زانستی و وەرزشی یەکانی نەمسال دانا .

ئەم بەرنامەیە کە لە ژێر ڕۆشنایی بەرنامەی ساڵانەی نەخشەی وەزارەتی لاوانو ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا دانراوە بریتی یە لەمانە :

سازکردنی میهرەجانێکی هونەری بۆ بەڕێوەبەرایە -

بڕوانە ل : ٧

لێکۆڵینەوەی نامەی ماجستێری مامۆستا عبدالستار طاهر شریف

لە کاتژمێری نوێی بەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٨-١-١٩٨٠ و لە هۆڵی کولیجی پەروەردە بەشی زانیاری پەروەردەو سایکۆلوژی - گفتوگۆی نامەی ماجستێری قوتابی عبدالستار طاهر شریف بەناوی پەروەردەو سایکۆلوژی - هەڵسەنگاندنی کتێبی خوێندنەوەی کوردی بۆ هەڵمەتی نیشتمانی سەرتاپاگیر بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری - کراو لێژنەی سەرپەرشتی کەر کە لە چوار مامۆستا پێك هاتبوو.

- مامۆستا د - مسارع حسن الراوی - سەرۆك

- مامۆستای یاریدەدەر عارف حبیب - ئەندام

- مامۆستای یاریدەدەر د. نسرین فخری - ئەندام

- مامۆستا د. احمد حقی الحلی - ئەندام

دوای موناقەشەیەکی دوورودرێژ کە لێژنەی سەرپەرشتی کەر لەگەڵ قوتابی کردیان و چوار سەعاتی خایاند ، توانی وەڵامی هەموو پرسیارێکیان بداتەوەو ڕوخنەکانیان بە شێوەیەکی عیلمی و بە وێنە هەڵبسەنگێنێ هەروەها تێبینی یەکانی خۆیشی خستە بەرچاو کەوا ئەم کتێبە بۆ کۆمەڵگای کوردەواری ناگونجێ چونکە کتێبەکە وەرگێڕانی حەرفی عەرەبی کراوە ، لێژنەی ناوبراویش ئەم تێبینیانەی بەرچاوخستو دانی پێدانا بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بۆ دابنرێت .

لە دوابیدا بڕیاریان دا بەپلەی زانیاری بەرز دەرەجەی ماجیستێری بدرێتێ و هەروەها ڕایانگەیاند کە ئەم نامەیە دەست پێشخەرێکی چاکەو لێکۆڵەوەرە دوای هەلاکبوونێکی زۆر توانیویەتی بەرهەمی فیکری خۆی بهێنێتە کایەوەو جێگەی شانازی و ڕێزلێنانە .

دەمەتیژەکەی رەخنە

وتەی ژمارە

عبدالرزاق بیەار

رەخنە نەك هەر چەشنێكەلە چەشنەكانی ئەدەب ، بەڵكو دەمێكە شارەزایان بەزانستی یەكی تەواوی دەژمێرن ، وەكو هەموو زانستێكیش بناوانو ڕێوشوێنی تایبەتی خۆی هەیە . ڕۆژنامەی (هاوكاری)یش بەوە بەناوبانگە كە دەرگای بۆ رەخنەو لێكۆڵینەوە والاكردووەو زۆرجار بەزنجیرە ووتاری رەخنەو وەڵامی رەخنەی بڵاوكردوەتەوەو- دەمەتەقێو سەرنج دانو بەسەركردنەوەو رادەربڕین نووسەرانو خوێنەرانیان بڕووانەوە . پێشم خۆشە لەمەولا زیاتریش بابەتی رەخنە بڵاوبكاتەوە . . نووسەران بایەخ بەرەچنەی ئەدەبی بدەن چونكە هەموومان دەیزانین كە رەخنە ئاگری ڕاپەرینە ئەدەبی یەكەمان خۆنتر دەكات .

دوورنی یە هەموو شمان بزانین كە رەخنەنووسین ئەوەندە كارێكی ئاسان نی یە كە هەر كەسێك دەستی بۆ ببات بەدەستیەوە بێت . چونكە پێویستی بە بەهرەو كەرەستەو تفاقێكی باشی شارەزایی و ئاگایی هەیە ، هیچ زۆردانە دەمی تێدا نابینم كە دەڵێن رەخنە گرانترین چەشنە ئەدەبە . گرانی لە بابەتەكە كە ئەویش ئەدەبێكە بۆ خۆی گرانی لە گرد كردنەوەی بەڵوڕوپەكی زۆرو ئاڵۆز . . گرانی لە خەست كردنەوەی تێڕوانین گرانی لە بڕیارو بە ئەنجام دان .

بەڵام كە دەبینین زۆر كەس رەخنە دەنووسنو سێو دووی لێناكەن و ئێستا وا لایەڕەكانی گۆڤارو ڕۆژنامەكان پڕ دەكەنەوە ئەوە بەرهەڵستی فەمەكە ناكات كە رەخنە بابەتێكی ئاسان نی یە ، چونكە زوربەی ئەو رەخنەگرانە هەر دەڵێی نەیانزانیوە كە رەخنە تیفێكە دوو دەمی هەبە ، دەمێكی عادەتی و دەمێكیش زۆر تیژ . واش پێدەچێ كەوا زۆر كەس نەیویستووە یان نایەوێ دەست بۆ دەمەتیژەكە بباتو جاروبار تاقیی بكاتەوە .

بەڵێ رەخنەگر دەبێ وەكو برینساز وابێ كە لە كرداریكی پزیشكیدا بەشێك یان ئەندامێكی لەش ببڕێت نابێ هیچ تفاق وبێداویستی یەكی كەم بێت ، پاش ئەوەی كە پشت بە زانستی و دڵنیایی یەكی دەروونی قاڵو بەهرەی هونەرناسی ی خۆی دەبەستێت پێویستە دەمەتیژەكە بەكار بهێنێت بەوە بڕیاربدات .

لەوانەشە بڕیاریش لە برینەوە وەرگیرابێتو وابێ بابەتێكی ئاسان نی یە ، چونكە زوربەی ئەو رەخنەگرانە هەر دەڵێی نەیانزانیوە كە رەخنە تیفێكە دوو دەمی هەبە ، دەمێكی عادەتی و دەمێكیش زۆر تیژ . واش پێدەچێ كەوا زۆر كەس نەیویستووە یان نایەوێ دەست بۆ دەمەتیژەكە بباتو جاروبار تاقیی بكاتەوە .

بەڵێ رەخنەگر دەبێ وەكو برینساز وابێ كە لە كرداریكی پزیشكیدا بەشێك یان ئەندامێكی لەش ببڕێت نابێ هیچ تفاق وبێداویستی یەكی كەم بێت ، پاش ئەوەی كە پشت بە زانستی و دڵنیایی یەكی دەروونی قاڵو بەهرەی هونەرناسی ی خۆی دەبەستێت پێویستە دەمەتیژەكە بەكار بهێنێت بەوە بڕیاربدات .

لەوانەشە بڕیاریش لە برینەوە وەرگیرابێتو وابێ .. بێنە هەر بەرهەمێك قسەكەی ببڕێت ! تا لە ئەنجامی قسەدا ئێمەی خوێنەران تێبگەین هونەرە ئەدەبی یە رەخنە لێ گیراوەكە كوێی چاكەو كوێی گەندەو لە دواییدا چۆن توانی یان نەیتوانی بەری رەنجی نووسەر لە بازاڕی چاكەو بوایی و مرۆڤایەتی دا خورد بكاتەوە . كە ئەمە بكات چش .. با دوای ئەو هەرچی دەبێ بابی . با زریان هەڵكات و لافاو هەڵبستێ .. وچونكە ئەگەر لەسەر زەمینەیەكی پتەو بڕیارەكەی چەسپاندبێ ، هەموو ئەو زریانو لافاوانە عەرەب گوتەنی گەردەلوولێكی ناو فنجانی فاڵزانەكانە .

● ئیتر كە تۆ نەتەوێ دەست بۆ دەمە تیژەكەی رەخنە بەریت ئەوا زۆر ئاسانە .. بێنە هەر بەرهەمێك با وێنەچووش بێت بێش كەش خوێندەواران بكە لە چوارچێوەی شیكردنەوەو بەباڵادا بڕینو خستنەروودا ناوەرۆكەكەی پرشو بڵاو هەڵڕێژەو هەر دەنكەی بۆ مانایەكو هەر مانایەكی بۆ جۆرە ڕێبازو فەلسەفەیەك بەوەو سەرتاپا بیترنجێنە ناو قالبە هونەری یە ئامادەكراوەكانو ڕای دوو سێ رەخنەگرو پسپۆڕی ناسراوی بۆ بكە بەپێش دەستی ئەوسا دەتوانیت لە جیاتی لاپەڕەیەك دەبان بنووسیتو هەر بەرەخنەو لێكۆڵینەوەشی لە قەڵەم بدەبیت .

هەر ئەو كەسەی نایەوێ خۆی لە قەرەی دەمەتیژەكە بات دێ لە هەرچی ناتەواوی و كەموكووڕی یە هەیە چاودەپۆشێ .. لە چوار بنەما پێویستی یەكانی ئاری هونەریدا بەنموونە ئەگەر سێیان نەبێت گوێ ناداتێو بەناوی هاندان یان ڕێزگرتنی جۆرە ڕێبازێكی ئەدەبی یان هیچ نەبێ لەبەر خاتری هەژاری و دەستكورتی ی ئەدەبەكەمان ! كاری (ناتەواو) دەنخشێنێو دەیكا بە تەختەنیگارێكو بەدیوانی ئەدەبەوە هەڵی دەواسێ .

هەر بەو پێودانە ئەوا ئەگەر هەڵبەستێك لە كێشدا لەنگو لەزمان دا نەنەواوو بو لە دەربڕین دا سادە برو ، ئیتر هەر كۆششێكی رەخنەگر بۆ رازاندنەوەو پەڕاندنەوەی وبزانم لە جغزی ئەو قسەیە دەرناچێت كەوا رەخنەگر نەیویستووە خۆی لە دەمەتیژەكەی رەخنە بدات .

كە دەڵێین دەمەتیژەكەی رەخنە خۆمان لەگومانی وبڕان كردنو . دڵڕەقی ی ناپێویستو نەهلیستی دەپارێزین ، چونكە دەبێ ئەو كەسە ئاگادار بێت كە بڕیارەكەی دەمی تیفێكە راستی لە ناڕاستی ، چاك لە خراپدا دەبڕێتو وەكو گرێكە بۆ كل كردنو پتەوكردنو جوان كردنی بەرهەمی سازو لەبارە . دیاری كرداری كل كردنیش بێ ئاگر نابێت .

● ئیتر ئەگەر رەخنەیەكت خوێندەوە بریتی بوو لە خوخەریك كردن بەتوێژو شتی ئەملاو ئەولا پشتی لە كاكلی باسەكەی كردووە كە بڕیاردانە ، ئەوە بزانە نەبتوانیوە خۆی لە دەمەتیژەكەی رەخنە بدات .

ئەگەر رەخنەیەكیشت دی لە بڕیاردانەدا زۆردارو بێدادو وێران كەر بوو ئەوە بزانە رەخنەگر نەیزانیوە دەمە تیژەكەی رەخنەكە بەكاربهێنێ ، لەجیاتی ئەوەی بۆ هەڵپەرداوتنی چلی ووشكو كەلی گەندەل بەكاری بهێنێ هاتووە زیندەی پێبڕیوەو رەنگە دەستی خۆیشی بڕیبێ !!

دادیزم

خالد رسول

دادی :ـ وەك هەموو ڕێبازو قوتابخانە هونەری و ئەدەبی یەكانی تر ، بارو هۆی تایبەتی لە كاتو سەردەمێكی وادا سەری پێ هەڵداوپشكواندی ، كە جیهانی ئەو سەردەمەو بەرەودوا لە ناو ئاڵۆزی و شێواوی رووداوە جەرگ بڕەكانی شەڕی جیهانی یەكەمدا پەنگی خوار دبووەوە .. ئەو كوشتنو بڕینو ماڵوێرانی و كاول كردنانە بووە هۆی ئەوەی بیری زۆربەی بكاتەوەو ئاوات و ئارەزووەكانیان مرۆڤی ئەو كاتە سەرەو لێژ لەگەڵ ئەو خەونە خۆشەی كە لە دێرەوە لە كۆشش ئاشتی و هێمنی و سەربەستی دا دەبان بینی بهێنێتەوە هۆشی خۆیان و ئەنجا لە ناو دەریای خوێنو بۆنو بەرامەی بارروت و ئاگردا ، لەو باوەشە گەرمو گوڕەی كەدابە گەورەی دێوو درنجەكانی خەیانی یان كەیل و مەستی كرد بوون خۆیان ڕاپسكان .. وە لە ناكاو لە هێنان وبردنو مل ملانێی ئەم دیمەنە درامایتیكیە سامناكەدا هەستو دڵ وەدەرونیان بەو كوورە پڕ لە ژیلەیەدا چزاو هەڵقرچاكە مرۆڤەدرندە دڵ رەقەكان بۆ هەموو مرۆڤایەتیان داخست بوو .. ئەو كاتە هاتنە سەر ئەو بڕوایەی كە ژیانی مرۆڤ وە بە تایبەتی خۆی ئامێرێكە بێ هوودە ئەرك ئەكێشێ وە كۆشش ئەكات یێ ئەوەی بەك بە دوان بكات . وە لە لایەكی تریشەوە دەستەیەكی تر كەوتنە دووی گەڕان بۆ ئەوەی هێمنی و خۆشەویستی و خوشبەختی لە مرۆڤ خۆی دا بدۆزێتەوە تا لە ئەنجامداوە ناو ناخ وەدەروونی مرۆڤدا وە لە ناو دینایەكی تردا خۆیان بەسەر كردەوە ... دنیایەك .. كە هەر كەسێك بۆ خۆی جیهانێكی تایبەتی هەیە . بەرۆزترین وشكۆترین شوێنێكە كە دەستی بێگانە كاری تێ ناكاتو ناتوانێ خۆی بكوتێتە ناوی ...

ئەم ئاڵۆزی و شێواوی و بەسەر ئەدەبداو گەلێك سەرگەردانی یە بالێ كێشا قوتابخانەی وەك (دواڕۆژوبستكان ـ مستقبلی) كە ڕەفزی رابوردوویان ئەكردو لەگەڵ جەنگو كوشتنو بڕین دالایەیان ئەگرتوە هەموو هونەرێكیان لە نرخەئەستێتیكەكەی خۆی ڕادەماڵێ ... ئەم هەڵۆیستانە لە دوایی دا بوونە بەردی بناغەی گەلێك قوتابخانەی هونەری و ئەدەبی كە تەمو سێبەری ئەو ماتەمی و نارەزایی یەو فەرامۆشی یە هەستی مرۆڤیان ڕۆژانەو كرداریانیشی داخستە كردەوە .. تالەكاری ئاوەژوو بوەوەو ڕەنگی دابەوە ... وە لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەمداشۆرشی تەكنیكی نوێی ڕاستەوخۆ كاری كردە سەرژیانی مرۆڤو بزوتنەوەیەكی ئاشكرای خستە ناو كۆمەڵەوەوە دوارۆژوبستەكانیشی شان بە شانی سریالی و دادایی و تەكەبی یەكان ملیان ناودژی هەموو یاساو ڕەوشتو حورەكانی كۆمەڵ كەوتنە ڕەنتار كردن لەگەڵ خۆیانو كۆمەڵدا ـ وە شۆرشی باخی بوونیان بەرپاكرد ... ئەمانەی سەرەوە باسمان كردرێگە خۆش كردنێك بوو بۆ باسەكەمان كە دادیەكانیش نارەزایی و ڕەش بینی و نائومێدی وای لێ كردن . . ڕێگەیەكی وا بگرنە بەر كە ئەرنمۆشی و بێ ئارامی و هەندێ جار گێرەشێوێنی ببێتەمایەی بیروباوەڕیان .

(دادا : هیچ شتێك نی یە ،شتێك نی یە ، هیچ شتێك وەك ئاوات و ئارەزووەكانتان ، هیچ شتێك نی یە وەك بەهەشتی ئەڕین ... هیچ شتێك نی یە وەك بەفەری و پیرۆزی ، هیچ شتێك نی یە وەك پاڵەوانە دلێرەكانتان ، هیچ شتێك نی یە وەك ئاینەكانتان ... هیچ شتێك نی یە ...) ئەم بزوتنەوە هونەری و ئەدەبی یە لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩١٦ی زایینی دا لە ناو نادی یەكی سویسرا داسەری هەڵدا ، هەڵسوڕێنەری ئەم نادی یە (كابەریەی فۆلتیر) كابرایەكبوو بەناوی (هوگوبڵ) كە خۆی ئەیلەسوف و چیرۆكنووس و شاعیرو كەمانچەژەن ورۆژنامەنووس بوو . بە هۆی ئەمەوە لە ماویەكی زۆر كەم دا ژمارەیەكی زۆر لە ئەدیب و هونەرمەندو فەیلەسوف لە دەوری خڕبوونەوەو ئەم جێگایەش بووە پێشانگاو تاڵۆویەكەری تیا پیشان ئەدرا وە بووەشانۆگەری تیا پێشكەشش ئەكراوە شیعری تیا ئەدەخوێنرایەوەو كۆڕی ئەدەبی و هونەری تیا ئەبەسترا ـ تاهێندەی نەبرد ئەم دەستەو كۆمەڵە بە (دادایی یەكان ناسران وەك (ترستیان تزارا) ئەڵێ :

ئەم ناوە لە كاتێكدا لەدایك بوو بێ ئەوەی كە بزانێ بۆچی وە ڕۆچن ..

لەوانەی كە بەپیر ئەم بانگەوازەی . دادایی یەكانەوە هەتەوە ئاڵای یاخی بوونو نارەزایی یان لێ هەڵكرد بریتی بوون لە (لویس ئارگۆن ـ ئەندرێە بریتۆن ـ بادەر ـ جۆرج پوشیە ـ گابریل بوفیە ـ مارسل دۆشان ـ ئارل ئەئیشتاین ـ پول ئیلوار .. وە گەلێكی تر) ـ لەبەر ڕۆشنایی ئەم ووتەیەی« باكۆینن » كە ئەڵێ : (ڕوخاندینش دیسان دروست كردنەوەیە) دادایی یەكان هەڵوێستی خۆیان ئاشكرا كردو لەئەڵ دوارۆژوبستەكانیشدا بەكیان گرتەوە بەوەی كە هەرچی پاشماوە كۆنەكانە پێشێل بكرێو نەهێڵرێ . وە بۆ ئەمە هاتن دووسمێلێ زلیان بۆ تابلۆی مۆنالیزا كرد وەلە ناو پێشاوەكانەدا پێشانگای خۆیان دەكردەوەو تابلۆو پەیكەری خۆیان تیا هەڵنەواسی .. وە لە ئەڵمانیا(بادەر) كە ڕابەری دادایی یەكان بوو ، بۆ سەرۆك كۆماری خۆی هەڵبژاردوە دوای ئەمەش بۆ سەرۆكی هەموو گێنیو داوای لە خەڵكی كرد كە دەنگی بۆبدەن .. وە (ڤان دوزبرگ) كە خەتیبو ئەدیبێكی دادی بوو جارێك لەسەر شانۆ ووتەیەكی خوێندەوە لە ناكاو یەكێك لە دانیشتوان وەك سەگ وەڕی و ووتەكەی بێ بڕی چەند كەسێك هەڵسان تابیكەنە دەرێ لەم لاوە لەپێ (ڤان دوزبرگ) ئەو كەسەی بەدانیشتوان ناساند. . . ئەنجا هونەرمەند (كورت شفیترز) لە جێی خۆی هەڵساو چووە سەر شانۆكەوە بەلاسایی كردنەوەی چەند دەنگی ئاژەڵێكی تروە دووسێ پارچە هۆنراوەی دادی بۆ خوێندنەوە .. ئەم ڕوودواوانە كە بۆ نموونە لە سەرەوە باسمان كرد چەند هەڵوێستو ڕەفتارێكی دادی یەكان بوو كە بەیاخی بوون ئاژاوە چێتی و كرداری ناپەسەند هەستی ماتەمی و نارەزایی و نائومێدی خۆیان لە رامبەر ژیان و نهێنی یەكانی سروشتەوە دەرئەبڕی .. بۆیە بەفەرامۆشی و هەڵگەرانەوە بەڕووی یاساو ڕەوشتو یاساو ڕەوشتو كردارەكانی كۆمەڵوا هەڵئەچێوون و بێزاری و نارەزایی یان دەرئەبڕی لەبەرئەوە نابێ بەلامانەوە سەیرێ كە یەكێكی وەك (هانز ئارپ) لە بەرامبەر هونەرەوە هەڵوێستی خۆی رادیاری بكا كە بڵێ(دادا داوای هونەرێك ئەكات كە هیچ مانایەكی نەبێ ، وە دادا وەك سروشت هیچ ئامانج و مەرامێكی نی یە) لەمەوە دادییەكان لە بەرامبەر هونەرەوە هەڵوێستی ناناسایی خۆیان دیاری كرد ئەویش بە پێشكەش كردنی هەندێ كەلووپەلی لە كار كەوتووی وەك پێچكەی باسكیل و بوتڵی شووشەو هەندێ شتی تری لەم بابەتە لە پێشانگاكانیاندا . . ئەمەش بە بیانووی ئەوەی كە وەك (دۆشان) ئەڵێ : (لە هەڵبژاردندا ئەرێكی زۆر ناكێشی ، وە چێژ كردن گەورەترین دوژمنە) ... ئەم بزوتنەوەو ڕێبازە ماوەی شەش ساڵ ژیا ، واتە لەساڵی ١٩٢٢ دا كۆمەڵێك لە دادیەكان ، كە لەگەڵیان دا (دوزبرگ ـ ئارپ ـ تزارا ـ شفترز ـ هانز .. و گەلێكی تر) تەرمی دادیان بەرێ كردو تزاراش بەم بۆنەیەوە بۆی لاواندەوەو لە لاواندنەوەكەی دا ئەی ووت « دادا وا مای رێگا ئەگرێ ، لە فراوانی و كەشەكردن دا نا ، بەڵكو لە بێناوی دامركاندنەوەو ڕووخاندنی خۆی دا ، لەمەدا نامەوێ بە هیچ مەرامو سەرئەنجامێك بگات یان نەبەزێو سوودێك بە دەست بهێنێ ـ وا ئێستا لە كۆشش و خەباتی خۆی كەوت ، چونكە ئەزانێ ئەم خزمەت ئاكاتو بە مەرام ناگاتو ئەمانەگشتیان بایەخێكیان نی یە ، ئەوەی بەلای داداوە گرنگە ئەو ژیانەیە كە تیادا ملی ناو زبا .... »

بەم جۆرە بزوتنەوەی دادی كە بڕوای بە هیچ جو ولاندنەوەیەك نەئەكرد تەنانەت بە ڕێبازو بیروباوەڕی خۆشی ، كۆتایی هات تا ڕێگە لە بەردەم بزوتنەوەو ڕێبازێكی تردا خۆش بكات كە ئەویش (سریالیزم)ە . كە بە نەمانی ئەم ئەندامەكانی بەرەو سریالیزم ڕێگایان گرتەبەرو . وەك نهێنی ئەو عەودالی و شەیدایی یە لە لوری سریالیزم دا بە سەر بكەنەوە .

سەرچاوەكان

١ ـ الدادائیه بین الامس والیوم ـ علی الشوك ـ
٢ ـ المذاهب الوجودیه ـ ریچیس چولیقیه ـ
٣ ـ الحركه فی الفن والحیاة ـ حسن سلیمان ـ

سی سترانێ دلوڤانە

سگفان عبدالحكیم

خۆزی ژ خێرەكا خۆدێ ڕا .. دەریا میرێ مرادارا
مرادا من حاسل ببا ..و هەنا دویماهیكێ ..)

سترانا سی یێ دویماهیكێ خوگوری كرنەك ئەشكەرایە ژ لایێ ژنكێ قە بو زەلامی و هەر چەند هەرسێ سترانێن مە سەر ئاخفتین د گەهنە ئێك بفێ چەندێ بەلێ ئەم نكارین بێژین وەك ئێكەن چنكو هەر ئێكێ تامەكێ هەی و هەر ئێك لدەفەرەكێ یێ درست بوی چیروكا وێ .. ر هەر سترانەكێ سەخلەتیت دی بیێت هەبن جودانە ژ ئێك دوو بەلێ هەر سێ ستران لڤێرە ئێك د كەفن (بەشقەكا) دژوار بۆ ئەفینداری و د ئێن بگەهنە مرادا خۆو بلا بها چ بیت بلا چ بقەومیت دا گۆهێ خوبدەینە جەمبەلی و ئەو عەشقا خۆ گوری كری چەند روناهی یە تیدا ..

(لوری لوری مەلوری نە
رۆژێ سێ جارا جانو
جەسەدێ خۆ بكەم گوری
لاندكا جەمبەلی یێ من ژ
دارێ بی یێ .. مەلورینە ..
من رەبەنا

خۆدێ هەژاندی بلەزی یێ
لاندكا جەمبەلی یێ بلەزی
مەلورینە .. شەقەك
دی فی وەختی ئەزێ
لاندكا جەمبەلی یێ بچویك

بهێلم لهیڤیا خەسی یێ.
والله بلا بخێرو سلامەت
بێت جەمبەلی یێ مەزن
كوری میرێ هەكاری یا
سرپێ جانێ خۆ ببم گوری ،
لاندكا جەمبەلی ئەزێ
چێكری ژ دارێ كەتێ
من رەبەنا خۆدێ هەژاند
ی بسەعەتێ

سێ وەعدا خۆدێ بجانێ
من بكەڤیت .. لاندكا

جەمبەلی بچویك بهێلم
لهیڤیا پیرە مەتێ ،

بلا بخێر بێت كوری میر
ێ هەكاری یا جانێ مەن
ببیت گوری .) ..

هەكە بباوەرەك پاقژو هیڤیەك ساخ ئەم سامانێ باپیرا بۆ ئەتولین و لجەم بێهنەك درێژ روینەخارێ و بهزرەك كویر بەرێ خو بدەینێ دێ گەلەك خاڵو نیشانێت بنەرخو گران تیدا بینینو گەلەك كارو كریارێت تایبەتی تێدا خویاو دیاربن نەمازە ئەو كارو كریارێت گرێدان هەنە بحەرگێ ملەتێ مە یێ كورد لدەمەكی یێ كو كوردستانا رەنگین لژێر دەستی گورگێن ئورێخ بۆ .. لفردا هندە دەنگ فەدان بلند بۆن د چەند ڤێرێو گازی هاتنە ڕاهێلان د تڤدا بۆونە كەبارەك پیرۆزو دەنگەك ساهیو تیرۆشكەك دوژوار دا بژالەبیت . . برتكیت .. بەڵاڤەبیت لهەر جیایەكی كوردەك لبن .. و لهەر كانیەكا بێریڤانەك لنك .. و لهەر جوخینەكا د دەنە بەر بای .. لەوما دەنگێ ملەتێ مە .. ساڵ بۆ ساڵێ د ڤەژیو كاری بەر سینگا هەمی بابەلیسكێت درندە بكریتو خۆ بكەتە چەپەرەك دا مێژووو ئەزمانێ مە بباریژێت ژ نەمانێ ژ سەر ژێ كرنێ .. ژ ڤەشارتنێ ئەڤجا پێ تفیە ئەم سێ ڤان سترانێن ولوڤان لبەر دلێ ملەتێ خۆ بكەینە حەلات بو ئەو مروڤێ نەئیاس یێ پەیڤدارشتینو هەر دیسا بو وان سترانێژێن ئەڤ سترانە گوتین .. چەرخ بۆ چەرخێ .. ژ سترانێن ملەتێ مە حەژێ كری و بریڤانێت دلسوز د گەل هەین سترانا خەلیلێ غازی .. هەر چەند لسالا ١٩٧٨ دكتور (معروف خزنەدار) ی بئەزمانێ عەرەبی نفشتوكەك بەڵاڤ كربۆو لبەرپەرێ (٢٧) ئەوا كو بنافێ (مخطوطات فریدە ومطبوعات نادرە) بۆ هندەك ژ سترانا خەلیلێ غازی بەلاڤ كربو بەلێ مۆخابن هەمی لەنگەو خەلەتەو ژ بەر پاراستنا ڤان سترانا من دەست هاڤێتێ دا بەڵاڤكەم ژ بو جارەكا دی كەسس یاریاو ترانا بسامانێ ملەتێ مە ناكەت ڤێجا چ ئەو مروف رۆژهەلات ناسس بیت یان بیانیەك بیت . كەس نوینە د ناڤ ملەتێ مەدا ئەڤ سترانە نەڤێن چونكە بێهنا راستیا كوردا تژی یە .. هلما كوردستانێ ژێ د چیت .. دا پێكڤە گوه بدەینە سترانا خەلیلێ غازی ئەوا كو (محمد عارف) ێ جزیری سترانبێژێ بناڤو دەنگ لسالا ١٩٥٨ێ تومار كری لرادیووا كوردی ا.ەغدا ..

لاوا .. لاوا .. لاوا ..
لاوێ غازی
تۆ فەقیری لاوا
بەلنگازی
وەرە سەرێ خۆدانە
سەر چووكو رانێ منێ طازی
سەرێ چەندكی چەند
سالانە نە من د (رەڤینی نە من
د خازی
ئەزێ رابم كێرگو مەقە
سێ بینم
پۆرا سەرێ خۆ ژێرا
ببرم
ئەزێ رابم دەستێ لاوێ
غازی بگرم
ژ عەسكەریا رەشی
بگرم
ئەو چ دارە شین ببی لاوا
د حەوشا مەدا
وێ دارێ چما خۆ
وەراندی د حەمدێ خۆدا
خوزی مرادا منو لاوێ
غازی بیا
د ناڤ لحیفو دوشەكێت
قەدبفەدا .)

ئەڤ سترانە سەر دەڤێ سێرچ خانمێ ئەڤیندارا خەلیلێ غازی هاتیە .. چەندا گەشە .. خودان بیرو باوەرەك راستە ساهیە .. جوانیا وێ راستیا ئەشكەرا ئەوا د گەهینە هەمی خەلكێ بڤان ڕەیڤێت پهێزو گران .. بێ ریمەتی یەو بێ سالسكی یە بێ درەوە ژی .. لێ بەلێ سەربەستیا ژنا كورد دیار د كەت بئاخڤتنێو خویاكرنا بیرو هزرێن خود د ناڤ جەشقا ژنو مێرێ بژن بەلێ ئاوازێ د گەل ڤێ سترانێ وەلمە د كەت ئەم د بەرابكەینە گری چنكو تژی یە بواری كوردستانا شیرین دەمێ ناڤێ زوزانو كوچەریێ ئینتو دەمێ ژ دلەك سوتی یێ هەلولی دەردكەڤیتو نوئیایێ د ڤێت بگەهیتە بابێ شوكری و ئەڤە رەنگەك نوی یە بەرامبەر سترانێن ملەتێن دی دەما ژنك داخازا شوی بكەت ژ خۆدان ژنی بسترانكی هەر وەسا ناڤێ كەلەكو گەمیا تێو ئەڤكارە هەبۆ لناڤ كوردادا ب رێكا رویبارا دار دئەهاندنە بازاڕێت باژێرێت مەزنو ژ گوندا دار لێكدانو ئكفەگرێدان بوەریسا دا هندەك لێ سویبارێو چەند شەڤو رۆژا دا گەهنە جێگا خۆو د ڤێ دەلیڤێ دا من د ڤێت بێژم كو ئەڤ كارە ! ازێرێ زاخۆ هەبۆو و بیرا من تێت دەمێ كەلەك ڤانا كەلەكێت خۆ ژ گوندا تینادنو دا بەنە میسل .. وەكی مە گوتی ئاوازا سترانا بابێ شوكری گەلەك بكوڤانە ژ بەر هندێ طەزطەزینك بسەر لەشێ گوهداری دا تێت دەما گولێ د بیت .. دا سەحكەینە نوڤیایێ كا چ د بێژی تە بابێ شوكری ..

(هاوەر دەلال .. هاوەر
دەلالِ .. هاوەر دە ...لال
بابێ شوكری چەمو
چەمێ بشێری یێ
حەیرانۆ نوڤیا گوتی
چەمێ بشێری یێ
كەلەكڤانا . كەلەك
بەردان لبن گەمیێ
ماهۆ نزانن زوزان
خۆشن لكوچەریێ
ئەزێ بابێ شوكری مار
بكەم بلا سەرهەویێ
چەند من تو د ڤیێ بۆ
چی تە ئەز ناڤێم

سەرگوروشتەی تریفە

سەردەمێ « مانگ » ، لە گەوانەی ئاسوی خۆرا ...
ئەچووە پێشتر..نزیك ئەبۆوە ، ئەسووتا ...
لە سووتانا ، گڕی بەرئەدایە سووتاندن ...
نە ئەگەیە خۆرو ،ئەسووتا ...
ـ وزەی سووتانیشی نەما ...
ـ بەڵام ئەوەتا شەو ...لەبەر تریفەی زیوینیا ...
مرۆڤ دێتو ، مرۆڤ دەڕوا ...
ڕێگای ئاوباخ .. كەنار دەڕیا ...
بۆ گوێ چەمو ، بۆ سەر كانی ...
ڕیی خۆشەویستی تیا ئەگرێ ...
ئەروانێنە ئاسۆگەی نوێ .

ـ ئەژی گۆران ـ

Institut kurde de Paris

وتەیەك بۆ هونەرمەندان

بەپێی نەخشەی تازەی (هاوکاری)و لەڕێگای پێشکەوتنی ڕۆژنامەکەدا ، بەو نیازەش ، ئەم ڕۆژنامەیە بتوانی خزمەتی هەموو لایەنە ڕۆشنبیریو هونەریەکان بکات ، لەو لاپەڕە نوێیانەی لەڕۆژنامەکەدا دەبێ ، لاپەڕەی (هونەر)ە کەبایەخ بە هەموو لایەنەکانی هونەری کوردی « تەشکیلی ، شانۆیی ، گۆرانیو موسیقا» دەدا. جارێ بەشێوەیەکی وەختی مانگی جارێ دەبێو ئەگەر بۆمان گونجاو لاپەڕەکانی (هاوکاری) زیادیان کرد ، تەقەللا دەدەین هەفتەی جارێك بێ ، جا لێرەدا تکامان لەهونەرمەندان ئەوەیە ، نووسراوی بەکەلك دەربارەی هونەری کوردی بەهەموو لایەنەکانیەوە بنووسنو ئەم لاپەڕەیە لەبەرهەمی داهێنانی بەسوودیان بێبەش نەکەنو چاوەڕێین .

● لاپەڕەی هونەر ●

● هەموو ساڵێك لە ٣١-١٢ دا کۆمەڵێ هونەرو وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی لە سلێمانی ئاهەنگ ئەگێڕیو یادی دامەزراندنی ئەکاتەوە ، ئەمساڵیش هەر لەو ڕۆژەدا بوو یادی یانزەهەمیان کردەوەو (١٠) دەساڵی تەمەنی تێکۆشانیان بەرێ کردو لە ٣١-١٢-٩٦٩ دا بوو کە ئەستێرەی ئەم کۆمەڵە لەئاسمانی هونەرو ئەدەبی کوردیدا هەڵهات و ، تەمەنی ڕابوردو شی چالاکانە لەڕاسترین شێوەی دلسۆزانەدا خاوەنی بەتەی مەسەلەکەی خۆیانیان کردووەو واپێیان ئایە تەمەنی یانزە ساڵەیانو ١٠ ساڵی پڕلەخۆهیلاك کردنی ڕێگای هونەرو ئەدەبی کوردییان بەسەر بردووە و مەبەستی سەرەکیان گەشەکردنو هێنانەدی پاشەڕۆژی ڕوناکی هونەرو وێژەی کوردی هاوچەرخ و زیندوکردنەوەی کەلەپووری نەتەوەکەمانن .

کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی و

دەساڵی تێکۆشان

حمە سعید حمە کریم

● ئێمەش لای خۆمانەوە کەرمترین پیرۆز بایی ئاراستە ئەکەینو داوای سەرکەوتنی زیاتریان بۆئەکەین و ئەڵێین پیرۆزبێ یادی دەساڵەی دامەزراندنی هەوڵ تەقەلای دلسۆزانە بۆهونەرو وێژەی کوردی ، لەم نادەشدا سلاو لەئەندامانی یەکەم دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵ کە ئێمە لێرەدا لەدەرگای وەفاداری یەوە ناوی ئەوبەرێزانە ئەخەینە بەرچاوی خوێنەرانمان ، نوری وەشتی ، ڕەئووف یەحیا ، محمد صدیق محمود ، علی جۆلا ، نەوزاد مەجید ، محرم محمد امین ، ئەمینی میرزا کەریم ، محمود عبدالله زێوەر ، جمال بەختیار ، علی عبدول سمیع ، حیهان عمر تۆفیق ، طە خلیل دلسۆز ، عبدالقادر نوری .

● هەر بەبۆنەی یادی یا ١ ساڵەو پێنانە ساڵی یانزەهەمەوە حەزمان کرد کە ئەندێ چالاکیو جموجوڵی ئەدەبی تەمەنی ڕابوردووی ئەو کۆمەڵە بەخوێنەران بگەیەنین و بنسراینن لەماوەی داهاتودا نبازیان چیەو چیان بەدەستەوەیەو بۆ ئەم مەبەستەش کاك عێزەت احمد کریم سکرتێری کۆمەڵ یارمەتیەکی باشی دامو مەنلای بەگوێرەی ماوە ئەتوانم تەنها ناسی گرنگترین چالاکی بەشەکان بکەم کەبریتین لەچوار بەشی سەرەکی .

١ - بەشی نواندن .

٢ - بەشی گۆرانیو موسیقا .

٣ - بەشی هونەری تەشکیلی .

٤ - بەشی وێژە .

١ - لەبەشی نواندنا ئەم بەرهەمانە پێشکەش کراوون .

● لە سەر شانۆ ١٨ بەرهەم .

● لە تەلەفزیۆن ١٥ بەرهەم .

● لە ئیستگەی کوردی ٢٠ بەرهەم .

٢ - لەبەشی گۆرانیو مۆسیقاشدا ئەم بەرهەمانەیان بووە .

● تاکو ئێستا توانراوە نزیکەی (٢٧) گۆرانی خۆمانەو دوو تابلۆی مەڵبەڕکی کوردی لە تەلەفزیۆنی کەرکوك و ئیستگەی کوردی ڕادیۆی بەغداد تۆمار بکەین .

٣ - بەرهەمی هونەری تەشکیلی :

ئەمیش هەمدیسان توانیویەتی (٥) پێشانگای تایبەتی بکاتەوە بۆ ئەندامانی نزمەو هونەر مەندانی ترە شارەکە ، کە هەر یەکەیان بەگوێرەی بابەتو لایەنی خۆی جێگای ڕەزامەندی جەماوەر بوون .

٤ - بەرهەمی بەشی وێژەش هەر باشەو بەگوێرەی توانا ئەم ئیشانەیان کردووە .

● یارمەتیدان بۆ چاپکردنی پێنج بەرهەمی ئەدەبی .

● بادکردنەوەی ١٠ شانۆیی و نووسەری کورد .

● سازکردنی ٦ کۆڕی فراوان بۆ ئەندامانو نووسەرانی ترش دەربارەی چیرۆك و شانۆو بابەتە هونەریەکانی تر .

ئەمانە بەکورتیو بەژمارە ئەو چالاکیو جموجوڵانە بوون کە کۆمەڵ لەتەمەنی وابردوویدا پێیانەوە خەریك بووە .

● کاك عیزەت وەکو سکرتێری کۆمەڵ حەز ئەکەم گرنگترین ئامانجی کۆمەڵ بۆ خوێنەری بەڕێزمان روون بکەیتەوە .

× مەبەستی سەرەکیمان گەشەکردنو هێنانەدی دروشمی کۆمەڵە کەئەڵێ (هونەرو وێژەی کوردی) ئەویش بەهاوکاری و یارمەتی دانو نزیك بوونەوە لەهەموو تیپو کۆمەڵو دەزگاو نامەزراوە هونەریو ئەدەبییەکان . دوای ئەوە ڕایاندنەوەو پەرەپێدانی کەلەپووری ڕەسەنی زەنەوایەتیمان لەهەموو ڕووەکانییەوە و بایەو دانبە هونەرو ئەدەبی میللی ڕەسەنو خۆمالێ ناوکوردەواری ، هەوڵ ئەدەین بۆ ئەوەی بەهرەوەرانی مەیدانی هونەرو ئەدەبی کوردی لەکۆمەڵمان نزیك بنەوە بۆخزمەت کردنی

بروانە ل : ٧

لە هەولێر

یەکەم نوبەرەی شانۆ لە ساڵی نوێ

لە سەرەتای ساڵی نوێ ، کۆمەڵێك لاوی خوێنگەرم کەوتنەخۆ بۆ پێشکەشکردنی نوبەرەی شانۆگەریی ١٩٨٠ ، ئەوەبوو بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ تیپی شانۆی جەماوەرانی هەولێر چیرۆکی شانۆیی - خۆتان بگرن هات - ی پێشکەش کرد کە سعدون یونسی هونەرمەند دەری هێنا ، ئەم چیرۆکە محی الدین زەنگەنە بەرەتەکەی لە عزیز نەسین وەرگرتووەو بە عەرەبی بلاوی کردوتەوەو خلیل یابەشی کردوویەتی بە کوردی .

بەوبۆنەوە « هاوکاری» دانیشتنێکی تایبەتی لەگەڵ هەندێ لەو برا هونەرمەندانە سازکرد کە لەپێشکەشکردنی ئەم شانۆگەریەدا بەشداربوون بەڵام پێشئەوەی برا هونەرمەندەکان لەبابەت شانۆگەریەکەوە قسەی خۆیان بکەن، دەمانەوێ ڕوری ئەو ڕاستییە دەرخەین ، کە بە سەرنجدانێکی وورد لە شانۆگەریەکەو هەڵسەنگاندنو هەڵوێستی پڕهیلاکی ئەو برا هونەرمەندایە بە ئاشکرا هەست بەوە دەکرێ کە تەقەللایەکی فراوان دراوەو ، ئەو برا هونەرمەندانە ، سەرباری نەبوونو دەگمەنی لە کاروباری هونەریدا بەردەوامن، تەنانەت هەندێکیان لە یەك ساتدا بە چەند شێتێکەوە خەریکن و هەندێکی تریشیان تا درەنگی شەو ئەمێننەوە بۆ ئەوەی خۆشەویستی خۆیان بەرامبەر شانۆ تازەبکەنەوە .

× کاك سعدون یونس ، کە باسی شانۆگەریەکەی بۆکردین ، ڕاستەو خۆ پەنجەی خستە سەر ئەو ڕاستییە کە خواستی هونەریو خۆزگەکان زۆرن ، بەڵام دەرهێنەر کە بەخەیاڵ نەخشەیەك دادەنێ جیایە لەتەڵ ئەوەی کە دێتە ناو هۆتەلەکەو بەرامبەر بەنەبوونی کەلوپەلو توانای هونەری کە زۆرجار هونەرمەند لە شارەکانی ئێمەدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە هەناسە سارددەبێ . بەڵام سەرڕای ئەوە ، ئەم بەرهەمە تازەیە تۆانیویەتی خۆی لەباری تازەیە توانیویەتی خۆی لەباری کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردەواری نزیك بکاتەوە و کۆمەڵێك گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بخاتە ڕوو .

هەروەها کە هاتینە سەر دەردی نەبوونی - شانۆگەیی کوردی - کاك سعدون وای لێك دایەوە کە گیروگرفتی گەورە لە نەبوونی دەقی کوردی دایە ، بۆئەوەش ڕای وابو کە بایەخی زیاتر بدرێتە کەلەپور وەك هەنگاوێکی پیرۆز لەدایك بونی شانۆی کوردیو دەرهێنەرانی کورد هەوڵ بخەنەکار بۆ دوزینەوەی دەقی کوردی کە لە باری ژیانو جەزگەی بینەری ئەم سەردەمە بگونجێو ببێتە ئاغەیەك بۆ پاشە ڕۆژی شانۆی کوردی .

● دوای ئەوە ، خلیل یابەی وەرگێڕی شانۆگەریە کە هاتە دوان سەبارەت بە کێشەی شانۆی کوردی ، وە ئەوەی دەرخست کە وەرگێڕیش وەك دەرهێنەر خۆزگەی ئەوە دەخوازێت کە دەقێك بۆزێتەوە بەگوێرەی خواستی بینەری ئەمڕۆ بێ ، بەڵام دوای هیلاکی پەنا دەباتەوە بەر شانۆگەری بێگانە ، بەڵام خۆزگە وەرگێڕی کورد زمانێکی ڕەونی لە وەرگێڕانی دەقی شانۆگەریدا بەکاردە هێناو گرنگی زیاتریش بە کەلەپور دەدرا .

بروانە ل : ٧

شانۆگەری « جوولەکەکەی ماڵتا »

لە ڤێرتیشکی چەند سەرنجێکی هونەریدا

یاسین قادر بەرزنجی

لە پێش کەش کردنی : تیپی نواندنی سلێمانی
شانۆگەری : جوولەکەکەی
نووسینی : کریستۆمز مارلۆ
وەرگێڕانی بۆ کوردی : حەمەکریم عارف
دەرهێنانی : فاضل قصاب
بە یاریدەدانی : کاوە احمد میرزا
لە : سەر شانۆی چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی ، لە ٣٠-١٢-١٩٧٩ تا ١١-١-١٩٨٠ .

سەرەتا با ئەوە بڵێین ، کە« تیپی نواندنی سلێمانی » لە باڵ تیپە شانۆییە کارەنگینە کەمەکانی تردا ، شوێنو پایەیەکی چاکی بۆ خۆی کردووتەوە لە نێو هونەری گەنەکەماندا و خەڵکی بەرێزەوەدەڕوانن بەرهەمیان . بەرهەمی ئەم دووایەیان« جوولەکەکەی ماڵتە »ی نووسەری ئینگلیزی« کریستۆفر مارلۆ » بوو ، کە کاکی وەرگێر لە شێوە زمانێکی شانۆیی لە باردا بە چاکی کردبووبە کوردیو لەو سیانزە ڕۆژەدا ، خەڵکێکی زۆر لە ئاشنایانی شانۆگەری پێی شاد بوون .

حەقیقەتێك هەیەو لای گشت لایەك ئاشکرایە ، هونەرمەندی ئازاو نوێخواز ، کاتێك بەرهەمێکی بێگانە دەئەدەبزێرێ بۆ پێشکەشکردن ، دەبێ دوورو نزیکی ئەو بەرهەمە لە خۆمانەوە بپێوێو چارەنووس و واقیعی مرۆڤی کورد فەرامۆش نەکات تیایدا .

من ناڵێم (جوولەکەکەی ماڵتە) بەرهەمێکی خراپە ، بەڵام لە گەڵ هەڵبژاردنیا نیم، هەر لە ئەدەبی بێگانەدا ، دەبان شانۆگەری چنگ دەکەون ، کەوەك « بیر » و خزمەتە بینسانیەکە زۆر تر لە بارنووسودی گەورە دەگەیێنە جەماوەر .

بە کورتی شانۆگەریەکە ، باسی دەوڵەمەندێکی جوولەکەیە کە (باراباس)ەو لە دوورگەی ماڵتەدا لە سەدەی یانزەهەم دا ژیاوە، « باراباس » کابرایەکی پسکەو خۆوو لەئیمە ،تەماعو ڕباکەر ، تەڵەکەبازو زۆرزانە ، هەموو ئامانجێکی بارەخۆکردنیەوەیە ، ڕقی گەورەی لە غەیری جوولەکەیە ، واتەمەسیحیو موسوڵمان .. گەر حی لە هەندێ حاڵەتدا پشت لە جوولەکەش دەکات .. ئەم کابرایە گەیوەتە سامانێکی زۆرو ئیشی لە بارە ... بە ناوبانگترین بازرگانی ناوچەکەیە، خاوەنی تاقە کچێکە بە ناوی « ئیبیجیل » ەوە . لەماڵتەدا «فیرنیزی » ناوێك فەرمانڕەوایە ، ئەو کاتەی« کالیمانی » کوڕی سوڵتانی تورك دێتە سەریو داوای باجی دە ساڵی ماڵتەی لێ دەکات ، فەرمانڕەواش داوای نیمەی سامانی بازرگانە جوولەکەکان دەکات ، لە ئەنجامی خۆ بەدەستەوە نەدانی باراباسو قایل نەبوونی ، فەرمانڕەوا حوکمی زەوت کردنی گشتی سامانەکەی دەدات . ماڵەکەشی دەکەنە دێری ڕاهبەکان ، هەر جۆنێك بێ جوولەکە بە هۆی کچەکەیەوەو بە درۆ کردنی بە مەسیحی ، دەتوانێ چەند لێرەو کیسە ئەڵماسێ لە ماڵەکە بگەیێنێتەوە لای خۆی . ئەم کردارەی فەرمانڕەوا ڕق لە دڵی « باراباس »دا سەوز دەکات و دەبەوێ تۆڵەی لێ بکاتەوە، دێت «ئیبیجیل» کە حەز لێ کردووی لاوێکە بە ناوی (دون ماسیاس) ، هانی کچەکەی دەدات کە بە درۆوە (دۆن لۆدفیك)ی کوڕی فەرمانڕەوا بلاوێنێو وا نیشاندات کە حەزی لێی کردووە ، لە ئەنجامی ئەم فێڵەدا ماسیاسو لۆدفیك دەدەن بە یەکداو یەکتری دەکوژن . ئیبیجیل کە لە ڕێی ئاسامووری کۆیلەی باوکیەوە بەم داونانەوەیە دەزانێ نەفرەت لەباوکی دەکاو لە سەردەستی ڕاجێکدا دەبێتە مەسیحی . باوکی لە ئەنجامی ئەمەدا زەهر دەرخواردی کچەکەی دەداو دەمرێ . ئەم کوشتنەو ئەم نهێنییە لای دوو ڕاهبەکە ئاشکرا دەبێو باراباس لە ترسی چارەنووسی خۆی ئامانیش لەناو دەبات . هەموو ئەم نهێنییانە لە سەر زمانی ئاساموورەوە دەگاتەوە فەرمانڕەوای جگەرسووتاو ، ئەمیش هەوڵی کوشتنی باراباس دەدات بەڵام تیایدا سەرناکەوێ . دیسان کوڕی سوڵتانی تورك دێتەوەو ئەمجارە بە هێرشێکی زۆرەوە ، لە ڕێی فێڵی« باراباس »ەوە ماڵتەی داگیر دەکرێو ئەویش باراباس دەکاتە فەرمانڕەوا . بەڵام باراباس وای لە لا چاکترە کە ماڵتە بگوێزێتەوە بە سامانێکی لەبن نەهاتوو ، دێت کۆنە فەرمانڕەوا دێنێتەوەو بەرامبەر بە سامانێکی زۆر فەرمانڕەوایی پێ دەنرۆشێتەوە ، بەمەرجێ هاوکاری لەو پیلانە دابکات کە بۆ لە ناوبردنی کوڕی سوڵتانی تورك کێشاوێتی ، بەڵام کۆنە فەرمانڕەوا ڕقی دێرینی خۆی بە باراباس دەڕێژێو دەیکوژێ و کێشەکە کۆتایی پێ دێنێ و ماڵتەش دەگەڕێتەوە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیو ئەفسەرە چالاکەکانیو شانۆگەریەکە کۆتایی پێ دێت .

دەرهێنان :

وەك لە سەرەتادا ووتمان ، هەڵبژاردنی دەقی شانۆگەریەکە ، گەر لە باڵیداتوانا هونەریەکانیش ئامانجدارو بەهێنربن ، ئەوەوادەرهێنەرێکی سەرکەوتوو دەبێنرێتەوە . کاك « فاضل »وەك ئاشکراشە لامان ، خاوەن توانا بەهرەیەو ، لە ڕوانگەیەکی گەشەوە شانۆو کاری هونەری بۆ خۆی هەڵبژاردووە ، گەنجێکی قالبوی نێو

بروانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ، سەرەڕای ئەوەی چەندان ئەرکو کاری دامو دەزگاکانی خزمەتگوزاری و کۆمەڵایەتی بەڕێوە دەبا ، کە زۆربەیان ، پەیوەندی ڕۆژانەیان ، بە ژیانی خەڵکەوە هەیە ، لەپاڵ ئەو ئەرکانەشدا ، بەردەوام پرۆژەی [illegible]وی مەلبەندەکانی کاروباری کۆمەڵایەتی وەك دایەنگەو مەلبەندی چاودێری پیرو پەککەوتەکانو خانووبەرەی بۆحوێندنگای فێرکردنی پیشە دەکاتەوە ، ئەم پرۆژانەش سەرتاپای وڵاتیان گرتۆتەوە .

تەواوکردنی چەندان پرۆژەی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری

● **لە ساڵی رابووردوا**

لە ساڵی پاردا ، ١٩٧٩ ، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە تێکڕای وڵاتدا ، بە پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنومی کوردستانەوە هەژدە دایەنگای کردۆتەوە ، کە زۆربەی ئەم دایەنگایانە سەر بە مەلبەندی کۆمەڵایەتی شارەکانی وڵاتنو هەموو پێداویستەکانی ئەم دایەنگەیانە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و بێکەم و کورتی زامن کراون .

هەروەها ساڵی رابوردوو ، وەزارەتی ناوبراو دوو خوێندنگای پیشەیی فێرکردنی کردۆتەوە لە بەسرەو لە بەغدا ، دیسان وەزارەت لە چوارچێوەی ئەو نەخشەیەدا داینراوە بۆ بایەخدان بە باری ژیانی کۆمەڵایەتی پیرو پەککەوتەکان ساڵی پار چوار مەلبەندی چاودێری بۆ کردونەتەوە لەپاڵ زامن کردنی پێویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەیاندا ، دیسان لەو پرۆژانەی تری وەزارەت کە پار تەواوبوون کردنەوەی چاودێریگایەکی کچان لە شاری سلیمانی و فراوان کردنی چەند مەلبەندێکی تری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکانی وڵاتدا .

● **نەخشەیەکی فراوان بۆ پرۆژەکانی ئەمساڵ**

لە نەخشەی ئەمساڵدا ، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ، گەلێ پرۆژەی خزمەتگوزاری بەدەستەوەیە کە لە پارێزگاکانی وڵاتدا جێبەجێ بکرێنو زور لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرنەوە لەو پرۆژانە :

١ - کردنەوەی چەند دایەنگایەك لە زوربەی شارەکانی وڵاتدا .

٢ - کردنەوەی چەند مەلبەندێکی کۆمەڵایەتی لە زوربەی شارەکانی وڵاتدا .

٣ - کردنەوەی چەند خەستەخانەو مەلبەندی پزیشکێتی لە زوربەی شارەکانی وڵاتدا .

٤ - کردنەوەی چەند چاردێریگایەکی کچان .

٥ - کردنەوەی چەند بایەو کتێبخانە بۆکرێکاران .

٦ - دروستکردنی ئۆتێلو خانووی سیاحی بۆکرێکاران .

٧ - دروستکردنی چەند دەستە خانوویەك لە هەموو پارێزگاکانی وڵاتدا بۆ ئەرەی هەموو دزگاو دایەرەکانی سەر بەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەریەکێك لەو دەستە خانووانەدا کۆبکرێنەوە

٨ - دروستکردنی چەند خانوویەك بۆ ئەو فەرمانبەرانەی لە گرتووخانەکاندا ئیش دەکەن .

٩ - دروستکردنی چەند بنایەك بۆ شەلو سەقەتەکان.

١٠ - دروستکردنی ئوتێلێك و چێشتخانەیەك بۆ ئەوانەی لەو دەورانەدا بەشدار دەبن کە دەزگای ڕۆشنبیری کرێکاران دەیان کاتەوە .

ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام لە ناوچەی کوردستاندا. گەلێ دەزگاو پرۆژەی گرنگ گرنگ دەکرێنەوە لەمانە :

١ - ئامۆژگایەك بۆ کوێرەکان لە دهۆك .

٢ - چاودێریگایەکی کچان لەسلێمانی .

٣ - دایەنگەیەك لە دهۆك .

٤ - ئامۆژگایەك بۆ کەرولالەکان لەهەولێر .

٥ - مەلبەندێکی کۆمەڵایەتی لەدیانا / هەولێر .

٦ - فراوانکردنو بەرەپێدانی گشت دەزگاو دایەرەکانی وەزارەت لەناوچەی ئۆتۆنومی لە کوردستاندا .

گۆڕستانەکان بۆچ نەکەین بە گوڵستان؟

● **نووسینی : شاکر فتاح** ●

گۆڕستان بێ چاکنرە یان گوڵستان ؟ :

بەشی هەرە زۆری گۆڕستانەکانمان ، لەکوردستاندا ، چ لە شارەکانماندا ، چ لە باژێرەکانماندا ، چ لەگوندەکانماندا ، هێشتا شوورەیان بۆ نەکراوە ، بەپانایی لەگیان لەبەرو درندەو تاوانکاران . بیان پارێزێت لەو پووشو پەڵاش وتۆزو خۆڵەی ڕەشەبادەبانکات بەگژ گۆڕەکاندا . هەروەها بەشی هەرەزۆریشیان بایەخیان پێنەدراوە دارو درەخت و گوڵوڕێحانەیان تێدا بڕوێنرێ . باخود لەشێوەیەکی ڕازاوەوناوازەدا گۆڕەکان ڕێزبکرێن ودایمەزرێنرێن . یان پاکیو خاوێنی یان بپارێنرێ .

کەچی لەخاکەپێشکەوتووەکاندا : گۆڕستان وەك ناوازگاە (متحف) یەك و باخێکی گشتی دەڕازێنەوە. لەبەر ئەوە گەشتو گوزارکەران بەتاسو قەوە دەچنە سەیریان . تابە تەماشاکردنیان خۆشی لە جوانیو ڕازاوەیی یەکەیان بچێژنو ، جێماو (شوێنەواری) مێژوویی لە - یشیان کەلك وەربگرن.

گۆڕستانەکانمان کێیان تێدایە؟:

لە گۆڕستانەکانماندا هەرەخۆشەویست و هەرە نازدارو هەر گەورەپیاووهەرە شۆڕە ژنمان تێدا نێژراوە .

بە سەدان پاڵەوانانی مەردی مەیدانمانیان تیا خراوەتە ژێر گلەوە .

کەواتە بۆچ کەم تەرخەمبین بەرامبەریان ؟

ئێمە لەلایەکەوە لە پرسەکانماندا کەلێیان پرپوچ ترنیە بەسەدان بەلکو بەهەزاران دینار بەفیڕۆ بەخت دەکەین ، کەچی بۆڕازاندنەوە و ڕێك خستنو پاراستنی گۆڕستانەکانمان درێغی دەکەین ، پوولێك بەخت ناکەین !..

ئێمە هەروەك ڕێز لە خۆشەویستەکانمان دەگرین ، لە سەردەمی ژیانیاندا ، بام لەپاش مردنیشیان ڕێز لە گۆڕەکانیان بگرین . باشتر دایانبەمەرزێنین ، جوان بیان ڕازێنینەوە ، چاك بیانپارێزین، پاك ڕایان بگرین ، گۆڕستانەکانیشیان پڕ بکەین لەدارو درەخت وگوڵ وڕێحانە ، تا ببنە گوڵستان .

فرمانی سەرشانی شارەوانی یەکانمان :

دوروست کردنی شوورەی قایمو جوانو ڕازاوە ، بەدووری گۆڕستانەکانماندا ، لە ئەستۆی شارەوانی

بڕوانە ل : ٧

کتێبخانەی گشتی هەولێر وپاشەڕۆژ

ئامادەکردنی : شێرزاد عبدالرحمن

کتێبخانە وەك دەزگایەکی ڕۆشنبیری ڕۆڵێکی فراوان لە بڵاوکردنەوەی زانستو بەرزبوونەوەی ئاستی ژیانی شارستانی خەڵکدا دەگێڕێتو بەشدارییەکی بنەڕەتی لە گۆڕانکاری بەرفراوانی کۆمەڵایەتیدا دەکات .

ئەمڕۆ لەم وڵاتەدا لێپرسراوان زیاتر بەتەنگ ژیانی هاووڵاتیانەوە دێن لە شارەکاندا کتێبخانەکان ڕۆژبەڕۆژ ژمارەیان لە زیادبوونەو زیاتر خەڵك ڕوو لەو مەلبەندە ڕۆشنبیریە دەکەن .

لە هەولێردا ، کتێبخانەی گشتی هەولێر ئەوە چەند ساڵێکە خانوێکی بەکرێ گرتووە ، سەرباری زیادبوونی خوێندەوارانی هەر کرچێتی دابو ، بەڵام مزگێنیی ئەوە بەخوێنەران ڕادەگەیەنین کە کار بەردەوامە بۆ دروستکردنی گەورەترین بنای فراوان بۆ کتێبخانەی گشتیو بەم بۆنەوەش چوونە لای ئەمینداری کتێبخانەکەو ئەم هەواڵەمان بەسەر کردەوە ، مامۆستا (کاظم ایوب) لە وەڵامی پرسیارەکاندا وتی :

+ ماوەیەکی دوورە ئێمەش وەکو خوێنەرو ڕۆشنبیرانی بڕێزگاکە بە ئاواتەوەین ڕۆژێ لە ڕۆژان بتوانین لە کۆسپو تەگەرەی ئەم بنایە تەسکە ڕزگاربین کە ڕاستی یەکەی هیچ مەرجێکی هونەری تێدا بەدی ناکرێتو هۆڵێکی ئەوتۆی تێدا نیە کە بتوانین دڵی خوێنەرانی بڕازی بکەینو هانی کۆمەڵ بدەین کە لە کتێبخانەکە نزیکتر بێتەوە ، هەموو ساڵێکیش سەدەها قوتابی بۆ ڕاپۆرتی ئەدەبی لە هەموو سوچێکەوەو لە چەشنەها بابەو پلەی خوێندندا هانا بۆ کتێبخانە دێنن و هەموو سەرچاوەیەکیش لەم کتێبخانەیەدا هەیە ، بەڵام شوێنی لەبار نیە تاکو بتوانن بەڕێك و پێکی کارەکەی خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن و سەرکەوتنی تەواو لە باسەکانیاندا بەدەست بێنن ، چرنکە هۆڵی گونجاومان نیە .

× ئەی دەربارەی هەواڵی دروستبوونی بینای تازەی کتێبخانەی هەولێر پرۆژەکە گەیشتۆتە کوێ ؟

- دوای ئەوەی لێپرسراوان بەردەوام گلەیی خوێنەرانیان لە ڕۆژنامەکاندا دەخوێندەوەو بە تەواوی گیروگرفتەکە دەنگیدایەوە ، بڕیاری ئەوە درا کە بە زووترین کات بیر لە دروستبوونی کتێبخانەی نوێ بکرێتەوەو پارەیەکی زۆر بۆ ئەم مەبەستە دانراوەو تا ئێستا بەردەوام کار لە تەواوبوونی بیناکە دەکرێ لە ژێر چاودێریەکی هونەری تازە .

× ئایا دوای ئەوە چاوەڕوانی هیچ گۆڕانێکی تر دەکرێ ؟

- تەواوبوونی کتێبخانەکە لە ساڵی داهاتوودا کۆتایی بە سەراپای گیرگرفتەکانمان دەهێنێ چونکە بەشێوەیەکی هونەری کتێبەکانمان ڕێك دەخرێنو جەندەها هۆڵی فراوان دەگرێتە خۆی بێجگە لە هۆڵی گۆڤارو ڕۆژنامەو هۆڵی تایبەتی منداڵانو ڕێك خستنەوەی سەرلەنوێی کتێبەکان لەسەر شێوەیەکی هونەری نوێ بە نیازی هاندانی کۆمەڵێکی زۆرتر لە هاووڵاتیان بۆ خوێندنەوەو بەسەرکردنەوەی ڕۆشنبیری .

× ئەی ئێستا لەو کتێبخانەیەدا گیروگرفتی دبارتان چیە ؟

- گیروگرفتە بنەڕەتییەکە وا خەریکە چارە دەکرێت ، بەڵام ئەوەی جێی داخە بارمەتی ڕۆشنبیرانو نووسەرانو هاوکاریان لەگەڵ ئەم دەزگایەدا سستەو زۆر لە خوێنەرانیش نرخی تەواوی کتێب نازانن و گەلی کتێبی بەنرخو گران بەهای ئەم کتێبخانەیان پەڕبووت کردووەو ئێمە ناچار دەبین کە هەڵیان بگرین ، بەمەش چەندین کتێب لە کیس دەچێت ، هەروەها ژمارەی فەرمانبەرمان زۆر کەمەو تەنیا چوار کەس لەم کتێبخانەیەدا کاردەکەن ، هەموو ساڵێ ڕۆوبەڕووی هەزارەها هاوڵاتی دەبین بەتایبەتی لە کاتی ڕاپۆرتی قوتابخانەکاندا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەست بە هیلاکی ناکەین چونکە دەزانین کە هەموو ساڵێ مامۆستای ناوبراو سەدەها کتێب دەکاتە دیاری بۆ فەزاو ناحیەکانی تریش ، وە چەندەها ئینسکلۆپیدیامان هەیە کە وەکو سەرچاوە کەڵکی لێ وەردەگیرێت . لە کۆتاییدا مامۆستا (کاظم) دەڵێ :

ئایێ نکولی لەوە بکرێت کە هەموو ئەم پێشکەوتنە دەستی دڵسۆزان بەدی هاتووە ، بۆ نموونە ئێستا لە هەموو فەزاو ناحیەکاندا ژمارەی کتێبخانەکان زیادی کردووەو بووەبە (١٢) کتێبخانەی گشتی . وەزۆر کتێبخانەی نوێش، گیروگرفتی کەمی فەرمانبەران چارەسەر بە نومێدەوەین کە لە بکرێ ، لەگەڵ کۆسپی - دەوامکردن - مان چونکە پێویستیمان بە دوو دەوام هەیەو بە بەردەوامی بۆ گەشەپێدانی زیاتری کتێبخانەو هاندانی زیاتری خەڵك بۆ خوێندنەوەو ڕووتێکردنیان بۆ ئەم کتێبخانەیە .

هاوکاری وکۆمەڵایەتی خەڵك

گوندی کۆمەشین چی دەوێ

- گوندەکەمان کە سەر بەدەزای کۆیەیە ، گوندێکی گەورەیە ، بەڵام قوتابخانە سەرەتایە تاقانەکەی بەزستان لەبەر دڵۆپە قوتابیان ناتوانن تێیدا بخوێنن !

- گوندەکەن تەنیا بیست دەقیقەیەك لە شەقامی گشتی دوورە ، بەڵام لەبەرئەوەی ڕێگاکەی قیرتاو نەکراوە بەزستان ئۆتۆمبیل هاتووچۆی بۆناکا .

- داوا لە کاربەدەستانی دڵسۆز دەکەین ئاوڕێك لەم گوندە بدەنەوەو ئەم کەمو کوربتیانەمان بۆ چارە سەربکەن .

هاووڵاتی : فەرهاد خدر گۆمە شینی

خواستەوداواکارییەکانی چوار قورنە

- نامەی هاووڵاتی نەژادبنوێنی لەناحیەی چوارقورنە ژمارەی خانوو ٥٧٧، دەربارەی کەمو کورتییەکانی گەرەکێکی چوار قورنە دەڵێ :

- کارەبای گەرەکەکەمان ، ئەوەندە بێهیزە ، تائیستا زەرەرو زیانی بەزۆر خێزان گەیاندووەو بۆتە هۆی سووتاندنی (سەلاجە) و (تەلەفزیون) .

- کۆڵانەکانی زۆر ناڕێك و پێکن ، بەزستان لەبەر قورو چڵپاو هاتو چوی پێدا ناکرێ . تائیستا چەندان جار داواکاریمان داوەبەشارەوانی ، بۆ چاککردنو دروست کردنی زێراب کەچی هەر بەڵێن دەدەنو کار جێبەجێ نەبووە !

- لەڕووی گیروگرفتی هاتوو چۆوە ، داوادەکەین پاسی دەزگای گواستنەوەی تایبەت بۆچوارقورنەو سلیمانی دابنرێ .

● **بۆ بەر چاوی شارەوانی سلیمانی** ●

- نامەی هاووڵاتی محمد خالو احمد لەگەرەکی شێخ محی الدین لەسلیمانی دەڵێ :

- ئەو شەقامەی لای بەنزین خانەکەی سلیمانی یەوە لادەدا بۆ گەرەکی شێخ محی الدین قیرتاوەکەی بەجارێ خراپ بووەو پڕی چاڵو کەلەبەرە خۆزگە کاربەدەستانی ئیپرسراو ئاوڕێکیان لەم شەقامە دەدایەوەو قیرتاوەکەیان تازە دەکردەوە .

- گەرەکەکەمان ، کەم ئاوەو بەلایەنی کەمەوە ڕۆژی چەندسەعاتێ ئاومان لێدەبڕێ !

● **لەچەچەمەڵ گۆڤارو ڕۆژنامە بەگران دەفرۆشن!** ●

- هاووڵاتی محمد رشید عارف لە ئامادەیی چەمچەماڵ لەنامەکەیدا دەڵێ :

ڕۆژی ١١ ی مانگی ڕابوردوو لە کتێبخانەی « الجماهیر » ی چەمچەماڵ ڕۆژنامەیەکی « الثورە » و ژمارە ٥٨ ی گۆڤاری (بەیان) م کڕی ، خاوەن کتێبخانەکە (١.٥) سەدو پێنج فلسی لێ سەندم ، لەکاتێکدا نرخی هەردووکیان دەکاتە (٧٥) حەفتاو پێنج فلس !

هاوکاری :

ئەم نامەیە ، تەنیا نیی یەکەلەبارەی بەگران فرۆشتنی هەندێ چاپکراو دەگا ، بەتایبەتی چاپکراوەکان نرخی دیاری کراوی خۆیان لەسەرە، جا ئێمە ، داوا لە لقەکانی (دار الوطنیە) دەکەین کە سکاڵای وایان لەهاووڵاتیانەوە بۆدێ ، چاکتروایە سزای خاوەن کتێبخانەکە بدەن .

کاروباری ڕۆژانەی خەڵك

● **ئەوانەی غاز بەگران دەفرۆشن !!** ●

لە کڕیوەکەی زستانی ڕابوردودا نەبونی سوتەمەنی .. . بەتایبەتی غاز - کارێکی وای بە شاری سلێمانی کرد تا ئێستا با بە دەواری شڕی نەکردوە! ئەمەش سەرانسەری زستانەکەی بە خۆوە ڕاکێشا.... لەم هەڵوێستەدا تامێرای هاوکاری ئەمەوێنەیەی گرتو نیازم وابو لەگەڵ بڵاوکردنەوەیداگەیەکی گەرم لە ئیپرسراوانیان بکەین ... ، بەڵام پەیامنێرەکەی ترمان کاك حمە سعید تومەزئەویش وەك من و جەماوەران داوای لێکردم کە وێنەکەی بدەمێو ئەو شتێکیان لەسەر بنووسێت ! جا لەبەر ئەوەی مەبەستی هەردووکمان یەك شت بو من وازم هێناو ئەوشتی خۆی لەسەر نوسی .

لە ڕاستیدا زستانی ئەمساڵ هەر ڕەکو پار سارده .. ئەگەر ساردترنەبێ ... ! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین بەچاوساڵی پارەوە ئەمساڵ جۆرەکانی سوتەمەنی لە پارێزگای سلێمانیدا گەلێك باشترە .. ، بۆ نمونە پارەوەی لەناو دائرەی غازەکەشدا غازێکی دەستبکەوتایە وای دەزانی قەلایەکی سەختی گرتوە ، بەڵام باقسەیەك بۆ هەق بکەین ئەمساڵ ئەمڕۆ کە ڕێکەوتی نوەی مانگی یەکەمی ساڵی هەزارو نوسەدو هەشتایە ، دیاردەی پارمان نەبینیوە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەشاری سلێمانی دڵیان بۆ ببێت بەجاو بۆ نمونە ئەووەکیلانەی کە بە عەرەبانە غاز بە کۆڵانەکاندا دەگێڕنو وەك بڵێی لەگەڵ بەفرەکەی پاردا توانەتەوەو ئەوتاکو تەرایەشیان کە دەکەونە پێش چاو کەلکێکی ئەو تۆیان بۆ جەماوەر نیە **چونکە هەمومان پێدەزانین کەزوربەی زۆری ئەو وەکیلانە کە غاز دەگێڕن نرخی فرۆشتنی یەك غازیان دەگەیەننە (٧٥٠ - ١.٠٠٠ دینار) بەبیانوی ئەوەی کە دنیا زۆر سارده ... باشەئایا جەماوەرانیش دەتوانن نرخی کڕینی غازێك لە هاوینا بکەن بە ٣٠٠ فلس بە بیانوی ئەوەی دنیا زۆرگەرمە ؟**

لە ڕاستیدا بیانوی هیچ لایەك لە جێگای خۆیدا نیە بەڵکو ئەوان چاك دەزانن کەجەماوەر ناچار دەبێ بەو نرخەی ئەوان دای دەنێن بیکڕن چونکە ئەگەر وانەکات دیسان ناچار دەبێ کە بۆدوو غاز نە کەسیان تەکسیەك ئەمەروئەو سەربگرێو هەر هەقی تاکسیەکە دینارێك بدات... بەڵام ئەمانە هەمووی ئەوە دەسەلێنن کە ئەگەر بەردڵلایی نەبێو لێپرسینەوە هەبێ ئەو کاتە کەس ناتوانێ کەس ڕووت بکاتەوە .

فریا عبدالله

پ. هاوکاری لە سلێمانی

Institut kurde de Paris

بەکر بەگ و بەیتا سەیرانێ

بەکر بەگ نە تەنێ هۆزان ان‌بو و بەس بەلکی نێچیرفان‌و نامان چێکەر و دار تەراش و ئایین زان ژی بو گەلەك ئەفسانە پێ هاتنە گوتن .

دیارە ژ بەیتا(چول بەگی) کو گوتن کەر ژیی بو ب نافێ دەولەتا میرێ بەهدینا .

گەلەك هۆزانێت ئەهونایی و راچاندیی وەکی بەیتا تەرگێ ، بەیتا سەیرانێ ، بەیتا بهارێ ، بەیتا نابیلە خاتون ، بەیتا خوێ ، بەیتا ئاشی .

دیارە هەمو هۆزانێ ئی هوزانڤانی هاتنە ئەهونانەدن و راچاندن د روداو مناسەباتا دە .

١ ـ یەك ژ ەئفسانێت هاتنە گوتن دبێژن بەکر بەگ گوتە کوڕی خوە دا ئەم کەرەکی داری ژ میرێ بەهدینا رە چێکن و ب دیاری بو ببن چاخێ بەکر بەگ و کوڕێ خود چونە چیایی بن دارەکا تەزوانا بەری کورێ بەکر بەگی پرسیارا وی بکێ بفرێ خو راکر و ل دارێ دا بەکر بەگ لی خوری و گوت راوستە تە گوهێ کەریی بڕی کورێ ویی راوەستا و بەکر بەگ کارێ خوە کر حەیا دوماهی هات کەرەك چێکر سەر خرخالا گوهێ ویی بریی بو (کەم بو) .

٢ ـ دبێژن میرێ بەهدینا نێچیر راکر و تفنگی نێچیرفانازێ وەرکرتن پشتی هەیامەکی زانی کو بەکر بەگ دچێ نێچیرێ رابو هنارتە دوف رە دا بێتە ئامێدین چاخێ هاتە ئامێدین و ل جهێ خو ئێ تایبەتی رونشت ـ چونکی جهێ وی ل کوچکا میر دیاربو ـ میر گەلەك ژ بەکر بەك حەز دکر نە د خوەست تو جارا دلێ وی بهێلێ یان ب توندیی دئەل باخفێ گوتێ : بەکر بەگ من زانیە مرۆڤەك ل دەفەرا هەوە دچێ نێچیرێ بەکر بەگ گوت بەلێ ئەز ئەو ب خوەمە میر گوتێ بەکر بەگ تو ب چ دچێ نیچیرێ گوت میرێ من ئەڤە تفنگا منە ژ دارێ کەزوانێ چێکریە میر باوەر نەکر و گوت باشە ئەزێ نیشانەکێ بو تە دانم هەکە تە شکاند ب ڤێ تفنگێ ژ خوە راستە پشتی میر ئارمانج بو دانا و شکاند گوت بەکر بەك ئەم نکارن هەمو دارێ چیابێ مەتینا بڕن دا کو تو چ تفنگا ژێ چێنەکێ ڤێجا تو چ دکێ تو ب کیڤا خوەیی سەرێ هەیڤا رەمەزانێ بو بەکر بەگ هەر روژ پەزەکا کوڤی د کوشت ل سەر گوندێ خوە ل گوندێ نەرزێ بەلاڤ دکر بو شیڤسا روژیگرا .

ل ڤێ هۆزانێدە وەکی هۆزانا بەیتا تەرگێ سالا چیکرن و دانین و ڤەهونانەدنا هۆزانی دیارە د سالەکێ دە بون .

لێ بەلێ بەکر بەگ بەیتا (چول بەگ) سالا ١٣٢٠ زایینی دە راچاندیە چنکو دبێژێ :

بەکر ب حەد و هژمار
گوڤتە گوت یا دەولەتێ
دو صەد و بیست و هەزار
یێت بورین ژ هجرەتێ
ئەڤ حوکمە بو ب اظهار
تەفصیلە ژ بو نوسخەتێ

ژڤێ دیارە کو ژیانەکە دریژ بوراندیە و هوزانڤانیەکا دریژ کریە هەر وەکی دیارە گرتنکەرە ب زمانێ دەولەتا میرێ بەهدینا «گوڤتە گوت یا دەولەتێ) هەروەکی دیارە سالا چول بەگ ل بەر مبرێ بەهدینا رابوی .

ئەڤ بەیتا سەیرانێ ژی دبێژن ژنێت مالا میر چۆبونە سەیرانێ وی چاخی بەکر بەگ ل ئامێدین بو بارانەکا زورهات ژنێت مالا میر هەموو ئەڕبوون حەیا هاتن مال میر گوتە بەکر بەگ هۆزانەکێ ب ڤێ سەیرانێ ڤەهونە و راچینە بەکر بەگ ئەڤ هۆزان ڤەهونا و راچاند .

مە دانیە ددلی فوەدە کو ئەم هندی هوزانێن بەگر بەگ ب دەست مە گەتن ئەم بەلاڤ کن و هندە ئەفسانێ پێ هاتنە گوتن بکن پیشن گوتن بو وان هۆزانا .

٣ ـ گوتنا تیبار یانی بەرەك د بێژن فلان‌کەس ل بەر بەردکێ د رونێ راوەستایە بان ل بەرِ بەرەکی بەفرێ راوەستایە . چاخێ بەفرێ د مالێ ئەو بلندیا ل بەر مەنگا وی دبێژنێ تیبار .



سەیران

سەیران قەوی خوەش لەزەتە
باغێ گولا ماوەر د ناڤ
بۆ عامیا لەو زەحمەتە
ئەنن جەك و زێر و دراڤ
سەیران ب ئەسبابا د خوەشن
چیمەن ب گول زارا د گەشن
هبنکاتیی د ناڤ دە د مەشن
هێژ گەرم نەبون شەمس و
هبنکاتێ رابون ژ مال
مەجموع ببون چەندی هەڤال
مەحبوب و رندێ چاڤ ب خال
بێم حۆرییێت ناڤ تەنگ زراڤ
بێم حۆرییێن زێرین
کەمەر
کێخمە و ئەتلەس وێ دبەر
تومچە ژ پەردا بێنە دەر
ئەقشێ خودێ رۆنە ل ناڤ
بێم گولێن باغا کورینن
شەربەت و قەهوا د کەلینن

ساقیا ڤێدە د رەشێنن
شیشەئێ مشتی گولاڤ
شبشە و بێهنا دخوەش تێ
لەزەتا سەیران و گەشتێ
فیفی و کامتت بەجشتێ
ژ هەمیا کێم بو پەلاڤ
هندی ئەپراخ و پەلاڤن
تێکدە جۆم و مێرك و ئاڤن
کولیلکێ بستیك زراڤن
چیمەنا کەتی خوناف
جیمەنا تەربون شمك
شاباش و رەقس و بەر چەمك
دەهۆل و زرنا و دۆدك
ل دەنگ ستریێ بو لاڤە لاڤ
دەنگ ستریێ لاوێ دبێژن
چەند دبێژن چەند ڤەگێرن
. . . . . .
دەنگ خوەشێ چیکێ زراڤ
دەنگ خوەشێت یاربی دکەربۆن
کێخمە ژ ئەتلەس د بەر
بۆن
کەسك و سۆر و ئال و زەربۆن
تێ ئەسەر ناکەت هەتاڤ
ئەسەرا گەرمێ و هەتاڤێ
تەریاتیا ئەردێ و خوناڤێ
ژ بەر بهێنا مسکێ و گولاڤێ
ئیك ژ وان نائێتە چاڤ
بابێ سەقەر هەر وێ رابێ
هندی بهنا مسکێ مابێ
عەورەکی نۆ دێ پەیدابێ
هۆر و هۆر بارێت خوناڤ
هۆر و هۆر تێ و دبارێ
تاڤیەك ژ ئەڤێت بهارێ
تەرِ کرن زێر و مراری
وان داکێشان سەر کولاڤ
سەر کولاڤ و سەر حەدی
دەفعا خونافێ کەس نەدی
لازم ژ چارێ وەصفەدی
لازم تەراشح بێنە ناڤ
چار و خێلی بەر ب مال بۆن
. . . . . .
شاباش دان و بەخشیش بەتال
ئەگریافە چەك ئەیسی
وان گرتبۆ خوەش نفیسی
بێ و کاف وەصفەت بهیسی
هێژ کەس نەدیت ب چاڤ
ژ وێرێ هاتن کانیا مالا
کرن دەستێ بەبۆن هلالا
. . . . . .
ژ وێرێ سەرکەتنە سەقایێ
بەر حسابا ئەبجەدێ ع . غ .

عبدالرقیب یوسف

کۆرپەك بۆ گیروگرفتی رێنووسی کوردی

بەدریژایی ئەم سەدەیەی ئێدا : هژین‌و بەلگو لەماوەیەك پێشتریشەوە ، رۆژشنبیرانی کورد خەریکی ئەوە بوون کارێك بکەن تیپە عەرەبی‌یەکان وا لێ‌بکەن بتوانێ دەنگە کوردی‌یەکانیان بەجۆرێکی وا بێ‌دەبڕێ خوێندەواری کورد بتوانێ ئەوەی بەدەمیادێ بیخاتە سەرقاقەز . لەم مەیدانەدا ڕووناکبیرانی کورد، بەهەولی تاکە تاکەو بەکۆمەلیان ، گۆڤار و رۆژنامە کوردی‌یەکان ، کۆڕو کۆمەلە ئەدەبی‌و زانستی‌و رۆشنبیری‌یەکان ئەوەندەیان دەماخ سووتاندووە ئێستا ئێمە بتوانین بلێین رێنووسێکی تا ڕادەیەك باش‌ـ ساناردمان هەیەو تێکرا نووسەری کورد. ئەگەر بی‌یەوێ دەسنووسێکی کۆن ڕاست کاتەوە،کتێبێ دانێ ، وتارێ بنوولانێ پەکی ناکەوێ ئیمە سەری قەدرو رێز لێ‌گرتن بۆ تێکڕای ئەم سەربازە ناسراوو نەناسراوانەی ئڕگای دانانی رێنووسی کوردی دانەنەوێنەپو بادبان لەسەر لاپەڕەی دڵمان بەخاوێنی ڕانەگرین .

بەڵام لەگەڵ ئەوەش هێشتا هەندێ بابەت ماوە کە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە لە ڕەوتی گەشەکردنی رێنووسی کوردی دانەنەوێنین وبادبان لە سەر لابەری دڵمان‌بەخاوینی بەڵام لە گەڵ ئەوەش هێشتا هەندی بابەتی وا هەیە کە چارەسەری بۆ بدوزرێتەوە لە ڕەوتی گەشە کردنی رێنووسی کوردیدا کوردیدا گەلێ بابەتی‌تریش هاوەتە ئاراوە ئەوانیش هەروا بیاوەی دەمو چاوێکی هەبوو ، تێدا نەدەبینرا .

مستەفا فاتمە قژەکەی خۆش دەویست ، بەڵام لە نوستندا یەك خەوی ئەدی (لە ژێر باراندا ڕای دەکرد بێ ئەوەی تۆکێ ئاو تەڕی بکات) مستەفا ـ بە فاتمە دەگوت : من پیاوەو تۆ ئافرەتی ! ئافرەتیش پێویستە لە ژێر فەرمانی پیاودا بێت . ئافرەت بۆ ئەوە دروست بوە کە خزمەت کەری . پیاو بێت . فاتمە پێی دەگوت : د کاتێ من قسە دەکەم تۆ دەبێ زمانت ببریت) فاتمە دەگریا کەجی وەك چۆلەکە یەکی بچوکی دڵخۆش‌و ئارەزو مەند ژێر دەبوەوەو پێ دەکەنی ، لە کاتێکدا هێشتا فرمێسکەکانی دەسڕی ئەویش دەهاتە گوێی فاتمە پێی دەگوت :

خۆشم دەوێی‌و دەمرم ئەگەر بەجێم بهێلی .

بەڵام فاتمە رۆژێك ئەوەی پێی دەگوت کە حەزو نیازی بوو . رۆژێ لە رۆژان مستەفا بەڕویەکی گرژو توڕەوە خۆی کرد بە چایخانەکەی گەڕەکی سەعدی‌ـداو ڕوی کردە براکەی فاتمەو پێی گوت :

پێش ئەوەی وەك عەنتەر ئێرەدا لە ناو پیاواندا دانیشی، برۆ خوشکەکەت لە ماڵەکەم بەرە دەرەوە . مونزیر سالم ـ لە شەرمی پیاوانی دەوروپشتی سەری دانەواندو بەتوندی لێوی خۆی دەکرۆشت . لە پڕ هەستاو چووە دەرەوە ، بەکۆلانەکەی گەڕەکی سەعدی‌دا کەوتە ڕاکردن ، فاتمە کە براکەی بەو شێوە بینی‌و چەقۆیەکی بە دەستەوەیە ، قیژاندی‌و لە ماڵەوە ڕای کردە دەرەوە ، بە سەری ڕوتو قژی پەخش‌و ژاکاوەوە هاواری دەکرد بێن بە دەنگی یەوە ، بەڵام چەقۆکە لەو خێراتر بوو ، بە ملیا گەیشت‌و ژن‌و پیاوانی گەڕەکیش وەك ئەوەی نە جێگەی خۆیان بەستبێتیان ڕەنگیان پەڕیبو وەستابوون بەو جۆرە قژی ڕەش مرد ، بەڵام فاتمە هێشتا بە گەڕەکی سەعدی‌ـدا ڕادەکات ، لە دەرگای ماڵەکان دەدات‌و پەنایان بۆ دەبات دەرگایەکی لێ ناکرێتەوە ، چەقۆکەشی لە خوێنی هەڵکێشراوە .

چیرۆکی : زکریا تامر
ئومێد ئاشنا /کردوویەبە کوردی

خۆری نیوەڕۆ تیشکی سپی خۆی بە سەر گەڕەکی سەعدی‌دا پەخشر مەلای مزگەوتەکەش بەنوێژ گەرانی دەووت :

ـ خوا پیاوو ئافرەت‌و منال‌و باڵندەو پشیلەو ماسی‌و مەوری دروست کردووە .

هەر ئەویشە کە بەندە هەژارەکانی خۆی لە خۆڵ دروست کردوە ، پیاوەکانیش سەری ڕازی بونیان بۆ دەلەقاند ، ڕویان لەو خاکە ئەچوو تنوکێ بارانی بە سەردا نەباریبێ خانووەکانیان لە خۆڵ‌و ئەو رۆژەش کە ئەمرن حێگایان هەر خۆڵە .

کە نوێژی نیوەڕۆ کۆتایی هات پیاوەکان بە ڕوویەکی مەنگ‌و مل کەچی‌یەوە لە مزگەوتەکە هاتنە دەرەوە زۆربەیان بەرەو چایخانەکەی گەڕەکی سەعدی ملیان نا ، لەوێ باس باسی ئەو کاردساتە بوو کە پێش چەند ڕۆژێك ڕووی دابوو .

ـ مونزیر سالم چووبوە بەڵسخانەو دانی بەوەدا نابوو کە خوشکەکەی خۆی سەر بڕیوە ، چونکە لەکەبەکی وەها لە گەڕەکی سەعدی‌دا تەنها خوێن ئەیشواتەوە .

بەو جۆرە ئەو فاتمەیە مرد کە میوەیەك بوو هەموو درەختێك خەوی پێوە ئەدی ، فاتمە ئافرەتێکی جوان بوو ، بەڵام لە هەموو شت جوانتر قژە رەشەکەی بوو . ئەو ئاوە ڕەشەی ئەستێرەیەك تیا ئەدرەوشایەوە، ئەو خێوەتەی پەنای هێمنی هەر پەنا بەرێکی دڵ پڕ ترس بوو . کاتێ فاتمە منداڵ بوو باپیری هەمیشە قژی دائەهێناو کەزیەی پەخش دەکرد لە بەر خۆشیەوە دەگوت : (گەوهەرە گەوهەرە ئەو ڕۆژەی فاتمە بە هەنگاوی تێکەڵ‌و پێکەڵ‌و شێواو چووە ژوری میوان‌و چەند فنجانێك قاوەی بە دەستەوە بوو ، قژی سەرنجی ئافرەتە خوازبێنی کەرەکانی ڕاکێشا. زۆریان بە دڵ بوو . لە پاش چەند هەفتەیەك دەنگ‌و هەراو هەڵپەڵە بەرز بوەوەو فاتمە بوە ژنی ـ مستەفا ـ ئەو

Institut kurde de Paris

شانۆگەری (پاشماوە)

گۆڕی ئیشکردن‌و دڵسۆزیە ، بەڵام « فاضل » وەك هونەرمەندێکی مولتەزیمی بەرەی پێشکەوتنخوازو بیرکردنەوەیەکی گەش‌و ئاسۆڕوون ، وا بزانم خۆی ئەدۆزەیەوە ، ئەمەش ڕوونەو هەڵبژاردنی دەقەکانی شایەتی دەدەن ، ئەگەر فاضل ، ئەو بنەما هونەریانەی کە لە شانۆگەریەکەیدا ڕەخساندبووی ، لە شانۆگەریەکی بە پێزترو جاوەن زەمینەیەکی فیکری شۆڕشگێرانەو نزیك بە واقیعی خۆمانی بخستنایە ئار ، ئەوا مژدەی خۆ فەرزکردنی دەرهێنەرێکی ڕۆشنبیری کارامەی نێو شانۆو شانۆگری کوردی دەدانینێ .

لە گەڵ هەموو ئەوانەشدا ، موعامەلەی « فاضل » لە دەنەکەیدا ، سەلیقەو وورەکاریەکی چاکی تیا دەبینرا ، ئەرکەکانی دەرهێنەری بە چاکی جێ بەجێ کردبوو ، ئەکتەرەکانی ، زۆربەیان (بە گوێرەی توانا و کادیری تیپەکە) لە جێگای خۆیاندا بوون . . دەرهێنەر کە هەر خۆی نەخشەی دیکۆریشی کێشابوو، دیرەکانە ئەو شانۆ بچوکەی بە کار هێنابوو ، لە گەڵ ئەوەشدا لە هەندێك کاتدا ، پارسەنگی هەندێك دیمەن تێك ئەچوو ، ئەمەش جگە لە توانا ئادەمزادیەکە ، پەیوەندی بە دیکۆرو تیشك (الاضاءة)ەوە هەیە ، بۆ نموونە : دەتوانرا لە دیمەنی نێو « بارەگای ئەنجومەنی ماڵتە »دا دیکۆر دەوری زیاتری بدایە ، خۆ گەر وا بووایە ، ئەوا هێزی زیاتر دەدرایە پاڵ هەیبەتی (فێرنیزی فەرمانڕەوای ماڵتە) . . .

دەرهێنەر کارێکی تری ئازایانەی بۆ نواندین ، ئەویش هێنانە سەر شانۆی چەند ئەکتەرێکی لاوو هەرزەکار بوو ، کە هانیان دەدا لە سەر نواندن‌و بەشداری کردنیان لە هونەردا ، لەواتەش هونەرمەندان :

ئازاد بەرزنجی‌و گەشاو علی محمد ، دلاوەر شریف ، ئەریوان عمر ، ڕزگار عمر . . . کاك « فاضل » زیرەکانە ئەکتەرەکانی بە سەر دیمەنەکانیدا دابەش کردبوو ، لە (ڕووی جوڵاندنەوەوە دەڵێم) ، بەڵام با ئەوەش بڵێین کە هونەرمەند (شەماڵ عبدالله ، باراباس) هەندێك کاری چاکی بۆ دەرهێنەر ئاسان‌و مەیسەر کردبوو ، ئەوەش بە هۆی ئەو توانا بەرزەیەوە کە خاوەنێتی . .

نواندن :ـ

شتێکی سروشتی‌یە ، کەم‌و زۆری کاراکتەری شانۆگەری ، پێوانەی لێدوان فەرز دەکات ، لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند نموونەیەکی پێویستی لە ئەکتەرەکانی شانۆگەری‌یەکە هەڵبژێرین‌و بابخەینە ژێر تیشکی چەند سەرنجێکەوە . . .

١ ـ باراباس (هونەرمەندی ئاسراو شەماڵ عبداللە ڕەش) بوو ، ئەم شەخسیەتە بڕیرەی پشتی شانۆگەری‌یەکەیە ، « شەماڵ» زیرەکان مەودای دەورەکەی بۆ خۆی لێك دابووەوە ، جالاکانە دەورەکەی نیشانداو ئوانی بیسەلێنێ کە ئەکتەرێکی بابەبەرزەو لە نێو نواندن‌و شانۆی کوردیماندا خاوەنی شوێنی تایبەتی خۆیەتی ، ڕێز لە توانای دەگرین‌و پیرۆز بێ .

٢ ـ علی نووری (فێرنیزی ـ فەرمانڕەوای ماڵتە) ، کاك عەلی ، لە زووەوە بەهەرەی خۆی بە بینەری شانۆی کوردی ئاشنا کردووە ، یەکێکە لە ئەکتەرە بەهێزەکانی تیپی ئواندن ، بەڵام بەرنجم بوی ئەو «نمطیە» یە کە لە سەری دەرواو شێوە نواندنی لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا نزیکن لە یەکەوە .

(مەرجێکی سەرەکی بۆ ئەکتەریش) خۆ ڕزگار کردن‌و دەرباز بوونە لە یەك شێوەیی نواندنی ، لە دەورێکەوە بۆ یەکێکی تر .

٣ ـ جهاد دڵپاك (کالمیاث ـ کوڕی سوڵتانی تورك) :ـ

« جهاد » یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە لە پێشکەوتندان ، جار لە دوای جار هەست بەو پێشکەوتنەی دەکرێ‌و لە سەرکەوتندایە بەرەو لوتکەی نواندێکی قەشەنگ‌و پاك . لەم دەورەیدا توانی دەروونی ئەو شەخسیەتە نیشانداو « دەنگی » یاریدەدەرێکی جاکی بوو .

٤ ـ مامۆستایان (سەکۆ عزیز و کاوە احمد میرزا ـ دەوری دوو « راهبی » یان بە چاکی‌و بە گوێرەی خزمەت کردنی دیمەنەکانیان موعامەلەی دەنگ‌و جوڵانەوەی خودی خۆیان دەکرد ، لە کاتی نواندنیاندا وام هەست دەکرد، ئەم دوو هونەرمەندە دێرینەی جوڵانەوەی شانۆمان، هەر گەنجن‌و توانای خۆیان لە ئەڵ توانای لاوو تازە تەقیودا یەکخستوەو دڵسۆزانە ئەرکی سەرشانیان دەگەێنن .

٥ ـ گەشاو علی محمد (نیبیجیل ـ کچی باراباس) :ـ

ئەم خوشکە لە گەڵ ئەوەی یەکەمجاری نواندنی‌بووو سەرەتای کاری هونەری‌یەتی زیرەکانە هەڵسوکەوتی لە گەڵ دەورەکەیدا کردوو مزگێنی هاتنە کۆڕی ئافرەتی بە سەلیقەو چالاکی دایە خەڵکی، خۆزگەی بەردەوام بوونی بۆ دەخوازین‌و سەرکەوتووو یێ .

٦ ـ ماهر علی محمد (دون ماسیاس) ی پیاوی سەلارو سەنگین بوو ، « ماهر » لاویکی حاوەن حەزو ئاواتە ، جار لە دوای جار باشتر بەرامبەر بینەرانی دەوەستێتەوەو ئەم دەورەشی هیلاك بوونێکی باشی تیادا دەبینرایەوە . ئەوە نەبێ ، دیمەن شیر بازیەکەی لە گەڵ کوڕی فەرمانڕەوادا ساکارو بێ هێزبوو و ئەو دیمەنە یاری دەویست .

٧ ـ عمر دڵپاك (ئاساموری ئۆیلە) : ـ توانی خۆی لەو (نمطیة) تە ڕزگار بکاو سەلماندی کە حەقیقەتی هۆشیاری‌و ئەکتەری بە سەلیقەی لە گەڵدایە ، «عمر» بە هۆی لەشی شڵ‌و سووکیەوەو دەنگی لە بارو دەربڕینی دەمو چاوی‌یەوە ، توانی گیان بکات بە بەری ئاساموری کۆیلەدا و سەرکەوتنێکی چاکی بەدەست هێنا .

(ئەتەرەکانی تریش ، بە گوێرەی توانای خۆیان ، کەم تا زۆر ، چمکێکیان لە قەرارەی بەرهەمەکەیان گرنبوو ، هەوڵی ڕازاندنەوەی ئشەکەیانیان دابوو) . . .

(مەبەستی ڕوناکی‌یە ، بەڵام ڕووناکی مانای ئەوەیە تەنێك خۆی‌و دەوری خۆی ڕوناك بکاتەوە ، بەڵام «تیشك» واتای ئاراستەکردن دەبەخشێ‌و لامان ماقوولترە)، هونەرمەند صلاح بالابەرز تیشکی گەیاندبووە شانۆگەری‌یەکە ، بە گوێرەی توانا و باری دەرامەت‌و هۆڵەکەو واقیعی شانۆو کەرەستەکانی ، سەرکەوتوو بوو .

ئاراشت :

مامۆستا «بوزهان مصرف» ئەرکی ئارایشت کردنی گرتبووە ئەستۆ ، زیرەکانەو سەرکەوتوویی کۆمەڵێك ئەتەرو شەخسیەتی ڕەوانەی سەرشانۆ کرد ، خۆزگە سەری « باراباس »ی جورلەکەی زیاتر سپی دەکرد.

لەکۆتایی‌دا :ـ

خۆزگە دەخوازم کە حەرمانەی ئەم تیپە هەر گەشەدار بێ‌و لە هەڵبژاردنی دەقەکانیاندا ڕۆشن تر بێ بۆچوونیان ، یەکخستنی ئەو توانا پاك‌و چالاکانەی لێی درایە لە گەڵ دەقو بیرکردنەوەی پێشکەو ـ تنخوازانەدا دەبێتە هۆی بینینەوەی ئەو شانۆگەری‌یەی کە شانۆی کورد چاو لە ڕێ‌یەتی ، ڕێزو خۆشەویستیمان بۆ گشتی کارگێرانی ئەم بەرهەمەو بەرەو سەرکەوتنی ترو هیوای ئێمەش لەم نووسینە ڕەخنەگرتنێکی دروست کەرو هەست کردن بوو بە مەسئولیەتی گشتی‌دا بەرامبەر بە شانۆی ڕەسەنی کوردیمان .

گۆڕی بەرێوەبەری (پاشماوە)

میهرەجانەکە پیشان‌بدرێت‌و ڕەنگە فلیمی تایبەتیش لەسەر میهرەجانەکە بۆ دەرەوە تۆماربکرێ .

هەندێ لە برا هونەرمەندەکان پێشنیاری ئەوەیان کرد کە بلاوکراوەیەکی تایبەتی سەبارەت بە ڕوداوەکانی میهرەجانەکە بلاوبکرێتەوە بۆ هەواڵەکان‌و چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەندانی بەشداربو لە میهرەجانەکەو بەرێزی ئەم خاڵەی بڕیار لەسەرداو دوای ئەوە ناواتی ئەوەی خواست کە میهرەجانەکە سەرکەوتنی بەدی‌بێنێ‌و بڕیاردرا کە گۆبونەوەی داهاتو سەرلە ئێوارەی ٦ـ٢ـ١٩٨٠ لە دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی سلێمانی بۆ لێکۆڵینەوە لە باری کاروبارەکانی میهرەجانەکەو خۆئامادەکردنی زیاتر بۆ بەستنی . وأەوەی شایانی باسە بەرێز بەرێوەبەری گشتی گۆبونەوەیەکی فراوانی بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ ئەندامانی یەکیەتی نووسەرانی کورد لقی هەولێردا بەستوە .

زانست (پاشماوە)

ئەگا . هەر وەك زانایان دەڵین ئەبێ جیاوازی ئەمان لە گەڵ درانەی تردا دیاری بکرێ وەك هەندێك جار هەردوکیان وشەی تایبەتی بە کاردێنن‌و فسەی پێ دەکەن بەڵام دوای (٣) ساڵ وازی لێ دینن .

قسەکانیان لەوە دەکات کە کۆیت لەدەنگێکی بەخیرایی تومار کراو بێ‌و لێی تێنەگەی بەڵام هەندێ جار یەك وشەی لێ دەبێ کە زانایان لێی تێدەگەن . ئەوەی لەم دیاردەیەدا گرنگەو شایانی باس کردنە ئەوەیە زانایانی زمانەوانی‌و نەخۆشی و بەررەردە لە ڕێگای تاقی‌کردنەوەی بەردەوام لە سەر ئەم دوانەیە بگەنە هەندێ نهێنی شاراوەی زانستی زمانەوانی‌و پەیوەندیان بە کاروباری مێشك‌و دیراسەی ژیانگەوە .

گۆرستان (پاشماوە)

بەرێزەکانمانە . پێویستە ئەوان خەمیان بخۆن . شوورەکان پێویستە دەرواەزی گەورەیان هەبێ بەڵام لەشێوەیەکی ناوازەو نایابدا . هەریەکە زووریکیشیان هەبێ بۆ پاسەوانی گۆرستانەکە . هەریەکە هۆڵێك یاخود هەیوانێکی گەورەیشیان تێدا دروست بکرێ بۆ ئەمەی لە کاتی مردوو ناشتندا ئەوانەی دێنە گۆرستانەکە تیایاندا بوەستن‌و، خۆیان لەگەرماو سەرماو بەفرو باران بپارێزن . هەروەها پێویستە ئاوو کارەبایشیان بۆ ببرێت . تابە ئاوەکە دارو درەخست و گۆڵەکان ئاو بدرێن . بە کارەباکەیش گۆرستانەکان ، بە شەو ، ڕۆشن بکرێنەوە ، بۆ پاسەوانەکان ، تا تاوانکاران نەیینە ناویان ، کەتنیان تێدا بکەن .

فرمانی سەرشانی خاوەن مردووەکان :

هەرچی خاوەن مردووەکانیش پێویستە لە شێوەیەکی ڕێك‌وپێك‌و جوان‌و دوروستدا گۆڕەکان هەڵبەستن . تا لە دوا ڕۆژدا گۆڕەکان هەڵنەوەشێن و لەناو نەچن .

دەبی لەسەرکێلی گۆڕەکانیش لە شێوەیەکی جواندا ناوی مردووەکان‌و ڕاژە کشتی‌یەکانیان بە ڕۆژی لەدایکبوون‌و مردنیانەوە تۆماربکەن ، بە زمانی کوردی، تا ئەتەوەکەمان بالەوانانی خۆی لەبیرنەچێتەوە . بام هەر خاوەن مردووەك لە سەرووی گۆڕی مردووەگە یەوە چڵە گوڵێك یاخود دارێك بڕوێنێ ، تا گیانی مردووەکەی پێی شاد بێ‌و گۆرستانەکەیشی پێ‌ڕازیتەوەو ، بۆنی خۆش بێ .

ئەنکی ڕێکخستن و ڕازاندنەوەی گۆرستانەکان :

ئەمەیش پێویستە بڵێین : زۆربەی گۆرستانەکان ، لەم چەند ساڵەی دوایی‌یەدا کەونوونەتە ناوجەرگی شارە گەورەکانمانەوە . لەبەرئەوە پاراستنیان‌و ڕێك خستن‌و ڕازاندنەوەیان بەوشێوەیەی لەسەرەوە پیشانمان‌دا ، هەر بە تەنیا چاوئەندازی شارەکانمان جوان ناکەن ، لەڕووی تەندوروستی و کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری‌و رزنگ‌کاری‌یشەوە کەڵکمان پێ‌دەبەخشن . بێجگەلەوە گۆرستانەکان بەسەر چاوەیەکی مێژوویی‌یشدا دادەنرێن . چونکە لەناویاندا گەلێك شاهکاری هونەری و پێشەسازیی و وێژەیی بەهۆی گۆڕو کێلەکانەوە ، دەست خوێندەواران دەکەون. هەروەها جێ‌ماوەی باووباپیریشمان دەپارێزن .

جا لەبەرئەوە هیوادارین : چ کار بەدەستانی کوردستان‌و چ نەتەوەی نەژادی کورد ، لەم ڕووەوە ، پێکەوە ، ئەوپەڕی تێکۆشین و خەبات پیسان بدەن . چونکە ئەم ئاواتە ئاواتی هەموو ڕۆشنبیرێکی کوردستانە .

پێشنیازێك بۆ کاربەدەستانی کوردستان :

ئێمە لەو باوەڕەداین کە کاربەدەستانی کوردستان ، چەندیان لەدەست بێت درێغی‌ناکەن لە ڕاژە پێشکەش کردن بە نیشتمانەکەی خۆیان ئەمەیش بەوەدا دیارە کەلە سەر خواستی ئەوان : (٨٥٫٠٠٠) دینار دانراوە بۆ دوروست کردنی شوورە بۆ گۆرستانەکانی شاری (هەولێر) : بێجگەلەوە تازەیش لە شاری هەولێردا دوو گۆرستانی گەورەی دەست بە دوروست‌کردنیان کراوە و ، لە ئامادە بووندان ، خەریکن تەواو دەبن .

هەروەها (١٢٠٫٠٠٠) دنیاریش دانراوە بۆ دوروست کردنی شوورە بۆ گۆرستانەکانی شاری سولەیمانی وڕێك خستنیان .

لەراستی‌دا ئەم خەباتانە حێگای دڵخۆشی‌یە‌و سوپاسی هەموو لایەکمانن هەڵدەگرن پەسەند بکرێن .

بەڵام ئەوەندە هەیە نابێ بەوەندە وازبهێنین. پێشنیازی هەمووشمان لەم ڕووەوە ئەوەیە : ئەم خەم‌خۆریی‌و خەباتە بەرەبەرە گۆرستانەکانی شارەکانی تری کوردستانیش بگرێتەوە ، بەگشتی‌یەوەو پچروکیانەوە . هەروەها گوندە گەورەکانیشمان بگرێتەوە . واتا بۆ هەموو گۆرستانەکانی ئەوشوێنانەی کوردستان پارەی تەواو دابنێین ، تا گۆرستانەکانمان کە خۆشەویستان‌و پیاوان و ژنانی هەڵکەوتووی نیشتمانەکەمانی تێدا نێژراوە ، لە شێوەیەکی ڕازاوەو بەسەندا دابمەرزێن‌و ، کەڵك‌و چاکە ببەخشن‌و ، بە جوانی‌یشەوە پێش چاوی هەموان بکەون .

بەرنامەی کاری (پاشماوە)

تبەکانی لاوانی پارێزگاکانی نارچەی ئۆتۆنۆمی لە ٢٣ی مارتدا لە شاری سلیمانی‌و ڤیستیڤالێکی ڕۆشنبیری لە تەزای هەڵەبجە لە ناوەراستی مانگی تەمووزدا و بەشداربوون لە میهرەجانی شانۆگەریی مەڵبەندەکانی لاوان کە لە سەرەتای مانگی ئابدا لە سلێمانی سازدەکرێ‌و پێشانگای هونەرە تەشکیلی‌یەکان‌و پێشانگایەکی ئاروباری درومان‌و جل‌دورین کە لە سەرەتای تشرینی دورەی ئایندەدا لە شاری دهۆك ڕێك‌دەخرێن‌و بەشداربوون لە ئوردووگای شەمیشە لاوان کە لە سەرەتای ئابدا لە پارێزگای هەولێر ڕێك دەخرێ .

هەروەها چەند دەورەیەکی زانستی ئالەکتریك‌و فەلەك‌و کیمیاو فیزیاو وێنەی فۆتۆگرافی‌و گەشتی زانستی‌یانەو سەردانی مەیدانی‌یانە بۆ دامەزراوە زانستی‌و پەیمانگاو کۆلیجەکان لە دەرەوەو ناو پارێزگاکەدا ساردەکرێ‌و هەفتەیەکی زانستی ڕێك‌دەخرێ ، چەند پسپۆرێکی زانکۆی سلیمانی‌و بەریوەبەرێتی گشتی پەروەردە دەربارەی بابەتی جیاواز چەند وتارێکی تێدا دەخوێننەوە . هەروەها لە مەیدانێکی گشتی شاری سلیمانیدا خۆپێشاندانێکی زانستی‌یانە ڕێك‌دەخرێ‌و جۆری جیا جیای فرۆکەی چارۆکەدارو کۆنترۆڵی تێدا نیشان دەدرێ .

لە بەرنامەکەدا ئەوە بڕیار دراوە کە لەو ئۆردووگا هەربمایەتی‌و نەتەوەیی‌و ئۆردووگازانستی‌یەی کرتی ئوردووگازانستی‌یەی کەرتی ناوچەی ژووردا بەشداری بکرێت کە ئەمسال لە بارێزگای تەئمیم ڕێك‌دەخرێ. جگە لە بەشداربوون لە چەندین چالاکی وەرزشی‌یانە .

سەرۆکی فەرمانده

بەجۆرێك کە خزمەتی نەتەوەکەمان‌و سەربەخۆیی‌و ڕاپەڕینەکەی بکات شارەزایی‌و توانامان هەبێ‌و . . .

ئەخشەی عیراق لەم مەیدانەدا لە سەر ئەوبنەرەتە بەند نەبوو کە عیراق ئیستاکە ئەتۆمی بۆ چەند مەبەستێکی غەیری ئاشتی هەبێ .

سەرۆکی بەرێز وتی : ئێمە هاتنی چەکی ئەتۆم بۆ ناوچەکە بەکارێکی ئەوپەڕی زیان بەخش‌و ترسناك دادەنێین‌و هەڵوێستمان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەمیشە لە گەڵ ئەوە بووە کە ڕێگا نەدرێ بۆ مەبەستی سوپایی ئەتۆم لە جیهاندا بەکار بهێنرێ‌و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیش ئەمەی لە دابمالرێ .

(پاشماوە)

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین ڕوونی کردەوە کە ئەنجومەنی نیشتیمانی لە وڵاتدا درێژەو بەردەوامی‌ی ئەو پەرەسەندنەیە کە پێش وەختە دەستی پێ‌کردوو حاڵەتی لە دایك بوونە لە حاڵەتێکی بەردەوام‌دا بەڵام بە ڕێ‌وشوێن‌و چوارچێوەی نوێ‌و لە ئەنجومەنی نیشتمانی‌و دەرەوەیدا ڕێگای هەموو بیرورایەکی جیا ئەدرێ بەرەمەرجەی کە شۆرش ئەو خێوەتە بێ کەسێبە رو سایەی هەمووان بێ لە بۆ چوون‌و هەنگاوو بیرورا ناوەندی‌یەکانی‌دا .

تۆمەتێ هونەرو (پاشماوە)

هەوڵێ ئەوەداین کە ڕادەی زانستی‌و زانیاری هونەرمەندان بەرز بکەینەوە و زیاتر شارەزای هەموو لایەنەکانی هونەری کوردی بین .

● دوای ئەوە هونەرمەندی لاو کاك عبدالکریم محمد جوان بەرێوەبەری هونەریی کۆمەڵ دەربارەی پلانی داهاتویان ئەبواری هونەری نواندندا وتی :ـ

× کۆمەڵەکەمان هەر لەسەرەتای دامەزراندینەوە تائەمڕۆ لەبواری هونەریدا کەم تەرخەمی نەکردووە و نایشی‌کات‌و منیش لێرەدا گرنگترین چالاکی‌و پلانی داهاتومان لەبواری هونەری نواندندا باس ئەکەم کەهیوادارم بتوانین وەکو پێویست جێ‌بە جێیان بکەین‌و جێگای ڕەزامەندی خەڵاوەرین .

● وابەتەماین کە بەگوێرەی ڕەخت چیرۆکی (زریان) کە کاك عیزەت احمد ئامادەی کردووەو چیرۆکی (ملوانکە) کە کاك فائق عمر ئامادەی کردووە بۆ تەلەفزیۆن تۆمار بکەین و هەردووکیان باسی باری ژیانی کۆمەڵایەتی و چارەسەری دەردی ئەمڕۆی کۆمەڵمان ئەکەن . هەروەها لەخۆ ئامادە کردنداین بۆپێش‌کەش کردنی شانۆگەری (گەڕانەوەیەکی کتوپڕ) کە مارتی ئۆبۆشیو نووسیوویەتی‌و کاك دڵشاد محمد امین ئامادەی کردووە و هونەرمەند جەنیل زەنگەنە دەری هێناوە. ئەشتوانم بڵێم ئەم چەشنە شانۆگەری‌یە بۆیەکەمجارە کەپێشکەش بەجەماوەری کورد ئەکرێت . وا بەتەماین لەم بەیانەداو لەنێوان پلانماندا شانۆگەری (ماکبشا) ی شکسپیر پێشکەش بکەین‌و ئەوەندەی پێمان ئەکرێ‌و زیاتریش هەوڵ ئەدەین بۆ پێش خستنی باری‌هونەری کوردی لە هەموو ڕوویەکەوە.

● کاك احمد محمد ئابلاخی سەرۆکی بەشی‌وێژە لەکۆمەڵداوتی :ـ

× لەباری ئەدەب‌و خزمەت کردنی باری وێژەی هونەریدا کتێبێکمان بەدەستەوەیە کە لەسەر ئەرکی کۆمەڵ چاپی ئەکەین‌و بەم نزیکانە تەواو ئەبێت ، ناونیشانەکەی (هەندێ مەسەلەی شانۆیی) یە‌و بایەخی‌داوە بەهەموو لایەنەکانی شانۆو هەشت نووسەر بە هەشت باسی جیاجیا هاویەنەشیان یتاکردووە و ئەگەر پەیمانگای هونەرە جوانەکان لەکوردستاندا کرایەوە ئەوا ئەم کتێبەی ئێمە سەرچاوەیەکی کوردی باشە بۆ قوتابیان‌و ئەمەش یەکەم بەرهەمە لەم شێوەدا چاپ ئەکرێت‌و ئومێدیشمان وابە بەردەوام زنجیرەی تر وەکو ئەم کتێبە چاپ بکەین .

● **لەبەشی مۆسیقاو گۆرانیدا جاومان کەوت بە هونەرمەند کاك فەرهاد محمد قادر سەرۆکی ئەوبەشەو** ئەویش دەربارەی بەشەکەی خۆیان وتی :ـ

× ئەوەی ڕاستی بێت هەتا ئێستا چاوەڕوانی وەڵامی دەزگای گشتی ئستگەو تەلەفزیۆنن بۆ تۆمارکردنی شەش گۆرانی خۆمالێ‌و دوای ئەوەش ئەکەوینە خۆئامادەکردن بۆ سازکردن‌و ڕاهێنانی شەش گۆرانی‌تر کە بەتەماین ئەم دوانزە گۆرانی‌یە بەرەنگاو ڕەنگ تۆماربکەین دوای ئەوە ئەزمان وایە لەبەشی گۆرانی‌و مۆسیقای میللماندا ٦ گۆرانی لەتەفزیۆنی کرکوك تۆمار بکەین . ئامادە شین هاوبەشی هەمور ئاهەنگەکان بکەین کە لەسلیمانی‌و شوێنەکانی ترشدا تیپە هونەریەکان سازیان ئەکەن .

● ئیمەش لەکۆتایدا ئاواتە خوازین ئەم ساڵی تەمەنی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی پڕبێت لەجالاکی‌و هەوڵدان بۆ پێش خستنی هونەرو وێژەی کوردی ڕەسەن‌و بێگەیاندنی هونەرمەندانی لاوو گەنج بۆ گەیاندنی باری هونەری کوردی بۆ ئاستی هونەری وڵات‌و نەتەوە پێش کەوتوەکان‌و هەمدیسان پەروز بێ داگیرسانی مۆمی تازەی تەمەنی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی ـ مەڵبەندی گشتی‌و سەرکەوتوبن هەموو ئەندامانی کار گێری ئەو کۆمەڵە .

غاندی (پاشماوە)

لە کۆتایی هەفتەی ڕابوردوودا کە ستۆتە هندستان وەنەلایەکی ترەوە سەرۆکی ئەفغانستان بابراك کارمل ئەوەی ڕاگەیاندووە کە حکومەتەکەی هەوڵی ئەوە دەدات کە پەیوەندی خۆی لەگەڵ پاکستاندا لە ڕێگای دبلوماستی‌یەتەوە چاك بکات . کارمل لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامە نووسیدا کە تەلەفزیونی ئەفغانستان بلاوی کردۆتەوە وتوویەتی : لەگەڵ ئەوەدا کە پاکستان بەبنکەی هیرش بردنە سەر ئەفغانستان دادەنرێت بەڵام کابل هەوڵدەدات کە ئەو ناکۆکی‌یەی لە نێوانیاندایە لە ڕێگای دبلوماسی‌یەتەوە چارەسەری کەن .

بریجینسکی (پاشماوە)

کردووە کە ئەو سەردانە دەکەوێتە چۆارچێوەی ئەو باڵخە گەورەیەوە کە حکومەتی ئەمەریکا لەو ناوچانەدا بەبەرژەوەندیە ستراتیژیکانی خۆی دەدات .

ئەو سەرچاوانە هەروەها وتوریانە کە وارن کریستۆفر وەکیلی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەگەڵ ئەو وەفدەدا بۆ ئەو ناوچانە دەچێت‌و لە بێشەوە لەگەڵ ضیاء الحق‌ی سەرۆکی پاکستاندا کۆ دەبێتەوەو دوایی بەسەرەو سعودیە دەکەوێتە ڕێ بۆ ئەوەی لەوی گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستاندا بکات . ئەو سەرچاوانە ئەوەشیان دەستنیشان کردووە کە دوای ئەرگەشتە وەفدەکە دەیکات بریجنسکی هەڵوێستی پاکستان‌و ناوچەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نلوەڕاست بەڕاپورتێك هەڵدەسەنگێنێت .

دوازەمین (پاشماوە)

محمود ئەدامی سەکردایەتی حەربی سوشیالیستی وتارێکی خوێندەوە تێیدا باسی ئەو زروفانەی کرد کە کۆنگرەکە لەبواری سیاسیی‌و ئەتەوەیی‌و جیهانی‌دا تێیدا دەگیرێ‌و داوای کرد کە ڕاسپاردەو بڕیارەکانی کۆنگرەکە لەگەڵ پێویستی‌یەکانی ئەم زروفەدا بەرامبەر بن لە چواچێوەی ڕێ‌وماییەکانی حزبی فەرماندەو پێداویستی‌یەکانی تەبایی کاری پەووەردەیی لەگەڵ ئەم ڕێ‌نوماییانەدا .

ئنجا کاك فؤاد کریم ئەقیبی مامۆستایانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌و کاك علی جلال سەرۆکی لقی نیفابە لەپارێزگای هەولێر سەرو وتاریان خوێندەوە تێیدا بایەخیان بەو دەسکەوتانەدا کە شورش بەجەماوەری گەلی بەدی هێناون .

پیشبرکێی (پاشماوە)

گوێی : ـ « ئەوەتام لە بە ردەمتا » کەروێشك سەیری دەکرد ، ژیشك لە بەردەمیا ئوت دەبووەوە .

ئەو دەمەی گەیشتنە سەر خەتی کۆتایی . ژیشك پێش کەروێشك کەوت‌و ، لە گەڵیشیا هەراو هوریای گاماداران بە تواناو ئازابەتی ژیشك بەرز بووەوە .

ئەمە چۆن بوو ؟ .

بە ڕاستی ئەمە لە ئەنجامی (هاریکاری) یەوە هاتە دی .

ژیشك‌و براکانی لە سەر ئەوە پێك هاتبوون کە ڕۆژی پێشبڕکێ‌یەکە لە سەر هێلەکان دابەشیان بن . کەروێشکەکە بە وەی نەزانیبوو ، کە ژیشکەکان بەك نین ، چونکە ژیشك هەموو لە یەك دەچن ! . کەواتە زیرەکی‌ی شەی‌ی سەیر بە ئاکام دێنێ .

Insituti kurde de Paris

هەرچارەی نووسینەکان

عبدالوهاب تاڵەبانی

ئاشکرایە وەرگێران ، بەکێکە لە دیاردەکانی ئەمڕۆی ژیانی ڕۆشنبیریی کوردیمانو ، لە هەموو ژمارەیەکی گۆڤار یان ڕۆژنامەیەکی کوردیدا چەندین بابەتی وەرگێڕدراو دەخوێنینەوە ، بێگومان چەند وەرگێران لە زمانە بێگانەکانەوە زۆرتر بێو دەقە وەرگێڕدراوەکان سوودبەخش و سەرکەوتوو بن ئەوەندە ئاسۆی بیری ڕۆشنبیرو خوێندەوارمان فراوانترو گەشەدارتر دەبێتو ، شارەزای تاقی‌کردنەوەکانی خەڵکی‌تر دەبێو ، زمانەکەشمان زیاتر ئاشنای زاراوەی نوێی هەندەران دەبێو ، جێ پێی خۆی لە شەقامی ڕۆشنبیری جیهانیدا دەکاتەوە .

ئینجا ئەم دیاردە چاکەی ژیانی ڕۆشنبیریمان وەکو هەموو شتێکی تازە ، لە هەندێ کەمو کووڕی ڕزگاری نابێو ماوەیەکی پێویستە بۆ ئەوەی ڕەوتێکی دامەزێنراو بۆ خۆی بگرێتەبەر ، بۆیە ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بیخەمە ڕوو هەندێ ئاری سەرنجی تایبەتین دەربارەی لایەنێکی وەرگێران بۆ زمانی کوردی ، یان وەرگێران لە کوردیەوە بۆ زمانێکی‌تر ، وا بزانم شایانی ئەوەن باس بکرێنو بەخرێنە پشت گوێ .

بێگومان هەموو بە پەرۆشەوەین کە دەقی ئەدەبی کوردیمان بەردەوام وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکانی ... و ، ئەدەبمان بە گەلانی تر بناسێنین ، بۆ ئەم مەبەستە ... چەندین کۆڕو پێکگەیشتنی ئەدەبی بەستراوە ، بەڵام تا ئێستا ئەو هەوڵە گەورەیە نەدراوە کە هەندێ دەقی شایستەی نایابی ئەدەبیمان وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکانی تر ، هەر چەند خوا نەبێرێ کۆمەڵی زمانزانی باشیشمان هەیە ، لە گەڵ ئەوەشدا کەمو زۆر جاروبار هەندێ دەقی چیرۆکو شیعرو بابەتی فولکلوریمان وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی و بڵاو دەکرێتەوە... بەڵام ئەوەی سەیرە ، زۆرجار دەبینین - وەکو نموونە - شیعرێکی کوردی شاعیرێکی ناسراومان کراوەتە عەرەبی و لە ژێر ناونیشانی شیعرە کەوە نووسراوە (شعری.. فلان) کەچی نەنووسراوە کە ئەم شیعرە لە کوردیەوە وەرگێڕدراوە یان نا !

یان هەندێ جار ، دەبینین ، وەرگێرێك دێتو دەقێك لە زمانێکی بێگانەوەو دەگێڕێتە سەر زمانی کوردی،بەڵام ناوی نووسەرەکە ، واتە خاوەن دەقەکە، بە پلەی دووهەم دە هێنێ ، یان لە کاتی بڵاوکردنەوەی دەقەکەدا ناوی خاوەن دەقەکە لە لای‌خواری دەقەکەوە بە خەتێکی ورد دەنووسرێ ، کەچی ناوی وەرگێر لە سەرووی دەقەکەوە بە خەتێکی درشت دیاری دەکرێ!

یان جاری وا هەیە وەرگێرێك دێتو دەقێکی ئینگلیزی یان ڕووسی یان فارسی لە عەرەبی‌یەوە دەکاتە کوردی ، بەڵام کە بڵاوی دەکاتەوە دەس‌نیشانی سەرچاوەو وەرگێڕە عەرەبی‌یەکە ناکاو بۆ نموونە دەنووسی (چیرۆکی .... نووسینی چیخوف . وەرگێڕی .. فلان) بێگومان خۆ ئەگەر یەکسەر لە زمانە ئەسڵیەکەوە وەریگێڕابێ دەتوانێ بنووسێ ، کە لە زمانە ئەسڵیەکەوە وەریگێراوە ، هیچ شوورەییش نی‌یە ئەگەر لە عەرەبی‌یەوە وەریگێڕابێ ، بنووسێ کە لەو زمانەوە وەریگێراوەو زۆر لە جێی خۆشیایەتی ناوی وەرگێڕە عەرەبەکەش لە گەڵ ناوی خاوەن دەقەکەو ناوی خۆیدا بنووسێ .

لەو بڕوایەدام کە ئاگادار بوونی ئەو چەند سەرنجە ، تەواوکەری باشی‌یو ئەمانەتی وەرگێڕانن ، لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە لە وانەیە ، وەرگێڕ، هەندێ جار گوناهی نەبێو لە کاتی دارشتنی لابەڕەکاندا لە چاپخانە لە لایەن کارکەرانی ڕۆژنامە یان گۆڤارەکانەوە ئەو هەڵانە بکرێن ، ئاگادار بوونی ئەم سەرنجانە، بە ڕای من، بۆ ڕێکەوتنو لێکۆڵینەوەیانو ناسینی سەرچاوەو خاوەنە ڕاستەقینەکانیان نرخ‌وبەهایەکی گەورەتر دەداتە دەقی وەرگێڕدراو .

وێنە بە ڕادیۆ

نووسینی :
سمیرە محمد علی
وێنە ((غازی)

بەشی وێنەی بە ڕ ... ـۆبەشێکە لە بەشەکانی ئاژانسی دەنگوباسی عیراق ، لە ... ـەساتی ١٩٦٨ دامەزراوە چگە لە ناردنی وێنە ... ی‌ڕووداوەکانی جیهان لە زۆر عیراقو وەرگرتنی وێنە ... ی‌ڕووداوەکانی جیهان لە زۆر لابەنی تریشدا چالاکی خز دەنوێنێ ئەوەبوو لە ساتی ١٩٧٩دا بۆ یەکەم جار ئە ... ەشە پیشانگایەکی بە سەرپەرشتی بەڕێز طارق ... ز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش جێگری، ... ۆك وەزیران کردەوە .

● زۆرجار خوێنەر ... شخستنی تەقەللا دەکا، ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە ، چەند پرسیارێکمان لەم وێنەیەك دەبینیو لە بارەیەوە لێ کرد ، ئەویش لە ژێریەوە نووسراوە (الصورة ڕوونکردنەوەی ئەرکەکانی ئەم بالراديو) ئاخو ئەم وێنەیە بەشەدا وتی :
چ دەگەیەنێ و چۆن دروست دەکرێ .

بۆ ئەوەی شارەزای ئەودبین ئەم بەشە چۆنەو ئەرکەکانی چین سەرنجمان لە ئاژانسی دەنگوباسدا **وچاومان بە سەرۆکی بەشی وێنەی بە رادیو خاتوو (نتول محمد) کەوت کە بیست ساڵە لە ئاژانسەکە خزمەت دەکاو هەشت ساڵە لەم بەشە بەردەوام بۆ**

● دەزگای وێنە بە ... رادیۆ کە) ی پێدەڵێن ، دەزگایەکی ئەلەکترۆنی‌یەو بەقەوارە . بچووکە .. ئەم دەزگایە گورزە ڕووناکی‌ی (الحزم الضوئیه) بەشەکانی وێنەکە لە ڕێگەی ڕێستگەی ئەرزی‌و مانگی دەستکردەوە وەردەگرێ و تەرجەمەی وێنەکەشی لە ژێریەوە نووسراوەو لە دەزگایەوە وێنەکان بە جیهان دەئەیەنن .

( ) پێدەگوترێ ، وێنەکە دەخرێنە سەر ڕۆلێکی تایبەتی کە لە ناو دەزگاکەدایە دوای ئەوە بە هەمان ئەو فۆناغانەدا تێ دەپەڕێ کە دەزگای وەرگرتنی وێنەکە پێدا تێ دەپەڕێ ، هەندێ چار وێنەکە لێل دەبێ و بەباشی بەو لایەنە ناگات کە داوای کردووە ناچار دەبین جارێکی‌تر دووبارەی بکەینەوە .

ناردن)) وکارکردنی‌یەوە ، ناردن » وکارکردنی‌یەوە ، لیزەش هەروەك وەرگرتنی وێنە دەزگایەکی ئەلەکترونی - بچووك هەیە کە هەمان

وێنەی ڕۆژنامە گەریانە چ جیاوازی‌یەکی لە گەڵ وێنەی فوتوگرافیدا هەیە .؟

- ئەم جۆرە وێنانە لە مەیدانی ڕۆژنامە نووسیندا دەرێکی زۆر گرنگو بە سوود دەگێڕن چونکە جەماوەرێکی زۆر ، ڕاستەوخۆ دەیانبینو دەیان‌خوێننەوەو لە ڕێگەی ئەم جۆرە وێنانەوە ئاگایان لە ڕووداوە گرنگەکانی جیهان دەبێ .

ولاتانی عەرەبی زۆر کەمە- بۆ نموونە کە داوامان لێ دەکەن وێنەی ڕووداوەکانی کۆنگرەی باڵایان بۆ بنێرین کە لە عیراق بەسترا یان سەردانە مەیدانی‌یەکانی سەرۆکی بەڕێز صدام حسین بۆ پارێزگاکانی ولات و جالاکی‌یەکانی لەم بوارەدا . بەخێرایی لە ڕێگای ئەم

سەر فلیمێکی زۆر هەستیار دەخرێتە ناو دەزگاکەوە بۆ ئەوەی لە چاپ بدرێ ، لە دوایدا فیلمەکە دەشۆرێتەوەو بە سەر ڕۆژنامە ناوخۆیی‌یەکاندا بڵاو دەکرێتەوە .

هەرچی ئێشارەیەکمان بۆ بێت لەو لایەنەی وێنەکانمان بۆ دەنێرن دەزانین بۆ ئێمەیە ئەویش بە پێی کاتی دیارکراوو شەپۆلی تایبەتی کە ٨ی بەیانی ، ١٠ی بەیانی ، ٤ی ئێوارەو ٨ی شەوە ، تێکڕایی ژمارەی وەرگرتنی وێنەکان لە ڕۆژێکدا نزیکەی ٤ - ٦ - وێنەنو هەموو ڕووداوە گرنگەکانی جیهانمان لە ڕێگەی لەندەنەوە کە مەرکەزی (پەیوەندی)یە پێ دەگا .

-لە بارەی بەشی ((وێنەناردن))

ئەم دەزگایە زیاتر لە گەڵ ولاتانی دەرەوە بە کار ... ێ بەڵام لە گەڵ

چۆن بەوێنە.. هەواڵەکانی جیهان دەگەیدەنی ؟

ئەم دووانەیە .. زمانی تایبەتیان هەیە !

لەم جیهانە گەورەیە داسەرنجڕاکێش زۆرن بە ڕادەیەکی وا هەندێکیان جێی‌بڕوانین ، یەکێك لە وانە ئەوەیە دوانەیەك بە ناوی‌گرایسی‌و فرجینیاوەو هەردوکیان کچن بە هۆی ئەوزمانە تایبەتیەوە کە قسەی پێ دەکەن دادەترین بە بەناوبانگترین دوانە ، شارەزاکان لە پێشا وایان‌دەزانی ئەم دوو منداڵە مێشکیان تەواو نیە ! بەڵام‌دوای هەندیك تاقی‌کردنەوەی تایبەتی‌و تۆمار کردنی دەنگیان‌و گوێ لێ‌گرتنیان بۆیان دەرکەوت‌ئەم منداڵانە زۆر زیرەکن چونکە توانیویانە زمانێکی‌تایبەتی بۆ خۆیان دروست بکەن‌و هەموشتێك ناوی تایبەتی خۆی لێ‌بنێن کە جگە لەخۆیان کەسی‌تر لێی تێ ناگەن .

سەرچاوە .

بڕوانە ل : ٧

زانست

چالاکی ڕۆشنبیری

لە
وەرزی ڕۆشنبیریی
کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی
لقی - هەولێر

لیژنەی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێر ، لەم‌مارەیەداو لە بەرنامەی ڕۆشنبیری‌و چالاکی‌ی‌هونەریدا ، ئەم چالاکییانە دەنێرێ :

- لە ١٤-٢-١٩٨٠میهرەجانێکی شیعر خوێندنەوە بۆ شاعیرە لاوەکانی‌شاری هەولێر سازدەکاو لە سەعات ٣٠ر٤ی ئێوارەی‌ئەو ڕۆژەدا لە هۆڵی ئیبنی مستەوفی دەبێو لاوان : نزارخەیلانی‌و دڵپاك طاهرو قباد بەهرەوەرو عبدالله خۆشناورزگار شەبانی‌و ئازاد رزگار شێتمانی‌و ئازاداحمدو محمد باڵەك شیعری تیدا دەخوێننەوە .

- لە ٥-٧-١٩٨٠پێشانگایەکی تایبەتی هونەرمەند قاسم لە قوتابخانەی کەیوەبیە دەکرێتەوە .

- ١٠-١٢-٢ - ١٩٨٠کردنەوەی پێشانگای هونەری بۆ تابلۆکانی هونەرمەند دلڤین حسن لە هۆڵی قوتابخانەی ئەیوبیە .

لە دەرەوەی سنوور

● هاڕێی ئاژەڵی‌درندە ! ●

● هەندێ جار ، کەسێك‌بە تەنیا نینۆکی پلنگ ببینێ دەترسێ ، خۆ بە رازە کێوی‌کە داستانە کۆنەکان بۆمان دەگێڕنەوە (ئودۆنیس)ی‌جوانی کوشتو (عشتروت)ی لە لاویەتی بێبە شی کرد ، لەدرولاوە نەگریسە ، هەم پیسەو هەم درندەیە ، کەچی‌ئەو کابرایەی لە وێنەکەدا دەبینرێو تەمەنی (٣٨)ساڵە توانیویەتی پلنگو بەرازە کێوی بکاتە هاوڕێی‌ڕۆژانەی‌و زۆر بە هێمنی هەموو ڕۆژێ بە سەرشەقامەکانی لەندەندا پیاسەیان لە گەڵ دەکا !

سینەما :
فلیمێکی نوێی فیللینی

دەرهێنەری ناسراوی سینەمایی ئیتالیا فیللینی ، ئەکتەری شۆخ کاریین فیرلیبیەی تەمەن ٢٣ ساڵەی هەڵبژاردوە بۆ دەوری پاڵەوانی فلیمە نوێیەکەی بە ناونیشانی « شاری ئافرەتان » .

محمد سبتی — مۆید عمر — احمد نوری
هەوار عدنان — بێخال ابراهیم — عمر علی
فێنك جبار — حەمە شوان — ناسك عزیز

جیهانی منداڵان

شعر بۆ منداڵان
سەردار فتاح امین
سلیمانی
مامۆستای نەمر

منداڵێکی وریا بووم
ڕۆژدێری مامۆستا بووم
خۆشی دەویستم بە دڵ
ئەپاراستم وەکو گوڵ
فێری کردم ، دڵسۆز بم
عەشقی گری نەوروز بم
ڕەوشتو خووم وەك ئەو بێ
تریفەی مانگە شەو بێ
بۆیە ئیستا کە ژیرم
پاکو بێگەردە بیرم
سوپاس بۆ تۆ مامۆستا
وای لە ناو بیرو هەستا
ڕێزت وا لە سەر سەرم
ڕێگەی پیرۆزت دەگرم

منداڵ گوڵی گەشاوەی زمانە

● بەرهەمی هاوڕێیانی گۆشە

● هاوڕێی گۆشەی جیهانی منداڵان « فاتح سلام » لە قوتابخانەی شەهیدانی سەرەتایی کچان لە کفری ئەم پارچە شیعرەی بۆ ناردووین :

ئێمە منداڵی کوردین
ئازاو بە دەستو بردین
ژیکەڵەو پاك نیازین
ڕووخۆش‌و ئاشتی‌خوازین
دڵسۆزی نیشتمانین
دەست لە دەستا وەك براین
بۆ ڕێی تاریك وەك چراین
پشت لە بێگانە ئەکەین
هەرگیز نۆکەری ناکەین

چیرۆك بۆمنداڵان

پێشبرکێ کەرویشك‌و زیشك

محمد رشید فتاح
لە عەرەبی‌یەوە کردوویە بەکوردی

وا دەگێڕنەوە ، جارێك کەرویشك بە ژیشکی وت :- تۆی سست‌و بچووك .. ناتوانی لە من خێراتر بی .

ژیشك نە وەڵامدا پێی وت :- بێ قەزایی . . تۆ نازانی ، دەوەرە باگرەو بکەین .

کەرویشك ناچار کاتی‌ی پێشبرکێی دانا ، کە دوای کاتژمێرێکی تر دەست پێبکەن .

بەڵام ژیشك وتی :- **نەخێر .. با دوای خەین بۆ سبەینێ .. چونکە من دەمەوێ بۆ بینینی ئەم پێشبرکێیە هەموو گیانداران بانگ یکەم .**

ژیشك براکانی خۆی لە مە ئاگادار کرد ، لە گەڵیشیا گەلێ گیانداری تریشی وەکو پشیلە ، مەڕو گا ، لە مە تیگە ... د .

بەیانی لە گەڵ وەرینی سەگدا ، پێشبرکێ دەستی‌پێکرد . کەرویشك‌و ژیشکەکە بۆی دەرچوون . لە کاتی ڕاکردنا . . کەرویشکەکە هاواری لە ژیشکەکە کرد :- ڕاوەستە.. ئیستە پیشانت دەدەم .

ژیشکەکەش هاواری دەدەرد :- ئەوە نیە .. وام لە پشت چاوتا .

- بڕواناکەم .. چۆن ئەمە وا ئەبێ ؟.

بەم جۆرە کەرویشکەکە هاواری لێ‌هەستابوو .

لە مە سەیرتر ئەوە بوو ، هەر دەمێ کەوا کەرویشك هاواری دەکرد :- **ژیشك بۆم ڕاوەستە .. ئیستە خۆت دەبینی‌یەو . . ئەوە تۆ لە کوێی ؟ .**

دەنگی‌ی ژیشك لە نزیکی‌یەوە دەکەوتە بەر

بڕوانە ل : ٧

بۆزانخاوی مێشك

منداڵە ئازیزەکان :

وشەیەك هەیە لە نێوپیت پێك هاتووە ، ناوی شوێنێکە ، سەرەتای‌پاشەڕۆژی بەختەوەریت لە وێوە دەست پێدەکا ، ئەگەربتەوێ لە پیتەکانی ئەم وشەیە، وشەی تر دروست بکەی ،ئەم وشانە دروست دەبن :

١ + ٢ + ٢ + ٩ + ٣ = بێو توانای مرۆڤە .
٥ + ٤ + ٨ = هەمووشەوێ لە ژێریا دەخەوین .
٥ + ٧ + ٦ = لەدەرو لە ماڵ ، جێی بشوودانە ..

ئەوەی ژیرە ، تۆزێ خۆی‌ماندووبکا ، دەزانێ چی‌یە ، جا کە زانیت ... بۆمان‌بنووسەو ... چاوەڕێین ..

Institut kurde de Paris

بیرنکی ڕاگوزاری

قسەیەکو ....
بروسکەیەك ..!

١

● کاری ڕۆژانەو ڕابەڕاندنی ئەو کارانەی پەیوەندیان بە ژیان ، یان خواستی لە خۆت زیاترەوە هەیە ، کە دوور دەبی لە دیاردەی « خۆپەرستی » ، چالاکانەتر بۆ ڕابەڕاندنیان دێیتە دەست ، ئەو کلتانە ، دڵسۆزی، لە ڕابەڕاندنی کاردا ، هاندەری ئەوەیە، ڕێزی کات بگرێ،بەلای تۆوە ، « کات » لە حاڵی وادا ، ڕێزگیراوەو بەلای تەمەڵو خۆپەرستەوە ، «کات» .. چرنووکە !

٢

● ئەو بێ دەنگیەی ، لە چاوەکانتا هەستی پێدەکەم ، ئەو حەزە بەهێزەیە ، دەمێکە ئارەزووی دەکەم ، ئەو حەزەش ، خەمخۆری دڵسۆزی هەموو وشەیەکە بۆنی تۆیان لێدێ ، خۆشم ئەوێن، بێدەنگی‌و .. حەزی بەهێزو ، وشەکان تیشك دەبەخشنە خەمی پەمەیی ڕەنگی شەوان‌و ڕۆژانی ژیانم‌و خۆشم ئەوێن ..

بەهرە